# ڕەهەندە ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزەی چین لە ئاسیای ناوەڕاست:شیکردنەوەیەک لە ڕوانگەی تیۆری نیولیبرالیزم

**د. ئارام احمد وسو**

**بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا وخوێندنی ئیسلامی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان – عێراق:**

aram.ahmad@uor.edu.krd

پوختە:

چین، لە دوای وەرچەرخانە ئابوورییەکانی ساڵی ١٩٧٨، ستراتیژییەتی خۆی بەرەو کرانەوەیەکی نیولیبراڵ ئاراستەکرد، لەم سۆنگەیەوە، ساڵی ١٩٩٣ بوو بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ لە هاوکێشە ستراتیژییەکانی پەکیندا، چونکە چین لە دۆخی خۆژێنیی وزەوە گۆڕا بۆ وڵاتێکی پاشکۆ و هاوردەکاری نەوت و گاز، ئەمەش وایکرد ئاسایشی وزە ببێتە مەرجی سەرەکی گەشەپێدان و مانەوەی سیستەمی سیاسی. گرنگیی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لە نێوان پیادەکردنی پرەنسیپە نیولیبراڵییەکانی بازاڕ و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، تێیدا چین ئامانجیەتی لە ڕێگەی هاریکاریی ئابووری و وەبەرهێنانەوە ئاسایشی دابینکردنی وزە لە ناوچەیەکی ستراتیژیی وەک ئاسیای ناوەڕاست مسۆگەر بکات. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە: **چۆن چین لە ڕێگەی تیۆری (نیولیبرالیزم) وە، ڕەهەندە ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزەی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستدا مسۆگەر دەکات؟**، توێژینەوەکە لەسەر ئەو گریمانەیە کار دەکرێت کە چین لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە ژێرخان و پێدانی قەرزی درێژخایەن، "وابەستەیی ناهاوسەنگ" لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە دروست دەکات، تاوەکو ئاسیای ناوەڕاست بکاتە "ناوچەیەکی وشکانیی پارێزراو" بۆ دابینکردنی وزە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، توێژەر میتۆدی ئابووریی سیاسی (Political economy approach)"شیکردنەوەی کاریگەریی گەشەی ئابووری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان و لێکۆڵینەوەی دۆخ (Case Study)بۆ پێنج وڵاتەکەی ناوچەکە پەیڕەو کردووە، بە پشتبەستن بە داتا و ئامارە فەرمییەکانی (ITC Trade Map) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ بۆ ٢٠٢٤، لەپاڵ ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی ئاژانسی وزە (IEA) و بەڵگەنامە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی چین. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە چین بە سەرکەوتوویی توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕی هێڵە بۆرییەکانی(A, B, C, D) ، پێگەی خۆی وەک ئەکتەرێکی دیار لە ئاسیای ناوەڕاست جێگیر بکات. داتاکانی ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ نیشانەی بازدانێکی مێژوویین لە هەژمونی ئابووریی چین، کە نەک هەر ئاسایشی وزەی پەکینی مسۆگەر کردووە، بەڵکو بووەتە هۆی پاشەکشەی قەڵەمڕەوی مێژوویی ڕووسیا لە ناوچەکەدا. لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئاسیای ناوەڕاست بۆ چین تەنها سەرچاوەی سووتەمەنی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی و مسۆگەرکەری جێبەجێبوونی دیدگای ٢٠٣٥ە بۆ بوون بە زلهێزی یەکەم لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

کلیلە وشە: ئاسایشی وزە، نیولیبرالیزم، ئاسیای ناوەراست، هێڵە بۆرییەکانی گواستنەوە، کۆماری میللی چین

## الأبعاد الاستراتيجية لأمن الطاقة الصيني في آسيا الوسطى: تحليل من منظور نظرية النيوليبرالية

د. ئارام احمد وسو

قسم القانون، كلية القانون والدراسات الإسلامية، جامعة رابرين، إقليم كردستان– العراق:

aram.ahmad@uor.edu.krd

**مستخلص:**

اتجهت الصين، في أعقاب التحولات الاقتصادية التي شهدتها بعد عام ١٩٧٨، نحو تبني إستراتيجية قائمة على الانفتاح النيوليبرالي. وفي هذا السياق، مثّل عام ١٩٩٣ منعطفاً تاريخياً حاسماً في المعادلات الإستراتيجية لبكين؛ حيث تحولت الصين من الاكتفاء الذاتي من الطاقة إلى دولة تعتمد على استيراد النفط والغاز. هذا التحول جعل من "أمن

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

الطاقة" ركيزة أساسية لضمان التنمية واستدامة النظام السياسي. تسلط هذه الدراسة الضوء على العلاقة المعقدة بين تطبيق مبادئ السوق النيوليبرالية والمصالح العليا للأمن القومي، حيث تسعى الصين عبر التعاون الاقتصادي والاستثمار إلى ضمان إمدادات الطاقة من منطقة إستراتيجية كآسيا الوسطى. تتمحور الإشكالية الرئيسة للبحث حول السؤال التالي: كيف تستخدم الصين أدوات "النيوليبرالية" لتعزيز أبعاد الإستراتيجية لأمن الطاقة في آسيا الوسطى؟ وتتبنى الدراسة فرضية مفادها أن الصين، من خلال الاستثمار في البنية التحتية وتقديم القروض طويلة الأجل، تخلق حالة من "التبعية غير المتكافئة" مع دول المنطقة، لتحويل آسيا الوسطى إلى "منطقة برية آمنة" لإمداداتها. ولتحقيق أهداف الدراسة، اعتمد الباحث منهج "الاقتصاد السياسي" لتحليل أثر النمو الاقتصادي على القرارات السياسية، ومنهج "دراسة الحالة" لدول المنطقة الخمس، بالاستناد إلى بيانات خرائط التجارة الدولية (ITC Trade Map) للفترة (١٩٩٣-٢٠٢٤)، والتقارير الدولية لوكالة الطاقة(IEA) ، والوثائق الإستراتيجية الصينية. أظهرت النتائج أن الصين نجحت، عبر شبكة أنابيب(A, B, C, D) ، في ترسيخ مكانتها كفاعل مهيمن في آسيا الوسطى. كما تشير بيانات عامي ٢٠٢٣ و٢٠٢٤ إلى طفرة تاريخية في النفوذ الاقتصادي الصيني، مما أدى ليس فقط إلى تأمين احتياجات بكين، بل وإلى تراجع النفوذ الروسي التاريخي في المنطقة. وتخلص الدراسة إلى أن آسيا الوسطى لا تمثل مجرد مصدر للوقود بالنسبة للصين، بل هي بعد حيوي للأمن القومي وضمانة لتحقيق "رؤية ٢٠٣٥" في الصعود كقوة عظمى أولى في النظام الدولي.

**الكلمات المفتاحية :**أمن الطاقة، النيوليبرالية، آسيا الوسطى، أنابيب نقل الطاقة، جمهورية الصين الشعبية.

## The Strategic Dimensions of China’s Energy Security in Central Asia: A Neoliberal Theoretical Analysis

**Dr. Aram Ahmad Wso**

**Law Department, College of Law and Islamic Studies, University of Raparin, Kurdistan Region-Iraq:**

**aram.ahmad@uor.edu.krd**

**Abstract:**

Following the economic transitions post-1978, China reoriented its strategic trajectory toward neoliberal openness. In this context, 1993 marked a pivotal historical watershed in Beijing's strategic calculus, as China transitioned from energy self-sufficiency to becoming a net importer of oil and gas. Consequently, energy security emerged as a fundamental prerequisite for national development and the preservation of the political system. This research highlights the intricate nexus between the implementation of neoliberal market principles and the supreme interests of national security, whereby China aims to secure its energy supply from the strategically vital region of Central Asia through economic cooperation and investment. The central research question is: How does China leverage "Neoliberalism" to consolidate its strategic dimensions of energy security in Central Asia? The study operates on the hypothesis that China, by investing in infrastructure and providing long-term loans, fosters a state of "asymmetric interdependence" with regional states, effectively transforming Central Asia into a "secured land corridor" for energy logistics. To achieve these objectives, the researcher employs a "Political Economy" approach to analyze the impact of economic growth on political decision-making,

alongside a "Case Study" method focusing on the five Central Asian republics. The analysis is substantiated by official data from the ITC Trade Map (1993-2024), International Energy Agency (IEA) reports, and Chinese state strategic documents.The findings demonstrate that China has successfully entrenched its position as a dominant actor in Central Asia through the (A, B, C, D) pipeline networks. Data from 2023 and 2024 indicate a historic surge in Chinese economic hegemony, which has not only fortified Beijing's energy security but also precipitated a retreat of Russia's historical influence in the region. Ultimately, the study concludes that Central Asia is not merely a fuel source for China, but a vital dimension of national security and a guarantor for the realization of the "2035 Vision" to attain global primacy within the international system.

**Keywords:** Energy Security, Neoliberalism, Central Asia, Transit Pipelines, China.

پێشەکی:

کۆماری میللی چین، میراتگری ئیمپراتۆریەتێکی هەزار ساڵەیە، کە ساڵی ١٩٤٩ لە ئەنجامی دارمانی کۆماری چین لەلایەن (ماوتسی تۆنگ)ەوە دامەزرێنرا. هەرچەندە ئەم کۆمارە نوێیە نزیکەی سی ساڵ لەلایەن دامەزرێنەرەکەیەوە بە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی بەڕێوەدەبرا، بەڵام ئەم سیاسەتە توندە ئایدیۆلۆژییە نەبووە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی دەوڵەت لە هەوڵەکانیدا بۆ گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکەی. بەپێچەوانەوە، گوشاری ئایدیۆلۆژیی توندو سیاسەتە چەوتە ئابوورییەکانی ماوتسی تۆنگ بۆ دابڕانی چین لە جیهان، ڕێگر بوو لە بەرەوپێشچوونی ئابووریی کۆمارە نوێیەکە. بەڵام کاتێك (دێنگ شیاوپینگ)ی سەرکردەی چاکسازیخواز و داهێنەر، لەساڵی ١٩٧٨دا سەرۆکایەتی کۆماری گەلی چینی گرتەدەست و جێگەی ماوتسی تۆنگی گرتەوە، لە یەکەم کاریدا سیاسەتی (ئابووری نیولیبراڵ)ی بەئامانجی گەشەسەندنی ئابووری وڵاتەکەی پیادەکرد کە ئەویش بریتیبوو لە (بەهێزکردنی میکانیزمی بازاڕ، پێویستی مانەوەو بەردەوامیی دەوڵەت لە پاشخانی چالاکییە ئابوورییەکاندا، کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوە و هاتنە ناوەوەی سەرمایەی بیانی بۆ ناو وڵاتەکە). هەروەها (هەرزانی لە هێزی کار، کەمی تێچوونی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی دروشمی "دروستکراوی چین" هۆکارگەلێکی گرنگبوون بۆ سەرکەوتنی پلانە ئابوورییەکانی چین لەو سەردەمە نوێیەدا.

لەلایەکی دیکەوە، دێنگ شیاوپینگ لە ستراتیژی پلانە ئابوورییەکاندا سێ قۆناغی گرنگی کردبووە بنچینە کارەکانی، ئەوانیش بریتیبوون لە (دروستکردنی ئابوورییەکی بەهێزی چینی، سەرکردایەتییەکی ئابووریی ناوچەیی لە ئاسیا، بەرەو پێشبردنی ئەم دوو قۆناغە چین بکاتە زلهێزێکی جیهانی). سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە پێمان دەڵێن: چین بە گەیشتن بە ئاماری گەشەسەندنە ئابوورییەکان لەگەڵ چاکسازییە نیولیبراڵییەکانی دێنگ شیاوپینگ، وەبەرهێنانی بیانی بۆ وڵاتەکەی ڕاکێشاوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە چین خاوەن یەدەگی دراوی بیانی گەورەیە. هەرچەندە بەهۆی سیاسەتە ڕیفۆرمخوازە نیولیبراڵییەکانی دێنگەوە بەرهەمهێنانی چینی لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کرد، بەڵام هێشتا چین نەیتوانی ئەو وزەیەی کە دابینی دەکات بیگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی تایبەت بەخۆی، ئەمەش چینی کرد بە وڵاتێکی وابەستە بە وزە. ئەم وابەستەییەش وایکردووە کە چین پێداچوونەوە بە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیدا بکات و لە بازاڕی نێودەوڵەتی وزەدا ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێت.

کۆمارە نوێیەکەی چین (بەرهەمهێنان)ی وەک بنەمای گەشەی ئابووری خۆی داناوە. مەرجی بەرهەمهێنانی بەردەوامیش پەیوەستە بە دابینکردنی وزەی سەلامەت و بێ پچڕان بۆ وڵات. لەگەڵ ئەمانەشدا، کۆمارە نوێیەکە گەشەسەندنی ئابووری، زیادبوونی خۆشگوزەرانی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی وەک کۆمەڵێك توخمی بنەڕەتی دەبینێت کە بەردەوامیی ڕژێمەکە مسۆگەر دەکەن. ئەم ئایدۆلۆژیایەش هانی چینی داوە کە ڕوو لە سەرچاوەکانی وزەی جیهان

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

بکات. لەم نێوەندەدا چین بەجێبەجێکردنی پڕۆژەی بەرفراوانی وەک (دەستپێشخەری ڕێگای پشتێن )، هەژموون و کاریگەریی وزەی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست، زیاد دەکات.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی هیچ بابەتێک لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکار لە پشتێتی کە توێژەر قەناعەت پێ دەکەن بە گرنگی و پێویستیی خوێندنی بابەتەکە بە شێوەیەکی قوڵ. هۆکارە پاڵنەرەکان دابەش دەبن بەسەر هۆکاری بابەتی و هۆکاری خودی.

**أ- هۆکارە بابەتییەکان:**

- **بایەخی ئاسایشی وزە :**وەک چەمکێکی نوێ و فاکتەرێکی دیاریکەر لە دارشتنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان.
- **هەڵکشانی چین :(The Rise of China)** پێویستی تێگەیشتن لە پێگەی ستراتیژیی چین وەک هێزێکی جیهانیی کاریگەر لە داهاتوودا.
- **پەرەپێدانی توێژینەوە ئاسیاییەکان :**گرنگی لێکۆڵینەوە لە کیشوەری ئاسیا وەک ناوەندی گەشەی ئابووری و کێبڕکێی سیاسیی جیهانی.

**ب- هۆکارە خودییەکان:**

- ئەم توێژینەوەیە درێژەپێدەری ڕەوتی ئەکادیمی و خولیای کەسیمە بۆ قووڵبوونەوە لە سیاسەتی دەرەوە و ئەزموونی سەرکەوتووی گەشەسەندنی وڵاتی چین. هاوکات، ئامانجم دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە سەرچاوەی زانستی لە بواری ئاسایشی وزەدا، تاوەکو پشتبەستن بە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان کەم بکرێتەوە.

**گرنگیی بابەتی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکدا دەردەکەوێت:

- **لەڕووی زانستییەوە:** ئەم توێژینەوەیە دەرفەتێک دەبێت بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی نیولیبراڵی کۆماری میللی چین لە حەوزەی وزەدا، و لێکۆڵینەوە لە ئامرازە دیپلۆماسی و ئابوورییەکان کە چین بەکاریدەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە ستراتیژییەکانی لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە یارمەتی ئەدەبیاتی کوردیی تایبەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدات لە حەوزەی جیۆئابووری و جیۆپۆلەتیکیدا.
- **لەڕووی کارپێکردن و پراکتیکییەوە:** ئەم توێژینەوەیە یارمەتی بڕیاربەدەستان و دروستکەرانی سیاسەت لە هەرێمی کوردستان دەدات لە تێگەیشتنی باشتر لە دینامیکییەتی بازاڕی وزە لە ئاسیای ناوەڕاست و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چیندا. هەروەها، شیکردنەوەی ستراتیژییەکانی چین و دەرس وەرگرتن لە مۆدێلی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست.
- **لەڕووی ستراتیژییەوە:** ئەم توێژینەوەیە ڕووناکی دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و شێوازی نوێی ڕکابەری نێوان هێزە گەورەکان لە حەوزەی وزەدا. لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ئەم دینامیکیانە یارمەتیدەرە بۆ پێشبینیکردنی ئاراستەکانی داهاتووی سیاسەتی جیهانیی وزە.

**کێشەی بابەتی توێژینەوە:** کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە شێوازی پیادەکردنی سیاسەتە نیولیبراڵییەکانی کۆماری میللی چین لە بواری ئاسایشی وزە و ڕەنگدانەوەی ئەم ئاراستەیە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا بەرجەستە دەبێت. جەوهەری کێشەکە لەوەدایە کە ئەدەبیاتی سیاسی تا ئێستا زیاتر تیشکی خستووەتە سەر ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان و کەمتر ئاوڕی لە ئاوێتەبوونی ڕەهەندە ئابووری و بازرگانییەکان داوەتەوە لە

چوارچێوەی نیولیبڕالیزمی چینیدا. لێرەوە، توێژینەوەکە کار لەسەر ئەو بۆشاییە مەعریفییە دەکات کە تێیدا چۆن کۆماری میللی چین پرۆژەکانی ژێرخانی وزە و هاریکاری دوولایەنە لە ئاسیای ناوەڕاست وەک ئامرازێک بۆ گەرەنتیکردنی وزە بەکاردەهێنێت. هاوکات، کێشەکە قووڵتر دەبێتەوە کاتێک ڕۆڵی سەرەکیی کۆمپانیا نیشتمانییەکان و کاریگەریی وەبەرهێنان لە ژێرخانی وزە نەک تەنها وەک پێویستییەکی ئابوری، بەڵکو وەک فاکتەرێک بۆ داڕشتنەوەی هاوسەنگیی هێز لەناوچەکە کاردەکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە، **پرسیارێکی سەرەکی** دەخەینە ڕوو: " **چۆن چین لە ڕێگەی تیۆری (نیولیبڕالیزم) وە، ڕەهەندە ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزەی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستدا مسۆگەر دەکات ؟**"بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکی دەخەینە ڕوو:

- چۆن تیۆریی نیولیبڕالیزم چوارچێوەیەکی تیۆری دابین دەکات بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتەکانی چین لە بواری ئاسایشی وزەدا؟
- تێڕوانینی کۆماری میللی چین بۆ چەمکی ئاسایشی وزە و چۆن لە تێڕوانینی وڵاتانی دیکە جیادەکەوێتەوە؟
- ڕۆڵی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی چین و دامەزراوە حکومییەکان لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەدا چییە؟
- چۆن هێڵەکانی بۆری و پرۆژەکانی ژێرخانی ڕۆڵی دەگێڕن لە پەیوەستکردنی چین بە ئاسیای ناوەڕاستەوە؟

**گریمانەی بابەتی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانە بنەڕەتییە کار دەکات کە" :**کۆماری میللی چین مۆدێلێکی نیولیبڕاڵی فرەڕەهەند بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزە لە ئاسیای ناوەڕاست پەیڕەو دەکات ."** بەچۆرێک ئەم مۆدێلە لە ڕێگەی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکان، وەبەرهێنانی بەرفراوان و پرۆژەکانی ژێرخانی "ڕێگای پشتێن" بەرجەستە دەبێت.

- تیۆری نیولیبڕالیزم بەراورد بە تیۆرەکانی تر چوارچێوەیەکی قوڵترو شیاوترە بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری چین لە ڕێگەی میکانیزمەکانی بازاڕ و هاوکاریی دوولایەنە.
- چین چەمکی ئاسایشی وزە بە مانا فراوانەکەی (دابینکردنی بەردەوام، هەمەجۆرکردن و پاراستنی ڕێڕەوەکان) پیادە دەکات.
- کۆمپانیا نیشتمانییەکانی چین و پرۆژەکانی ژێرخان (بەتایبەت هێڵە بۆرییەکان)، ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتن بۆ گەرەنتییکردنی وزە.

**ئامانجەکانی بابەتی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدی بهێنێت:

- **شیکردنەوەی** ستراتیژییەتی وزەی چین لە ڕوانگەی چەمکەکانی تیۆری نیولیبڕالیزم
- **ڕوونکردنەوەی** پێناسە و ڕەهەندە تایبەتەکانی چین بۆ چەمکی ئاسایشی وزە.
- دیاریکردنی گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەکە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی چین.
- ناساندنی ئەرکی دامەزراوە حکومییەکان و کۆمپانیا نیشتمانییەکان لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکاندا.
- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هێڵە بۆرییەکان و پرۆژە ترانزێتییەکان لە پەیوەستکردنی سەرچاوەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە بازاڕی چینەوە.

**چوارچێوەی (سنوور) بابەتی توێژینەوە:** چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکدا سنووردار کراوە:

- **سنووری کاتی:** ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٤) دەگرێتەوە. ساڵی ١٩٩٣ وەک وەرچەرخانێکی ستراتیژی هەڵبژێردراوە، چونکە تێیدا چین لە دۆخی "خۆژێنی" دەرچوو و کەوتە ناو بازنەی "پاشکۆیەتی وزە"، ئەمەش ڕەهەندی وزەی کردە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە حیساباتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

- **سنووری جوگرافی:** تەرکیزی سەرەکی لەسەر پێنج کۆمارەکەی ئاسیای ناوەڕاستە (کازاخستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، قرغیزستان و تاجیکستان)، لەگەڵ ئاماژەدان بە وڵاتانی دراوسێ (ڕووسیا، تورکیا و ئێران) تەنها لە کاتی پێویستدا بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هاوکێشەکان.
- **سنووری بابەتی:** لێکۆڵینەوەکە تەنها لەسەر حەوزەی وزە (نەوت و گازی سروشتی) چڕ بووەتەوە وەک کەرتی سەرەکیی پیادەکردنی سیاسەتە نیولیبرالییەکانی چین. بوارەکانی تری وەک ژێرخان و گواستنەوە تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندییان بە ئاسایشی وزەوە باس دەکرێن.

**توێژینەوەکانی پێشووتر**: بابەتی ئاسایشی وزە و سیاسەتی دەرەوەی چین لە ماوەیەی ڕابردوودا بووەتە جێگەی سەرنجی زۆر توێژەر و شارەزا لە جیهاندا. لەم بەشەدا کورتەیەک لە گرنگترین توێژینەوەکانی پێشوو پێشکەش دەکرێت:

- لە ئاستی نێودەوڵەتی، توێژەرانی زۆر کاریان لەسەر ئاسایشی وزەی چین کردووە. داڤید هارڤی ( David Harvey) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: *A Brief History of Neoliberalism*, 2005 باسی چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی نیولیبرالیی کردووە لە وڵاتانی جیاوازدا، لەوانەش چین. هەروەها ڕۆبێرت کۆهین( Robert Keohane) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی *After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy*, 1984 باسی گرنگیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و هاریکاریی کردووە لە چوارچێوەی نیولیبرالیزمدا، کە چوارچێوەیەکی تیۆریی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین.
- لە سەرئاستی هەرێمی، توێژەرانی تورکی و عەرەبی کاری گرنگیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، گیزیم شەکەر ( Gizem Şeker) لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının, 2022 لەڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە بەوردی باسی ستراتیژییەکانی وزەی چینی لە ئاسیای ناوەڕاست کردووە. هەروەها گۆرکێم ئۆزکان (Görkem Özkan) لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi, 2020 جەختی لەسەرپەیوەندییە ئابوورییەکان و وەبەرهێنانەکانی چین کردووەتەوە. لەلایەکی ترلە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، لەزهەر ناسی لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی 'الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث ١١ سبتمبر، ٢٠٠٩ باسی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆڵی هێزە سەرەکییەکان لەوانەش چین کردۆتەوە. هەروەها، عبد القادر دندن لە توێژینەوەیەکدا بەنانیشانی "الإستراتيجية الصينية لأمن الطاقة وتأثيرها على الاستقرار في محيطها الإقليمي: آسيا الوسطى – جنوب آسيا - شرق وجنوب شرق آسيا، ٢٠١٤ ستراتیژی ئاسایشی وزەی چینی لە ڕوانگەی تیۆری ریالیزمەوە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی شیکردۆتەوە.

سەرەڕای ئەو توێژینەوانەی کە لە ناو توێژەرانی ئەوروپی و تورکی و عەرەبی لەسەر ئەم بابەتە کراون، هێشتا چەند بۆشاییەک هەیە کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پڕیان بکاتەوە: وەک (کەمیی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی چوارچێوەی نیولیبرالیزمەوە. زۆربەی توێژینەوەکان پشتیان بەستووە بە ڕەهەندە جیۆپۆلەتیکی و ئەمنییەکان، بەڵام کەمتریان لە ڕێگەی تیۆریی ئابووری سیاسییەوە شیکردنەوەیان کردووە. پێویستیی لێکۆڵینەوەی نوێ لەسەر داتا و ئاماری تازە، زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر داتاکانی پێش ساڵی ٢٠٢٠ بنیادنراون و پێویستە بە داتای نوێتر نوێ بکرێنەوە، نەبوونی توێژینەوەی گشتگیر بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە. ئەم توێژینەوەیە یەکەمین هەوڵە بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەکی زانستی بە زمانی کوردی کە بتوانێت یارمەتی خوێنەر و توێژەری کورد بدات.

**میتۆدی بابەتی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەند میتۆدێکی شیکاری دەبەستێت، لە سەرووی هەموویانەوە " بەکارهێنانی "میتۆدی ئابووریی سیاسی (Political economy approach) "بۆ خوێندنی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ لەنێوان

ئابووری و سیاسەت. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی چۆنێتیی کاریگەریی گەشەی ئابووری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان. هەروەها میتۆدی "توێژینەوەی دۆخ (Case study) "بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی دۆخی هەرێمێکی ئاسیایی وەک ئاسیای ناوەڕاست کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی . میتۆدەکان لەسەر کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە سەرچاوە فرەلایەنەکان و دواتر شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی سیستماتیک بنیاد دەنرێت. لەم نێوەندەشدا سەرچاوەکانی داتا لە توێژینەوەکە بریتین لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی چین (وەک پلانەکانی پێنج ساڵەی گەشەپێدان، بەڵگەنامەکانی ستراتیژیی وزە، ڕاپۆرتە فەرمییەکانی وەزارەتی وزە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان)، ڕێککەوتنە دوولایەنە و فرەلایەنەکانی نێوان چین و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، و ئامارە فەرمییەکانی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی چین. لەلایەکی تر، کتێب، گۆڤار، توێژینەوە ئەکادیمی، ڕاپۆرتەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (وەک ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، بانکی جیهانی، بریتش پێترۆلیۆم) بەکارهێنراون.

**بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوە:** وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئەم توێژینەوەیەش ڕووبەڕووی چەند بەربەست بووەتەوە وەک **ئاڵۆزی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری،** بەهۆی بڵاونەکردنەوەی وردەکاریی تەواوی هەندێک ڕێککەوتنی ستراتیژی و نهێنی لەلایەن حکومەتەکانەوە. هەروەها **گۆڕانی خێرای دۆخەکان،** سروشتی بابەتەکە پەیوەستە بە هاوکێشە سیاسی و ئابوورییە هەنووکەییەکان کە بەردەوام لە گۆڕانی خێرادان. لەلایەکی تر، **دەگمەنیی سەرچاوە بە زمانی کوردی،** ئەمەش وایکرد کاتێکی زۆر بۆ وەرگێڕان و شیکردنەوەی سەرچاوە ئینگلیزی، تورکی و عەرەبییەکان تەرخان بکرێت.

**پێکهاتەی (پەیکەری) بابەتی توێژینەوە**: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام پێکدێت: بە جۆرێک لە **پێشەکیدا** باس لە ڕەهەندە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە دەکرێت (لە گرنگی و کێشە و گریمانە تاوەکو میتۆد و بەربەستەکان). **تەوەری یەکەم (چوارچێوەی چەمکی و تیۆری)** تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی تیۆری نیولیبڕالیزم و پەیوەندی بە ئاسایشی وزەوە، لەگەڵ تاوتوێکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی چەمکی ئاسایشی وزە لە ئاستی جیهانیدا. **تەوەری دووەم (تێگەیشتنی چین بۆ ئاسایشی وزە)** باس لە تایبەتمەندییەکانی ڕوانگەی ستراتیژیی چین بۆ ئاسایشی وزە (وەک نرخ، هەمەجۆرکردن و وەبەرهێنان) و ناساندنی دامەزراوە حکومی و کۆمپانیا نیشتمانییە بڕیاردەرەکان دەکات. **تەوەری سێیەم (ستراتیژیی ئاسایشی وزەی چین لە ئاسیای ناوەڕاست)** ئەمە تەوەری سەرەکییە و لێکۆڵینەوە لە بایەخی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە، مێژووی پەیوەندییەکان، و وردەکاریی وەبەرهێنانی نیولیبڕاڵیی چین لە هەر پێنج وڵاتەکەی ئاسیای ناوەڕاست (پڕۆژەکان، ڕێککەوتنەکان و هێڵە بۆرییەکان) دەکات. **دەرئەنجام :**پوختەی گرنگترین دۆزینەوە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت.

١. چوارچێوەی چەمکی و تیۆری

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا؛ لەپاڵ باسکردنی چوارچێوە چەمکی و تیۆرییەکان، باس لە گەلاڵە بنەڕەتییەکانی نیولیبڕالیزم و پەیوەندی نێوان نیولیبرالیزم و ئاسایشی وزە دەکرێت. هەروەها، چەمک و پێناسە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە، ڕوون دەکرێنەوە.

١,١. چوارچێوەی تیۆری " تیۆری نیۆلیبڕالیزم "

چوارچێوەی تیۆریی نیۆلیبڕالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەک ئامرازێکی شیکاریی قوڵ بەکاردێت، کە تێڕوانینە کلاسیکییەکانی ململانێ تێدەپەڕێنێت و جەخت لەسەر چەمکی "وابەستەیی" وەک بزوێنەری سەرەکیی ڕەفتاری دەوڵەتان لە سیستەمی جیهانیدا دەکاتەوە. ئەم تیۆرییە لەم توێژینەوەیەدا وەک دەروازەیەک بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن چین، لە ڕێگەی مۆدێلی 'نیۆلیبڕالیزمی دەوڵەتی'یەوە، سوود لە بنەماکانی بازاڕ و قازانج وەردەگرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان و مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزە لە ئاسیای ناوەڕاستدا.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

١,١,١. گەڵاڵە بنەڕەتییەکانی نیولیبرالیزم

تیۆریای نیولیبرالیزم بۆ یەکەم جار بە سەرۆکایەتی (فریدریش ڤۆن هایک و میڵتۆن فریدمان) لە ئەمریکا وەک بزووتنەوەیەکی ئابووری سەریهەڵدا. ئەم تیۆرییە لە بنەڕەتدا درێژەپێدەری نەریتی لیبرالیزمە، بەڵام لە پراکتیکدا خۆی لە تیۆری لیبراڵی جیاکردۆتەوە[1]. پییێر بۆردیۆ بەم شێوەیە پێناسەی تۆرییەکەی کردووەو دەڵێت: ''نیولیبرالیزم ڕەوتی کارێکە بە ئامانجی لەناوبردنی هەموو پێکهاتە بەکۆمەڵەکان کە لەڕێگەی لۆژیکی پاکی بازاڕەوە دامەزراون''. دەتوانرێت وەک دووبارە لێکدانەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی لیبرالیزم لە چوارچێوەی بارودۆخی بازاڕدا ڕوون بکرێتەوە[2]. نیولیبرالیزم فێرکارییە کلاسیکە لیبراڵییەکانی (ئادەم سمیس)ە کە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن (پێکهاتەی کۆدەنگی واشنتۆن) لەناو نەزمی جیهانیدا لە قاڵبدراوە[3]. پێشمەرجی بنەڕەتی نیولیبرالیزم ئەوەیە کە ئازادی جوڵە سنووردار دەکات و ئابووری تاکەکەسی عەقڵانی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، وەک هێمای ڕۆشنگەری دەبینێت[4]. ئەمڕۆ نیولیبڕالیزم لەڕێگەی سێ بنەمای سەرەکییەوە پێناسە دەکرێت. یەکەمیان ئایدۆلۆژیایەکە کە لەگەڵ سەرمایەداری بازاڕی ئازاددا تێکەڵکراوە. دووەمیان مۆدێلی بەڕێوەبردنە کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەسەڵات دامەزراوەو ململانێ و باڵادەستی لەنێوان چینەکاندا دروست دەکات. سێیەمیان دانانی جێبەجێکارانی سیاسەتەکانە کە مەرجەکانی ڕێکخستنەوەو ئازادی تەواو لە بازرگانی و پیشەسازیدا دەستبەر دەکەن[5].

دوان لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی نیولیبرالیزم بریتین لە {لودویگڤۆن میسێس (١٨٨١-١٩٧٣)} و {فریدریچ ڤۆن هایک (١٨٩٩-١٩٩٢)}. بەبڕوای ئەوان ''ئیگۆیزم یاسای بنەڕەتی کۆمەڵگەیە و ئابووری بازاڕی ئازاد دەبێتە هۆی نەزمێکی سروشتی کە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی حیساباتی ئابووری دەدات''. هایک لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ڕێگای کۆیلایەتی) کە لەساڵی ١٩٤٤دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگ کردووە؛ ''تەنها سەرمایەداری دەتوانێت دیموکراسی دابین بکات، ئازادی بازاڕ پێش ئازادی دیموکراسییە، دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا وا دەکات تاکەکان وابەستەی دەوڵەت بن، ڕێگای چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکان بریتییە لە گۆڕین بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد[6]. هایک و میسێس هەوڵیاندا پێکهاتەیەکی فیکری دابمەزرێنن کە ئامانج لێی پەرەپێدانی بزووتنەوەی نیولیبراڵ بوو. ئەم پێکهاتەیەش چەندەها بیرمەندی گەورەی لە قوتابخانەی ئابووری لەندەن، قوتابخانەی شیکاگۆ، قوتابخانەی فرایبۆرگ لە ئەڵمانیا لەخۆدەگرت[7]. ئامانجی سەرەکی پێکهاتەکەش باڵادەستکردنی میکانیزمی نرخ و کارگێڕی ئازاد و ڕێکخستنی سیستەمی کێبڕکێ و دروستکردنی وێنەیەکی بەهێز و بێلایەنی دەوڵەت بوو[8].

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە بزوێنەری سەرەکی سەرهەڵدانی نیولیبرالیزم هەم وەک تیۆری و هەم وەك سیاسەتێک، قەیرانی نەوتی ساڵی ١٩٧٣ بوو. لە بەرامبەر پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ سوپای ئیسرائیل، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) نرخی نەوتیان بەرزکردەوە، ئەوەش بووە هۆی دارمانی بازاڕی بۆرسە و ئابووریی وڵاتانی

1- David Harvey, A Brief History of Neoliberalism (Oxford: Oxford University Press, 2005), 85-87.

2- Pierre Bourdieu, "Sonsuz Kullanım Ütopyası," Dünya Bülteni Araştırma Masası (2016).

3- Noam Chomsky, Profit Over People: Neoliberalismus und Globale Weltordnung (Hamburg: Europe Verlag, 2000), 2-8.

4- M Emre Akbaş, "Neoliberalizm, Küresel Enerji Sektörü ve Seçilmiş Ülkeler Bazında Elektrik Sektörü Özelleştirmeleri," Social Sciences Research Journal 8, no. 2 (2019): 22-23.

5- Manfred B. Steger and Ravi K. Roy, Neoliberalism: A Very Short Introduction (Oxford: Oxford University Press, 2010), 1-14.

6- Michael F. Reber, "Distributive Justice and Free Market Economics: A Eudaimonistic Perspective," Libertarian Paper 29, no. 2 (2010): 1-11.

7- Kean Birch and Vlad Mykhnenko, The Rise and Fall of Neoliberalism: The Collapse of an Economic Order? (London: Zed Books, 2010), 2-4.

8- Dieter Plehwe, The Road from Mont Pèlerin: The Making of the Neoliberal Thought Collective (Cambridge, MA: Harvard University Press, 2009), 13-25.

تازەپێگەیشتوو بەجۆرێک کە توانای دابینکردنی مووچەیان نەما[9]. ئەم پاشەکشەی ئابوورییەش کە بەهۆی قەیرانەکانی نەوتەوە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا، بووە هۆی زیادبوونی بێکاری و ڕێژەی هەڵاوسان. لەم چوارچێوەیەدا ڕووداوەکانی وەک دابەزینی داهاتی تاك لە دوای قەیرانی نەوت و دارمانی سیستەمی بریتۆن وۆدز و جەنگی ڤێتنام، هەنگاوی گەورەی بەرەو سیاسەتی نیولیبراڵ لە سەرانسەری جیهان دەستپێکرد. تەنانەت سەرکردەکانی وەک ڕۆناڵد ڕیگان، مارگرێت تاچەر، ئۆگستۆ پینۆشێت و دێنگ شیاوپینگ بەرەو جێبەجێکردنی سیاسەتی نیولیبراڵ هەنگاویان هەڵگرت[10].

لە لایەکی تر، تیۆری نیولیبڕالیزم پێی وایە؛ دامەزراوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتەکان دەتوانن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە سەرکەوتوویی هاوکاری یەکدی بکەن. (ڕۆبێرت کیۆهان و جۆزێف نای) لە گرنگترینی ئەو کەسایەتیانەن کە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن. هاوکات هەر ئەم دوو کەسایەتییە بیرۆکەی بەشداریکردنی دەوڵەتانیان لە هاوکاری ئابووریدا بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین قازانج لە ژینگەی ئابووری نیولیبڕالیدا خستەڕوو. (ڕۆبێرت کیۆهان) لە کتێبێکیدا بەناونیشانی ''دوای هەژموون'' جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەمکەکانی سامان و دەسەڵات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وابەستەی یەکترن. ئەم وابەستەییەش وا دەکات ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بەپێچەوانەی تیۆری ڕیالیستییەوە، لەرووی ئابوورییەوە هاوکاری یەکدی بکەن[11]. ئەم بۆچوونەش پێمان دەڵێت؛ نیولیبراڵەکان بەپێچەوانەی لیبراڵ کلاسیکییەکان دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی عەقڵانی قبوڵ دەکەن. هاوکات هاوکات، بیرمەندانی نیولیبڕالیزم، بەتایبەت **ڕۆبێرت کیۆهین و جۆزێف نای،** لە چوارچێوەی تیۆری (پێوەبەستراویی ئاڵۆز)دا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تەنها ئامراز نین، بەڵکو ڕۆڵێکی جەوهەرییان هەیە لە ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکان و کەمکردنەوەی تێچووی ململانێکان[12].

بەپوختی؛ ئەو گۆڕانکارییەی کە بووە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی نیولیبڕالیزم، پەیوەندیدارە بە بەهێزبوونی پرۆسەکانی هاوئاهەنگی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت لەدوای دارمانی سیستەمی دوو جەمسەری لەپاش جەنگی سارد و دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان[13]. بەمانایەکی تر، جەوهەری نیولیبڕالیزم لەوەدایە کە سنووری نێوان 'سیاسەت و ئابووری' و 'دەوڵەت و بازاڕ' کاڵ دەکاتەوە. ئەم تیۆرییە باس لە پاشەکشەی هەژموونی دەوڵەت دەکات لەبەردەم هەڵکشانی ڕۆڵی کۆمپانیا و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا. لەم گۆڕەپانە نوێیەدا، دەوڵەت ناچارە پێگەی خۆی لەناو ململانێی ئەکتەرە نافەرمییەکاندا (لە لۆبیستەکانەوە تا گروپە نادەوڵەتییەکان) پێناسە بکاتەوە. بە کورتی؛ نیولیبڕالیزم گوزارشتە لە گواستنەوەی جیهان لە قۆناغی 'دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت'ەوە بۆ قۆناغی 'هاوسەنگی لە ڕێگەی کارلێکی جیهانییەوە.

9- Einar D. Thorsen, "The Politics of Freedom: A Study of Neoliberalism" (PhD diss., University of Oslo, 2011), 179-208.

10- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi" (Yüksek Lisans Tezi, Millî Savunma Üniversitesi, 2022), 8.

11- Robert Keohane, After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy (Princeton: Princeton University Press, 1984), 20-33.

12- Robert O. Keohane and Joseph S. Nye, *Power and Interdependence*, 4th ed. (Boston: Longman, 2011), 30-31.

13- Tural Manaflı, "Uluslararası İlişkiler Teorilerinde Neoliberalizm’in Yeri ve Önemi" (Yüksek Lisans Tezi, Bursa Uludağ Üniversitesi, 2021), 7.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

### ١,١,٢. نیولیبرالیزم و ئاسایشی وزە

کاتێک سەیری بنەما جەوهەرییەکانی تیۆری نیولیبڕالیزم دەکەین، بەتایبەت لە کارەکانی (ڕۆبێرت کیۆهین و جۆزێف نای)دا، دەبینین جەخت لەسەر فرەچەشنەیی ئەکتەرەکان و کەمبوونەوەی ڕۆڵی ڕەهای دەوڵەت دەکرێتەوە. بەگوێرەی ئەم دیدگایە، دەوڵەتەکان بە تەنها ناتوانن ئاسایشی وزە مسۆگەر بکەن، چونکە بەرژەوەندییەکان لە بازاڕی وزەدا لە نێوان ئەکتەری حکومی و ناحکومیدا دابەش بوون[14]. چونکە بەرژەوەندیی کارەکتەرەکان لە بازاڕی وزەدا لە ئارادایەو دەوڵەتەکان سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی خۆیان لەسەر ئاسایشی لێرەوە، نیولیبڕالیزم وا گریمانە دەکات کە ئاسایشی وزە چەمکێکی فرەڕەهەندە و تەنها لە ڕەهەندی سەربازیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لایەنە ئابووری، سیاسی و دامەزراوەییەکان دەبنە کۆڵەکەی سەرەکی بۆ پاراستنی لێشاوی وزە[15].

نیولیبڕالیزم لە ڕێگەی چەمکی (پێوەبەستراویی ئاڵۆز - Complex Interdependence) هەوڵدەدات هاوکێشەی ئاسایشی وزە ڕوون بکاتەوە. کیۆهین و نای ئاماژە بەوە دەکەن کە لە جیهانی هاوچەرخدا، دەوڵەتەکان ناچارن پەیوەندییەکی سوودمەند و ئارەزوومەندانە لەگەڵ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان و کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکاندا دروست بکەن[16]. نموونەی هەرە دیار بۆ ئەم هاوکارییە دامەزراوەییە، دروستبوونی (ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە - IEA) بوو لە دوای قەیرانی نەوتی ١٩٧٣؛ ئەم هەنگاوە وەک وەڵامێکی دامەزراوەیی بوو بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ململانێ و زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان وڵاتانی بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەردا، کە ئەمەش جەوهەری تیۆری (لیبراڵیەتی دامەزراوەی) یە[17]

دەکرێت بڵێین، نیولیبڕالیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت سەرچاوەکانی وزە بەبێ بەربەستی سیاسی بخرێنە بەردەست بازاڕی جیهانی. بەو پێیەی نیولیبڕاڵەکان بڕوایان بە "کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکان" ( Transaction Costs) هەیە، پێیان وایە بازاڕی ئازاد و کێبڕکێی شەفاف باشترین زامنی ئاسایشی وزەن. لێرەدا، ڕۆڵی دەوڵەت سنووردار دەکرێت بۆ پاراستنی یاساکانی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی وزە وەک چەکێکی سیاسی، ئەمەش وا دەکات ئاسایشی وزە لە چوارچێوەی "ڕژێمە نێودەوڵەتییەکان"دا (International Regimes) پارێزراو بێت[18].

لەگەڵ برەوسەندنی کلتوری جیهانگیریی، وردەوردە کاریگەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لەسەر ئاسایشی وزە زیادی کردووە، تەنانەت بەهۆی هاتنەناوەوەی خێرای کارەکتەرە فرەنەتەوەییەکانیشەوە بۆ ناو ئابووری بازاڕی ئازاد، ڕۆڵی دەوڵەتەکان تا ئاستێکی بەرچاو کەم بۆتەوە. بۆنموونە؛ کۆمپانیاکانی وەک (بی پی، شێڵ و نۆبڵ) کە لەسەر ئاستی جیهانی کاردەکەن، بەهۆی گەڕان و دەرهێنان و گواستنەوە لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە، دەسەڵاتێکی گەورەیان بەدەستهێناوە و سەروەری دەوڵەتەکانیان لە بازاڕی وزەدا سنووردار کردووە. چونکە کاتێك دەوڵەتەکان بەهۆی نەبوونی تەکنۆلۆژیا و سەرمایەوە ناتوانن بەتەنها چالاکییەکانی گەڕان و دەرهێنان و گواستنەوەی سەرچاوەکان ئەنجام بدەن، دەبێتە دەرفەتێک تاوەکو ئەم کۆمپانیا نێودەوڵەتیانە لەئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەژموون پەیدا بکەن و، قسەی جدییان هەبێت لەسەر پرسەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە لە جیهاندا[19].

پێشەنگانی تیۆری نیولیبڕالیزم، بەتایبەت ڕۆبێرت کیۆهین و جۆزێف نای، لە تێزی (پێوەبەستراویی ئاڵۆز - Complex Interdependence)دا ئاماژە بەوە دەدەن کە گۆڕانکارییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و برەوسەندنی جیهانگیری،

---

14- Robert O. Keohane and Joseph S. Nye, Power and Interdependence, 4th ed. (Boston: Longman, 2011), 20-21.

15- Robert O. Keohane, After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy (Princeton: Princeton University Press, 1984), 120.

16- Keohane and Nye, Power and Interdependence, 24-25.

17- Robert O. Keohane, "International Institutions: Can Interdependence Work?," Foreign Policy, no. 110 (1998): 82-84.

18- Robert O. Keohane, After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy (Princeton: Princeton University Press, 1984), 85-88.

19- İslam S. Kaya, Uluslararası Deniz Hukuku Çerçevesinde Doğu Akdeniz'deki Petrol ve Doğalgaz Kaynakları (Ankara: Adalet Yayınevi, 2016), 199.

کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جێهێشتووە. بە بڕوای ئەوان، چەمکی (سیاسەتی هێز - Power Politics) کە نیۆڕیالیستەکان جەختی لێ دەکەنەوە، کارایی جارانی نەماوە و لە جێگەی ئەودا 'پێوەبەستراویی ئابووری' بووەتە بزوێنەری سەرەکیی هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان[20]. کیۆهێن و نای جەخت دەکەنەوە کە لەم چوارچێوەیەدا، 'هێزی سەربازی' وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان پاشەکشەی کردووە؛ چونکە تێچووی بەکارهێنانی هێز لە جیهانێکی پێوەبەستراودا زۆر زیاترە لە سوودە چاوەڕوانکراوەکانی، ئەمەش وا دەکات دەوڵەتەکان زیاتر مەیلیان بۆ بەدەستهێنانی 'دەسەڵاتی ئابووری' و هاوکاریی دامەزراوەیی هەبێت بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان[21].

تیۆری نیولیبراڵیزم پێی وایە ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەیان هەمەچەشن کردووە، ئاستی 'هەستیاری' (Sensitivity) و 'فەراهەمی' (Vulnerability)یان لە بەرامبەر تەنگژە دەرەکییەکاندا کەمتر دەبێتەوە. هەرچەندە جۆزێف نای جەخت لەسەر (هێزی نەرم - Soft Power) دەکاتەوە وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ ڕاکێشانی ئەکتەرەکانی دیکە لە ڕێگەی کولتوور، بەها سیاسییەکان و دیپلۆماسییەوە [١]، بەڵام تێڕوانینی نیولیبراڵەکان تەنها لەم خاڵەدا ناوەستێت. نای لە پەرەپێدانی تێزەکەیدا بەرەو چەمکی (هێزی زیرەک - Smart Power) دەچێت، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات دەوڵەتە سەرکەوتووەکان تەنها پشت بە هێزی نەرم نابەستن، بەڵکو پێویستیان بە تێکەڵکردنێکی ستراتیژیی نێوان هێزی ڕەق (سەربازی و ئابووری) و هێزی نەرم هەیە [٢]. لە بواری ئاسایشی وزەدا، هێزی زیرەک بەو مانایەیە کە دەوڵەت هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی بازرگانی و یارمەتییە مرۆیی و کولتوورییەکان، پێویستە توانای سەربازی و ئابووریی خۆیشی بپارێزێت بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوەکانی وزە و پاراستنی هاوسەنگیی هێز، چونکە هێزی سەربازی هێشتا وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکان لە سیستەمێکی نێودەوڵەتیی ئاڵۆزدا دەمێنێتەوە [٣]."

تیۆری نیولیبراڵیزم پێی وایە ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەیان هەمەچەشن کردووە، ئاستی 'هەستیاری' (Sensitivity) و 'فەراهەمی' (Vulnerability)یان لە بەرامبەر تەنگژە دەرەکییەکاندا کەمتر دەبێتەوە. هەرچەندە جۆزێف نای جەخت لەسەر (هێزی نەرم - Soft Power) دەکاتەوە وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ ڕاکێشانی ئەکتەرەکانی دیکە لە ڕێگەی کولتوور، بەها سیاسییەکان و دیپلۆماسییەوە[22]. بەڵام تێڕوانینی نیولیبراڵەکان تەنها لەم خاڵەدا ناوەستێت. نای لە پەرەپێدانی تێزەکەیدا بەرەو چەمکی (هێزی زیرەک - Smart Power) دەچێت، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات دەوڵەتە سەرکەوتووەکان تەنها پشت بە هێزی نەرم نابەستن، بەڵکو پێویستیان بە تێکەڵکردنێکی ستراتیژیی نێوان هێزی ڕەق (سەربازی و ئابووری) و هێزی نەرم هەیە[23]. لە بواری ئاسایشی وزەدا، هێزی زیرەک بەو مانایەیە کە دەوڵەت هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی بازرگانی و یارمەتییە مرۆیی و کولتوورییەکان، پێویستە توانای سەربازی و ئابووریی خۆیشی بپارێزێت بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوەکانی وزە و پاراستنی هاوسەنگیی هێز، چونکە هێزی سەربازی هێشتا وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکان لە سیستەمێکی نێودەوڵەتیی ئاڵۆزدا دەمێنێتەوە[24].

١,٢. چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە

سەرباری ئەوەی چەمکی "ئاسایشی وزە" بە یەکێک لەو چەمکە مەعریفییانە ئەژمار دەکرێت و لەم ساڵانەی ڕابردوودا جەختی لەسەر کراوەتەوە و بایەخێکی بەرچاوی پەیدا کردووە، بەڵام کۆشش و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی وزە

20- Robert O. Keohane and Joseph S. Nye, Power and Interdependence, 4th ed. (Boston: Longman, 2011), 23-24.

21- Robert O. Keohane and Joseph S. Nye, Power and Interdependence, 4th ed. (Boston: Longman, 2011), 27-29.

22- Joseph S. Nye, Soft Power: The Means to Success in World Politics (New York: PublicAffairs, 2004), 5-7.

23- Joseph S. Nye, The Future of Power (New York: PublicAffairs, 2011), 208-209.

24- Robert O. Keohane and Joseph S. Nye, Power and Interdependence, 4th ed. (Boston: Longman, 2011), 215.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

لەلایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتانەوە دیاردەیەکی نوێ نییە. بگرە هەوڵەکان بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا، پاڵنەری بنەڕەتیی زۆرێک لە ململانێکانی ڕابردوو بوون، و لە هەمان کاتیشدا هۆکارێک بوون بۆ لێکنزیکبوونەوە و هاریکاری لە نێوان وڵاتانی دیکەدا، تا ئەو ڕادەیەی دەستەواژەی "ئاسایشی وزە" بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەکارهێنراوە[٢٥].

لەم سۆنگەیەوە دانیێل یەرگین Daniel Yergin سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم ساڵی ١٩١٢، کاتێک وینستۆن چەرچڵ Winston Churchill ، لۆردی یەکەمی دەریایی ئەوکاتی بەریتانیا، بڕیارێکی مێژوویی و یەکلاکەرەوەی دا بە گۆڕینی سەرچاوەی وزەی کەشتیگەلی دەریایی بەریتانیا لە خەڵوزەوە بۆ نەوت. بەم هەنگاوە ئاسایشی وزە گوازرایەوە بۆ ئەوەی ببێتە پرسێک لە پرسەکانی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی. وەڵامی "چەرچڵ" بۆ ئەم تەحددییە ستراتیژییە بریتی بوو لەم وتە بەناوبانگە: "سەلامەتی و دڵنیایی لە نەوتدا تەنها پەیوەستە بە فرەچەشنکردن[٢٦](Diversification).

لە دوای بڕیارەکەی چەرچڵەوە، ئاسایشی وزە بە خێرایی وەک پرسێکی خاوەن بایەخی باڵا دەرکەوت و تا ئێستاش ئەو پێگەیەی پاراستووە. بەڵام ئەم بابەتە لە ئێستادا پێویستی بە پێداچوونەوە و سەرلەنوێ تێڕامان هەیە، چونکە ئەوەی سێ دەیە لەمەوبەر ئاسایشی وزەی لەسەر بونیاد نرابوو زۆر سنووردار بوو، بەڵام ئێستا پێویستە مەوداکەی فراوان بکرێت تاوەکو کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێ لەخۆ بگرێت، لەوانەش داننان بەو ڕاستییەی کە ئاسایشی وزە بە تەنها و دابڕاو بوونی نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە پەیوەندییە فراوانەکانی نێوان نەتەوەکان و سروشتی کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتر[٢٧].

١,٢,١. پێناسەی ئاسایشی وزە

ئەدەبیاتی تایبەت بە ئاسایشی وزە لێواولێوە لە ژمارەیەکی زۆر لە پێناسە بۆ ئەم دەستەواژەیە، بەڵام بە ئەندازەی زۆری و فرەیی پێناسەکان، و هاوتەریب لەگەڵ زیادبوونی بایەخی ئەکادیمی و میدیایی بەم بابەتە، هەر جارێک پلەی لێڵی و ئاڵۆزیی دەوروبەری چەمکی "ئاسایشی وزە (Energy Security) "ڕوو لە زیادبوون دەکات. ئەمەش هۆکاری نەبوونی کۆدەنگییە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە. وەک "دانیێل یەرگین" دەڵێت: "هەمووان پشتیوانی لە ئاسایشی وزە دەکەن، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە تەفسیرکردنی مانای ئاسایشی وزەدا[٢٨]".

"ئەگەرچی ئاسایشی وزە بە شێوەیەکی تەقلیدی وەک «بەردەستبوونی دابینکاریی پێویست، متمانەپێکراو و مەعقوڵ لە وزە» پێناسە دەکرێت، بەڵام ئەم گوزارشتە سادەیە ناتوانێت گشتگیری بۆ ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی ئەم چەمکە بکات. ئاسایشی وزە چەمکێکی فرەڕەهەندە (Multidimensional) و پێناسەکەی بەپێی جیاوازیی بارودۆخ، کات، و بەرژەوەندیی بکەرە سەرەکییەکان دەگۆڕێت. ئەم بکەرانەش بریتین لە: هەر یەک لەم لایەنانە بەپێی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیان، تێڕوانینێکی تایبەت بۆ چەمکی ئاسایشی وزە دادەڕێژن."دەوڵەتان (بە وڵاتانی بەرهەمهێنەر، بەکاربەر و تێپەڕێنەرەوە)، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، کۆمپانیاکانی کەرتی وزە (گشتی و تایبەت)، و ناوەندە ئەکادیمی و توێژینەوەییەکان[٢٩].

بەگشتی چەمکی ئاسایشی وزە، چەمکێکە کە پێویستە چەندین دۆخی ئەگەریی پێکەوە هەڵبسەنگێنرێت تاوەکو مانایەکی ڕەوان دەدات بەدەستەوە! بۆنموونە؛ لە هێرشە تیرۆریستییە ئەگەرییەکان بۆ سەر ژێرخانی سیستەمەکانی

---

-25 نورهان الشيخ، سياسة الطاقة الروسية وتأثيرها على التوازن الاستراتيجي العالمي (القاهرة: المركز الدولي للدراسات المستقبلية، [illegible])، [illegible].

26- Daniel Yergin, "Ensuring Energy Security," Foreign Affairs 85, No. 2 (2006): 69.

27- Ibid, 69.

-28عبد القادر دندن، "الإستراتيجية الصينية لأمن الطاقة وتأثيرها على الاستقرار في محيطها الإقليمي: آسيا الوسطى – جنوب آسيا- شرق وجنوب شرق آسيا". أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه العلوم في العلوم السياسية، تخصص: علاقات دولية، جامعة باتنة ، الجزائر، [illegible]، [illegible]-[illegible].

29- Frank Umbach, "German Debates on Energy Security," in Energy Security Visions from Asia and Europe, ed. Antonio Marquina (New York: Palgrave Macmillan, 2008), 1.

بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی وزە، تاوەکو دەگاتە پچڕانەکان کە بەهۆی کەمیی وەبەرهێنانەوە ڕوودەدەن، کاریگەریی کارەساتە سروشتییەکان لەسەر سیستەمەکە، گەمارۆ و سزای نێودەوڵەتی، شەڕی ناوخۆ، پێکدادان و داگیرکاری[30]. بە واتایەکی دیکە، ئاسایشی وزە بریتییە لە؛ گواستنەوەی سیستەمەکانی وزە کە ئابووری پێویستی پێیەتی بۆ جوگرافیای داواکاری، بە شێوەیەکی پاک، جێی متمانە، هەمەجۆرکراو، بەفیڕۆنەدەر، ژیرانە، دادپەروەرانە لە ڕێگەی ڕێڕەوی گواستنەوەی پارێزراوەوە[31].

لەڕاستیدا بۆ چەمکی ئاسایشی وزە دوو ڕوانگەی جیاواز هەیە. یەکێک لەم ڕوانگانە گرنگی بە چەمکی وزە دەدات و ئەوی تریان گرنگی بە چەمکی ئاسایش دەدات. ڕوانگەی لایەنی وزە پەیوەستە بە گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وزە، دۆزینەوەیان و دەستپێڕاگەیشتنیانەوە. بەڵام لە ڕوانگەی ئاسایشەوە، واتای پاراستنی فیزیایی پرۆسەکانی گەڕان، گواستنەوە، و ئاسایشی دامەزراوەکان دەگەیەنێت لە بەرامبەر کارەساتە سروشتییەکاندا دەگەینێت[32]. سەربارى ئەم پێناسانە، هەندێک لە ڕوانگەکان بۆ ئاسایشی وزە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- نەتەوە یەکگرتووەکان (UN): ئاسایشی وزەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "ئەو دۆخەیە کە تێیدا سەرچاوەکانی وزە لە هەموو کاتەکاندا، بە شێوەی جۆراوجۆر، بە بڕی پێویست و بە نرخێکی گونجاو (Affordable) بەردەست بن، بە جۆرێک کە گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی ژینگە مسۆگەر بکات"[33].
- کۆمیسیۆنی ئەوروپا (European Commission): ئەم دامەزراوەیە لە بەڵگەنامەی ستراتیژیی ناسراو بە (پەڕاوی سەوز - Green Paper)دا، ئاسایشی وزە وەک "توانای دەوڵەت بۆ دابینکردنی سەرچاوەی وزەی جێگیر و بەردەست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی داهاتوو" پێناسە دەکات. ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پشتبەستن بە سەرچاوە دەرەکییەکان و پاراستنی یەدەگە ستراتیژییەکان دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تەنگژەیەکی ئابووری یان سیاسی کە لە بازاڕی وزەدا بێتە ئاراوە"[34].
- بەپێی ڕاپۆرتی فەرمیی (کۆمەڵەی پەرەپێدانی ستراتیژیی نیشتمانیی وزە - NEPDG) لە ئەمریکا، ئاسایشی وزە وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئاسایشی نیشتمانی و پێشینەیەکی باڵای سیاسەتی دەرەوە پێناسە کراوە. ئەم ستراتیژییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ مسۆگەرکردنی گەشەی ئابووریی جیهانی، دەبێت سەرچاوەکانی دابینکردنی وزە هەمەچەشن (Diversification) بکرێن و پشتبەستن بە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو کەم بکرێتەوە. هاوکات، بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە پاراستنی ژێرخانی وزە و هێڵەکانی گواستنەوە و بۆرییەکان، نەک تەنها وەک پرسێکی ئابووری، بەڵکو وەک ئەرکێکی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوە دەبینرێت بۆ پاراستنی هاوسەنگیی بازاڕ و ڕێگریکردن لە هەر پچڕانێکی کتوپڕ لە دابینکردنی وزەدا[35].

---

30- Sevim, Cenk. "Petrol Rezervlerinin Zirve Noktasının Enerji Güvenliği Açısından Büyük Enerji Pazarları Üzerindeki Etkileri." Güvenlik Stratejileri Dergisi 6, No. 11 (2010): 55-56.

31- Necdet Pamir, Enerjinin İktidarı (İstanbul: Hayykitap, 2015), 39.

32- Mine Kılıç, "Soğuk Savaş Sonrası Doğu Akdeniz Enerji Güvenliği," 14-15.

33- United Nations Development Programme (UNDP), United Nations Department of Economic and Social Affairs (UNDESA), and World Energy Council (WEC), World Energy Assessment: Energy and the Challenge of Sustainability (New York: UNDP, 2000), 44.

34- European Commission, Green Paper: Towards a European Strategy for the Security of Energy Supply (Brussels: COM(2000) 769 final, 2000), 2-3.

35- National Energy Policy Development Group, Reliable, Affordable, and Environmentally Sound Energy for America’s Future: Report of the National Energy Policy Development Group (Washington, DC: U.S. Government Printing Office, 2001), 8-1 to 8-5.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

لەلایەکی تر، ویلایەتە یەکگرتووەکان: تێڕوانینی بۆ ئاسایشی وزە لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی دوو تەحددیی سەرەکییە: هەستیاری بەرامبەر ئەگەری پەنابردنی دەوڵەتانی هەناردەکار بۆ بڕینی بەرهەمهێنان، و دەرکەوتنی ڕکابەری بەهێز وەک چین. بۆیە ستراتیژیی ئەمریکی بۆ ئاسایشی وزە ئامانجی کەمکردنەوەی پاشکۆیەتیکردنی ئەمریکایە بۆ دابینکارییە دەرەکییەکان، و سنووردارکردنی توانای ڕکابەرە ئەگەرییەکانە لە بەکارهێنانی نەوت وەک چەکێکی ستراتیژی دژی[٣٦].

- ڕوسیا: وەک نموونەیەک بۆ دەوڵەتانی هەناردەکار، ئاسایشی وزە بەپێی بەڵگەنامەی ستراتیژیی وزەی ڕوسیا (٢٠٠٣) بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "حاڵەتی پاراستنی دەوڵەت، هاوڵاتیانی، کۆمەڵگا و ئابووری لەو هەڕەشانەی دەوری ئاسایشی دابینکارییەکانی وزەیان داوە[٣٧]".
- هەروەها هەریەکە لە "ستین تۆنیسۆن" و "ئەشیلد کۆلاس" لە پەیمانگای ئۆسلۆ بۆ توێژینەوەکانی ئاشتیی نێودەوڵەتی، پێناسەیەکیان بۆ ئاسایشی وزە پەسەند کردووە کە بەستراوە نییە بە بەدەستهێنانی خۆژێنی (الاكتفاء الذاتي) یان سەربەخۆیی وزە، بەڵکو لەسەر پێویستیی هاوسەنگییە لە نێوان خستنەڕوو و خواست: "ئاسایشی وزە بریتییە لە بەدەستهێنانی هاوسەنگییەکی باش لە نێوان خواست و خستنەڕووی وزە، بۆ خزمەتکردنی ئەو ئامانجەی کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاسانکاری بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەردەوام[٣٨]". دوای لێکۆڵینەوە لە پێناسە جیاوازەکان، توێژەر پەنا بۆ پێناسەیەکی گشتگیر دەبات کە لەگەڵ ڕەهەندە ستراتیژییەکانی ئەم توێژینەوەیە و دیدگای وڵاتی چین دەگونجێت. لێرەوە، توێژەر ئاسایشی وزە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (توانای دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی لێشاوی بەردەوام و بێبڕانی وزە بە نرخێکی گونجاو، لە ڕێگەی فرەچەشنکردنی سەرچاوەکان و بنیاتنانی 'پێوەبەستراویی ئاڵۆز' لەگەڵ وڵاتانی دابینکەردا، بە جۆرێک کە سەقامگیریی ناوخۆیی و گەشەی ئابووریی درێژخایەن بپارێزێت).

١,٢,٢. ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە

ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووریی ئەورووپا سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNECE, 2007) لە هەوڵیدا بۆ پێناسەکردنی ئاسایشی وزە، لەو گریمانەیەوە دەست پێ دەکات کە دیاریکردنی وێنایەکی ورد بۆ ئاسایشی وزە سەختە بەهۆی فرەیی ڕەهەندەکانییەوە. ڕاپۆرتەکە چوار ڕەهەندی سەرەکیی دیاری کردووە وەک بنەمایەک بۆ گەیشتن بە پێناسەی ئاسایشی وزە، کە ئەمانەن[٣٩]:

١ -شڵەژان لە دابینکارییەکان بەهۆی: زیان و وێرانبوون لە دامەزراوە ژێرخانییەکان، کارەساتە سروشتییەکان، سەقامگیرنەبوونی کۆمەڵایەتی، ڕەفتارە سیاسییەکان یان کردەوە تیرۆریستییەکان.

٢ -زۆریی دابینکارییەکانی وزە لەسەر ئاستی دوورمەودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواستی گەشەسەندوو لە ئایندەدا.

٣ -کاریگەرییە کارەساتبارەکان لەسەر گەلان و چالاکیی ئابووری، لەسەر پاشخانی کەمیی وزە و هەڵبەز و دابەزی گەورە لە نرخەکاندا.

٤ -زیانی گەورە کە لە ئەنجامی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە دروست دەبێت، و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لە قوربانیی گیانی و ماڵی و شوێنەواری تەندروستی.

---

36- Pardesi, Manjeet Singh, and others. Energy and Security: The Geopolitics of Energy in the Asia-Pacific. Singapore: (Nanyang Technological University, 2006), 17-18.

37- Seliverstov, Sergey. "Energy Security of Russia and EU: Current Legal Problems." Note de l'Ifri, April 2009, 3.

38- Tonnesson, Stein, and Ashild Kolas. Energy Security in Asia: China, India, Oil and Peace. Oslo: International Peace Research Institute (PRIO), 2006. 9.

39- Emerging Global Energy Security Risks (Geneva: UNECE, 2007), 8.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم چوار ڕەهەندە، لین چێستەر "پ (Lynne Chester) پۆلێنێک بۆ ڕەهەندەکان دادەنێت لە پۆلێنکردنەکەیدا گفتوگۆی ئەوە دەکات ئەوە دەکات کە پێناسەکان تەنها دەکرێت لە چوارچێوەی یەکێک لەم دوو گروپەدا بن کە بەپێی پێوەری ڕادەی فراوانی دابەش کراون[40]:

گروپی پێناسە بەرتەسکەکان :(Narrow Definitions) ئەو پێناسانەن کە لەسەر بنەمای چەقێتی بازاڕ دامەزراون، و دەستەواژەکانی وەک خستنەڕوو، زۆری (وفرة) و نرخەکان بەکار دەهێنن. نموونەی ئەمە پێناسەی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی(IEA) یە: "ئاسایشی وزە بریتییە لە بەردەستبوونی دابینکاریی پێویست لە وزە بە تێچووی (نرخی) گونجاو."

گروپی پێناسە فراوانەکان :(Broader Definitions) ئەوانەن کە لە سنووری توخمە پەسەندکراوەکان لە پێناسە بەرتەسکەکاندا (جەقێتی بازاڕ) ناوەستن، بەڵکو ژمارەیەک ڕەهەندی دیکە بە هەند وەردەگرن کە ئاسایشی وزە لەخۆیانی دەگرێت (ئەو ڕەهەندانەی سەرەوە ئاماژەمان پێ دان). یەکێک لە باشترین نموونەکان بۆ ئەم گروپە پێناسەی "پەڕاوی سەوز"ی ئەورووپییە کە لەژێر ناونیشانی: "بەرەو ستراتیژییەکی ئەورووپی بۆ ئاسایشی دابینکارییەکانی وزە" هاتووە: "ئاسایشی دابینکارییەکانی وزە دەبێت ئاڕاستە بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاوڵاتیان، و بەڕێوەچوونی باشی ئابووری، و بەردەوامیی بوونی بەرهەمە وزەییەکان لە بازاڕەکاندا، بە نرخێک کە لە توانای هەموو بەکاربەراندا بێت، لەگەڵ ڕێزگرتن لە پێوەرە ژینگەییەکان، و چاوەڕوان بوو بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام.

لەم نێوەندەدا، "کریستیان وینزەر (Christian Winzer) "پۆلێنکردنێکی تر پێشنیار دەکات، و خاوەن پێناسەکان دابەش دەکات بۆ سێ کۆمەڵە بەپێی چەقی گرنگیپێدانی سەرەکییان[41]:

کۆمەڵەی یەکەم: ئەو پسپۆڕانە لەخۆ دەگرێت کە جەخت دەکەنە سەر چەمکی بەردەوامیی دابینکردنی وزە بە جۆرێک سیستەمەکە توانای پابەنبوونی هەبێت بە داواکارییەکانی بەکاربەران بۆ وزە لە هەموو کاتەکاندا هەروەها توانای سیستەمەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شڵەژانەکان.

کۆمەڵەی دووەم: لەو پسپۆڕانە پێک دێت کە ئاستی نرخەکان دەکەنە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ڕادەی بەدیهاتنی ئاسایشی وزە یان نەبوونی. بەبێ گوێدانە شڵەژان یان وەستانی دابینکارییەکان.

کۆمەڵەی سێیەم: ئەو پسپۆڕانە لەخۆ دەگرێت کە مەودای پێوانی کاریگەری فراوان دەکەن. لە جیاتی پێوانی نرخەکان و بەردەوامیی دابینکردنی بازاڕ بە سەرچاوەکانی وزە، گرنگی دەدەن بە پێوانی کاریگەریی دوو فاکتەرەکەی پێشوو لەسەر نرخی خزمەتگوزارییە پەیوەستەکان بە وزەوە (گەرمکردن، گواستنەوە، کارپێکردنی کارگەکان...) و بەردەوامییان، واتە کاریگەرییان لەسەر ئابووری و لە هەندێک حاڵەتدا لەسەر ژینگە.

بە کورتی، وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی وزە و وڵاتانی هەناردەکاری وزە، تیشک دەخەنە سەر ئاسایشی داواکاریی وزە. خواستی سەرەکیی وڵاتانی هەناردەکاری وزە ئەوەیە کە سەرچاوەکانی وزەی خۆیان لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام و بە نرخی بەرز کڕیاریان هەبێت. هەربۆیە سیاسەتەکانی ئاسایشی وزەش لەم چوارچێوەیەدا جێبەجێ دەکەن. بەڵام وڵاتانی هاوردەکاری وزە، لە ڕوانگەی ئاسایشی وزەوە، ئامانجیان دابینکردنی ئاسایشی وزەیە لە ڕێگەی توخمەکانی وەک بەردەستبوون، توانای کڕین، کارایی، و پاراستنی ژینگە. لەکاتێکدا وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە دەیانەوێت کڕیارەکانیان هەمەجۆر بکەن، بەڵام دەوڵەتانی بەکاربەر دەیانەوێت سەرچاوەکانیان هەمەجۆر بکەن[42].

## ٢. تێگەیشتنی (مفهوم) چین بۆ ئاسایشی وزە

40- Lynne Chester, "Does the Polysemic Nature of Energy Security Make it a 'Wicked' Problem?" World Academy of Science, Engineering and Technology 54 (2009): 1106-1108.

41- Christian Winzer, "Conceptualizing Energy Security," EPRG Working Paper in Economics, University of Cambridge, 2011: 4-6.

42- Mine Kılıç, "Soğuk Savaş Sonrası Doğu Akdeniz Enerji Güvenliği" 16.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

چین یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گەشەسەندنێکی خێرای لە گەشەی ئابووریدا بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پێویستییەکی بەپەلە بۆ سەرچاوەکانی وزە بۆ بەردەوامبوونی چەرخی پێشکەوتن و گەشەپێدانی ئابووری. سەرەڕای ئەوەی چین خاوەنی سەرچاوەیەکی کەم نییە، بەڵام ئەم سەرچاوانە بەس نین بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بۆیە گۆڕا بۆ وڵاتێکی هاوردەکاری وزە. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا، چین بایەخێکی زۆری بە ئاسایشی وزە دا لە ڕێگەی دیدگای بڕیاربەدەستان و پلانی داڕێژراو بۆ مسۆگەرکردنی دابینکاریی پێویست و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی بەرۆکی کەرتی وزە دەگرن. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو بەش بەم شێوەیە:

٢,١. ئاراستە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین بۆ ئاسایشی وزە

وزە بابەتێکی ستراتیژیی سەرەکییە بۆ گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی لە چین، بۆیە پەکین بۆ هەر کورتهێنانێک لە وزەدا وەک یەکێک لە گەورەترین هەڕەشە ئەگەرییەکان دەڕوانێت. چین ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی جۆراوجۆر دەبێتەوە، چ ناوخۆیی بن بەهۆی گەشەی ئابووریی خێراوە، یان دەرەکی بن بەهۆی ژینگەی نێودەوڵەتیی گۆڕاو و ناسەقامگیرەوە[٤٣].

چینیش وەک وڵاتانی دیکە، زاراوەی "ئاسایشی وزە" زۆر بەکاردەهێنرێت بەڵام بەبێ پێناسەیەکی ورد بۆ چەمکەکە. گۆڕانی چین لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ وڵاتێکی هاوردەکاری نەوت، زاراوەی ئاسایشی وزەی خستە ناو گفتوگۆکانی چین سەبارەت بە وزە، بەڵام لەگەڵ دوو هێندەبوونی هاوردەی نەوتی چین و تێچووی هاوردەکردنەکەی لە ساڵی ٢٠٠٠، ئاسایشی وزە بوو بە زاراوەیەکی باو لە گفتوگۆ گشتییەکانی چیندا. لە توێژینەوەیەکدا کە لەلایەن "هەواڵی ئابووریی چین"ی سەر بە کتێبخانەی بانکی زانیارییەکانی چین ئەنجامدراوە سەبارەت بە دەرکەوتنی زاراوەی ئاسایشی وزە لە گۆڤارە جیاوازەکاندا، دەرکەوتووە کە ئەم زاراوەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٩، تەنها لە ٤١ بڵاوکراوەدا دەرکەوتووە، بەڵام لە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٥، لە ١١٥٠ بڵاوکراوەدا دەرکەوتووە، هەرچەندە دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هاوکات نەبووە لەگەڵ دیاریکردنێکی ڕوون ئامانجدار لەلایەن شرۆڤەکارانی چینییەوە[٤٤].

وەک دەوڵەتێکی بەکارهێنەری وزە و خاوەن ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان، سەرەڕای ئابوورییە خێرا گەشەسەندووەکەی و هەوڵدانی بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە هێزە گەورەکانی جیهان، چین تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئاسایشی وزە کە لە تایبەتمەندییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت کە جیای دەکاتەوە لە وڵاتانی دیکە. ئەو کورتهێنانەی لە بەرهەمهێنانی نەوت لە چین تۆمارکراوە لە بەرامبەر زیادبوونی داواکاری لەسەری، وایکردووە ببێتە تەوەری سیاسەتی ئاسایشی وزەی چین. تێڕوانینی توێژەرانی چینی بۆ ئاسایشی وزە لە وڵاتەکەیان لەسەر دوو ڕوانگە (Perspective) بنیاد دەنرێت:

**یەکەم: ڕوانگەی واقیعگەرایی (The Realist Perspective):** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوە نەوتییەکان بەرەو دەگمەنبوون دەچن، و ئاسایشی نەوت پەیوەستە بەوەی دابینکارییەکانی نەوتی داواکراو لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە شێوەیەکی پێویست و لە هەر کاتێکدا و بە نرخی ئاسایی بەردەست بن. پەیوەندی نێوان ئاسایشی وزە و ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی واقیعگەرایی سیاسییەوە مەسەلەی قازانج و زیانە(Zero-sum game) ؛ هەر دەوڵەتێکی باڵادەست لە ڕووی سەربازییەوە هیوا ناخوازێت دەوڵەتێک ببینێت کە ئەگەری هەیە ببێتە ڕکابەری و سەرچاوەی وزەی گەورەتری هەبێت، چونکە وزە سەرچاوەیەکی هەستیارە بۆ هەر دۆخێکی دوژمنایەتی، بەتایبەت ئەگەری بەشداری لە زیادکردنی توانا سەربازییەکان. پاراستنی باڵادەستیی سەربازی زۆر گرنگە لەم دۆخەدا ڕێگەدان بە چاودێریکردنی بەکارهێنانی وزە لە دەوڵەتە ڕکابەرەکەدا. لە کاتی ململانێکاندا یەکێک لە کاریگەرترین ڕێگاکان بۆ

43- Liu Xencheng, China's Energy Security and Its Grand Strategy (The Stanley Foundation policy analysis briefs. September, 2006), 4.

44- Erica S. Downs, Energy Security Series: china. (The Brookings Foreign policy studies, Brookings Institution, December 2006), 13.

شکستپێهێنانی نەیار بریتییە لە بڕینی سەرچاوەکانی وزە و هێڵەکانی دابینکردنی. ئەم تێگەیشتنە بۆ ئاسایشی وزە پێویستی بە بەدەستهێنانی خۆژێنی (Self-sufficiency) هەیە لە وزەدا، یان لانی کەم هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن و تێکەڵەی وزەی بەکارهاتوو، و دانانی یەدەگی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پچڕانێکی لەناکاوی دابینکردن[٤٥]. ڕوانگەی واقیعگەرایی مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی وزە دەکات وەک پرسێکی ستراتیژی، چونکە پێویستی بە کێبڕکێیە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ستراتیژییەکانی وزە. نەوت لێرەدا دەگۆڕێت بۆ کاڵایەکی دەگمەن و بەنرخ ، دەکرێت وەک چەکێک بۆ فشار لە گۆڕەپانی جیهانیدا بەکاربهێنرێت[٤٦].

**دووەم:** ڕوانگەی **لیبراڵی ( The Liberal Perspective):** ئەم ڕوانگەیە لە ماوەی هەشتاکاندا دەرکەوت وەک تەحەدایەک بۆ ڕوانگەی واقیعگەرایی. ئەم ڕوانگەیە لەوەوە دەست پێدەکات کە دۆزینەوەی بەردەوامی پێگە نەوتییەکان و زیادبوونی ڕۆڵی وڵاتانی بەرهەمهێنەر لە دەرەوەی چوارچێوەی "ئۆپێک" و ئەوانی تر، گرنگیی ستراتیژیی نەوتی کەمکردۆتەوە و دەبێت وەک کاڵایەکی ئاسایی سەیر بکرێت. بەواتایەکی تر، بەپێی ئەم دیدگایە، وزە کاڵایەکی بازرگانیی ئاساییە و باشترین زامنی ئاسایشەکەی بریتییە لە کەمکردنەوەی بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی و وەبەرهێنان، نەک دەستێوەردانی سەربازی. لێرەدا هاوکاریی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ڕێکخستنی خواست و خستنەڕوودا[٤٧].

**سێیەم: تێڕوانینی توێژەرانی چینی (The Chinese Scholars' Perspective):**

پرۆفیسۆری چینی ژانگ جیان-شین (Zhang Jianxin) لە زانکۆی فودان لە شەنگەهای، پێی وایە چین مۆدێلێکی تێکەڵی لە نێوان واقیعگەرایی و لیبراڵیزمدا دروست کردووە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە چین هەوڵ دەدات زۆرترین دەستکەوت بە کەمترین تێچوو بەدەستبهێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکاتی ئامرازە سیاسی، ئابووری و تەنانەت سەربازییەکان بۆ پاراستنی هێڵەکانی وزە[٤٨]. هاوکات، شارەزای ناوداری چینی وو لای (Wu Lei) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرسی وزە لە چیندا چووەتە "جەرگەی بایەخە نەتەوەییەکان". بە بڕوای (وو لای)، ئاسایشی وزەی چین تەنها پەیوەست نییە بە گەشەی ئابووری، بەڵکو لێکەوتەی قووڵی لەسەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسیی وڵاتەکە هەیە و وەک مەرجێکی سەرەکی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی چین دەبینرێت [٤٩]. چینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاسایشی وزە لەسەر ئەم توخمانەی خوارەوە دەوەستێت[٥٠]:

1 .**دابینکاریی پێویست :**بریتییە لە دەستگەیشتن بە دابینکاریی پێویست لە وزە بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی گەشەی ئابووری

45- Zhang Jianxin, "Oil Security Reshapes China's Foreign Policy," Working Paper No. 9. Center on Chinas Transnational relation. The Hong Kong University of science and Technology. (2006): 2.

46- Christian Constantin, "China's Conception of Energy Security: Sources and International Impacts". Working Paper No. 43. (March 2005): 1.

47- عبد القادر دندن، "الإستراتيجية الصينية لأمن الطاقة وتأثيرها على الاستقرار في محيطها الإقليمي: آسيا الوسطى – جنوب آسيا- شرق وجنوب شرق آسيا". مصدر سابق، □□□.

48-Zhang Jianxin, "Oil Security Strategy and China's Foreign Policy," Journal of International Relations (Shanghai International Studies University), no. 3 (2006): 12-18.

49- Wu Lei, China's Oil Security: Problems and Strategies (Beijing: China Social Sciences Press, 2003), 45-50.

50- تلميذ أحمد، "الصين والهند والولايات المتحدة الأمريكية: التنافس على موارد الطاقة". أبو ظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، □□□□، □□□.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

2. **نرخی گونجاو :**لە دیدگای حکومەتی چینەوە، ئاسایشی وزە بەهێز دەکرێت لە ڕێگەی نرخی گونجاو کە بتوانێت لە ڕێگەیەوە پارێزگاری لە ئاستی گەشە ئابوورییەکەی بکات

3. **گەیاندنی ئارام بۆ هاوردەکان :**توخمی سێیەم بریتییە لە گەیاندنی ئارام بۆ هاوردەکانی وزە. ئەم توخمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چین توانای پێویستی نییە بۆ پاراستنی کەشتییە دەریاییەکان، لەکاتێکدا هاوردەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشێوەیەکی گەورە گەشە دەکات کە بە ٥٠-٨٠٪ یان زیاتر لە داهاتوودا لە پێداویستییەکانی دەخەملێنرێت، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیمەنەی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا هەیە، لەوانەش ڕێڕەوەکانی پەیوەندی دەریایی لە گەرووی هورمزەوە تا گەرووی مەلاکا، و ئەمەش ئاڵنگارییەک لەبەردەم چین و ئامانجێک بۆ ستراتیژییەتی چین پێک دەهێنێت کە خۆبەدوورگرتنە لەم لاوازییە.

4. **هەمەچەشنکردن :**لە ڕووی جۆری وزە و سەرچاوەی وزەوە، دەبینین چین هەوڵ دەدات بەکارهێنانی وزە هەمەچەشن بکات (نەوت، گاز، وزەی کارۆئاوی، وزەی ئەتۆمی)، وێڕای سووربوونی لەسەر هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە، مەبەست لێرەدا هاوردەکردنە لە ناوچەی جیاوازەوە تاوەکو بارمتەی یەک سەرچاوەی دابینکار نەبێت.

5. **وەبەرهێنان :**بەهۆی قەبارەی ئەو داواکارییەی ئابووری چین بۆ وزە هەیەتی، چین لە کڕیارەوە (بۆ نەوت و گاز) گۆڕاوە بۆ وەبەرهێنەر لە ناوچەکانی بەرهەمهێنانی جیهانی و چوونە ناوەوە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی بۆ ناو شەراکەتی وەبەرهێنان لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەر لە (گەڕان، دەرهێنان، و بەبازاڕکردن). ئەمە متمانەی پێ دەبەخشێت لە بازاڕی وزەدا لە ڕێگەی خۆبەدوورگرتن لە موزایەدەکانی بازاڕ و پچڕانی لەناکاو لە دابینکردن، جگە لەوەی ئەم سیاسەتە پرۆسەیەکی وەبەرهێنانی قازانجویستە بۆی و تەنها ئامانجی هەناردەکردنی بەرهەم نییە بۆ بازاڕی چین

لەم چوارچێوەیەدا چین ئامانجیەتی تاوەکو ساڵی ٢٠٣٥، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێک بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی وڵاتێکی تا ڕادەیەک پێشکەوتوو. هەرچەندە پێناسەیەکی گشتی و قبوڵکراو بۆ (وڵاتی تا ڕادەیەک پێشکەوتوو) بوونی نییە، بەڵام بانکی جیهانی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری، بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی وڵاتانی خاوەن داهاتی بەرز و پێشکەوتوو، ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێکیان لەنێوان ٢٠,٠٠٠ بۆ ٤٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیدا دیاریکردووە. لەساڵی ٢٠١٩دا، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێک لە چین لە ئاستی ١٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیدا بوو چین دەیەوێت ڕێژەی گەشەی ڕاستەقینەی جێگیری خۆی بۆ ئاستێکی بەرزتر ببات[٥١]. بۆیە دیدگای چین بۆ ساڵی ٢٠٣٥ بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە[٥٢]:

١. پێشینەدان بە کوالیتی گەشەکردن، نەک بڕی گەشەکردن.

٢. گۆڕینی چین بۆ ناوەندێکی بەهێزی تەکنەلۆژی و بەرهەمهێنان کە پشت بە خۆی دەبەستێت.

٣. خێراکردنی هەنگاوەکان بەرەو ئابوورییەکی کەمکاربۆن بۆ یارمەتیدان لە گەیشتن بە ئامانجە کەشوهەواییەکانی ساڵانی ٢٠٣٠/٢٠٦٠.

٤. گەیشتن بە (گەشەپێدانی هاوبەش) لە ڕێگەی ستراتیژی نوێی بوژاندنەوەی لادێکان و فراوانکردنی شارەکان.

٥. پێشکەوتن لە ڕێگەی ئازادکردنی پلە بە پلەی ژینگەی کارکردن و دابینکردنی مۆدێلی ئابووری نیولیبراڵ.

51- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi"48.

52- United Nations Development Programme (UNDP). *China's 14th Five-Year Plan*. New York: UNDP, 2021. Availble at: https://www.undp.org/china/publications/issue-brief-chinas-14th-five-year-plan (accessed February 19, 2026,)

٦. بەرزکردنەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی چین لە بەڕێوەبردنی ئابووری ناوچەیی و جیهانیدا.

٧. بەڕێوەبردنی کێبڕکێی زلهێزەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە لایەکی تر، یەکەمین مەرجی کۆماری گەلی چین بۆ بوون بە زلهێزێکی جیهانی تاوەکو ساڵی ٢٠٤٩، پێشکەوتنی ئابوورییە. بنەمای ئەم پێشکەوتنە ئابوورییەش پشتی بە بەرهەمهێنان بەستووە. چین، هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری، خۆشگوزەرانیی گەل و مۆدێرنیزەکردنی سوپاکەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. گرنگترین کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانەش بریتی دەبێت لە بەردەوامیی ڕژێمی کۆمۆنیستی لە چین. لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا، ئەولەویەت دراوە بەو وڵاتانەی کە خاوەنی سەرچاوەکانی وزەن. پەیوەندییەکان کە لەسەر بنەمای (بردنەوە)ی دوولایەنە بەڕێوەدەبرێن، زیاتر لەگەڵ وڵاتە گەشەسەندووەکانی ئاسایای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا ئەنجام دەدرێن. دامەزراندنی ئەم پەیوەندییانە لەلایەن چینەوە، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ئەو دەوڵەتەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی جددی کردۆتەوەو وڵاتەکە بە (کۆلۆنیالیستی سەدەی نوێ) ناوزەند دەکەن[٥٣].

هەنگاوەکانی بووژانەوەی ئابووری، لەلایەن دێنگ شیاوپینگەوە دەستیان پێکرد کە لەدوای مردنی ماو هاتە سەر دەسەڵات و، بووژانەوەکانی بوونە زامنی بەدەستهێنانی پێگەیەکی گرنگ بۆ چین لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. لەیادمان نەچێت؛ پێشکەوتنی ئابووری لەهەمانکاتدا وەک گرنگترین هۆکار بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی ڕژێمی چین سەیر دەکرێت. ستراتیژی بەردەوامیدان بە گەشەی ئابووری و پەرەپێدان، پاڵی بە چینەوە ناوە کە توانای بەرهەمهێنانی خۆی بەرز بکاتەوە. بەڵام بەرزکردنەوەی ئەم توانای بەرهەمهێنانەش، لەگەڵ خۆیدا پێویستیی بۆ وزە هێناوەتە ئاراوە. ئەم پێویستیی ڕوو لە هەڵکشانەی وزەیەش، چەمکێکی گرنگی خستووەتە بەردەم ئیدارەی چین کە بریتین لە (ئاسایشی وزە) . ئاسایشی وزە ڕۆڵێکی باڵای لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا دەگێڕێت و وەک یەکەیەکی گشتگیر و تەواوکەر، شانبەشانی ئاسایشی نیشتمانی و هێزی ئابووری لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت[٥٤]. دەکرێت سیاسەتەکانی ئاسایشی وزەی چین بەسەر سێ قۆناغی مێژوویدا دابەش بکرێن[٥٥]:

- یەکەمیان، قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٩٢ کە بریتییە لە هزری پشت بەخۆبەستن.
- دووەمیان، ساڵانی نێوان ١٩٩٣-٢٠٠٢ کە تێیدا چەمکی وزەی پابەندبوو بە خواستەوە کاری پێدەکرا.
- سێیەمیشیان، پرۆسەی دۆزینەوەی سەرچاوە، هەمەجۆرکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی وزەیە، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە تاوەکو ئێستا پەیڕەوی لێدەکرێت.

لەنێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، وڵاتانی (هۆنگ کۆنگ، سەنگاپوورە و کۆریای باشوور) کە بە (پڵنگەکانی ئاسیا) ناودەبران، بەخێرایی ئابوورییەکانیان گەشەی کرد. هەرچەندە چین کە لەگەڵ دەسەڵاتی دێنگ شیاوپینگدا گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی، بەڵام بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئاسیا هێشتا گەشەیەکی خاوتری هەبوو. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ کشانەوەی یارمەتیی سۆڤیەت و کارمەندە تەکنیکییەکانی لە ساڵی ١٩٥٩، ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو، لەگەڵ دانپێدانان بە تایوان لەبری چین تاوەکو ساڵی ١٩٧٩. پرۆسەی چاکسازی کە لەساڵی ١٩٧٨ەوە چەکەرەی کرد، بە چاکسازیی کشتوکاڵی (زەوی و زار) دەستیپێکرد و بەرەو ئابووریی بازاڕ هەنگاوی نا. ئەم بزووتنەوەی چاکسازییە سەرەتا لە بەشەکانی باشووری چینەوە بەسەرکەوتوویی دەستیپێکرد و بەردەوامیی هەبوو. لەڕاستیدا گواستنەوە بۆ ئابووریی بازاڕ، کۆچکردنی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان زیادکرد و چین کەرتی پیشەسازیی کردە

[53]- Deniz İstikbal,"Rejimin Meşruiyeti ve Enerji Güvenliği: Çin Komünist Partisinin Enerji Politikaları." Uluslararası Ekonomi, İşletme ve Politika Dergisi 3, No. 1 (2019): 57-58.
[54]- Kutay Karaca, R. "Çin'in Değişen Enerji Stratejisinin Dış Politikasına Etkileri (1990-2010)." Uluslararası İlişkiler 9, No. 33 (2012): 94.
[55]- Deniz İstikbal,"Rejimin Meşruiyeti ve Enerji Güvenliği: Çin Komünist Partisinin Enerji Politikaları." 52-56.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

بنەمای گەشەپێدانی ئابووریی خۆی. سەرەتا ژێرخان و بارودۆخە فیزیکییەکانی لەناوخۆی وڵاتدا باشتر کرد، دواتر بە پشتگیریکردنی کەرتی وزە و پیشەسازیی قورس، هەناردەی زیادکرد[٥٦].

لەساڵی ١٩٩٥دا، چین بووە وڵاتێک کە زیاتر لە بەرهەمهێنانی کەلوپەل، وزەی بەکاردەهێنا. ستراتیژیی نوێبوونەوەکەی دێنگ شیاوپینگ پشکێکی گەورەی هەیە لەوەی کە چین ببێتە وڵاتێک کە ئاوا پێویستی بە وزە بێت. ئەم ستراتیژیی نوێبوونەوەیە لە سێ هەنگاوی گرنگ پێکدێت. یەکەم هەنگاوی گرنگ و مەرجی سەرەتایی، بەهێزبوونی ئابوورییە. هەنگاوی دووەم، چارەسەرکردنی کێشەی تایوانە، کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا شوێنێکی گرنگی هەیە. هەنگاوی سێیەم و کۆتاییش بریتییە لە بەرەوپێشبردنی هێزی ئابووریی خۆی بۆ قۆناغێکی باڵاتر و بوون بە زلهێز[٥٧]. هەروەها:

- چین لە قەیرانی ئاسیای ساڵی ١٩٩٧دا، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی باجی گومرگی، دابینکردنی ماددەی خاوی هەرزان و گواستنەوەی پارەی نەختینەیی کە بۆ وڵاتە گەشەسەندوو و بچووکەکانی ئاسیا ئەنجامی دان، پێگەیەکی گرنگی لە ئاسیادا بەدەستهێنا و پێشی ژاپۆنی دایەوە[٥٨].
- چین لە ساڵی ٢٠٠١دا، بووە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە کرانەوەی چین بەرووی بازاڕی جیهانیدا. بەگوێرەی داتاکانی ساڵی ٢٠١١، لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا، چین پێشی ئەمریکای دایەوە و بووە پێشەنگی جیهان[٥٩].

هەر لە درێژەی ئەم گەشەسەندنەی چیندا دەتوانین ئاماژە بە پشکی کەرتی پیشەسازی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بکەین کە بە ڕێژەی ٤٠٪ زیادیکرد! دواتر چالاکییە چڕەکانی بەرهەمهێنان و هەنگاوەکانی بەهێزکردنی ئابووری، وایانکرد چین بگاتە لوتکەی دابینکردنی وزە و، لە ئەنجامدا ئاسایشی وزە بووە بابەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوە. جێگەی باسە چین لە ساڵی ١٩٩٣ەوە بووە هاوردەکاری نەوت، لەساڵی ٢٠٠٦دا بووە هاوردەکاری خەڵووز و تەنانەت لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٩دا داواکاریی بۆ خەڵووز گەیشتە لوتکە. پاشان لەساڵی ٢٠١٩دا بووە گەورەترین هاوردەکاری نەوتی خاو، تەنانەت پێشبینی دەکرێت لەنێوان ساڵانی ٢٠٣١ و ٢٠٣٥دا داواکاریی ئەو وڵاتە بۆ نەوت بگاتە لوتکە[٦٠].

بەردەوامیی ئەم گەشە ئابوورییە، بەستراوەتەوە بەو سیاسەتە تێکەڵەیەی چین بەرامبەر بە وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی وزە پەیڕەوی دەکات. چین لە ڕێگەی ستراتیژیی (نەوت بەرامبەر ژێرخان) یان (کاڵا بەرامبەر وزە) توانیویەتی ئاسایشی دابینکردنی وزە مسۆگەر بکات. بۆ نموونە[٦١]:

- لە ئاسیای ناوەڕاست (کازاخستان و تورکمانستان): چین لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە بۆرییەکانی گاز و نەوت و ناردنی کاڵای پیشەسازی، وزەی ئەم وڵاتانەی مسۆگەر کردووە.
- لە ئەفریقا (ئەنگۆلا، سوودان و نەیجیریا): چین لە بەرامبەر دەرهێنانی نەوت، پرۆژەی گەورەی ڕێگاوبان، پرد و تەنانەت هاوکاریی سەربازی و چەک پێشکەش بەم وڵاتانە دەکات.
- لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەبستانی سعوودی، عێراق و ئێران): چین گەورەترین کڕیاری نەوتی ئەم وڵاتانەیە و لە بەرامبەردا کاڵای تەکنەلۆژی، ئامێری پیشەسازی و وەبەرهێنانی درێژخایەنیان بۆ دابین دەکات

56- Hasan Görkem Özkan, "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi." Master's thesis, National Defense University (MSU), 2020, 52.

57- Kutay Karaca, R. "Çin'in Değişen Enerji Stratejisinin Dış Politikasına Etkileri (1990-2010)." 95.

58- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 22.

59- Jaques, Martin. Çin Hükmettiğinde Dünyayı Neler Bekliyor?. Translated by Sami Oğuz. Ankara: Akılçelen Kitaplar, 2016, 14-15.

60- Hasan Görkem Özkan, "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi." 81-91.

61- Erica Downs, China's Energy Security (Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2006), 25-30; and Michal Meidan, The Structure of China's Oil Industry: Past, Present and Future (Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2016), 12-15.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم گەورەترین وڵاتی بەکاربەری نەوت و سێیەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتە لە جیهاندا. ڕێژەی ٥٠٪ی هاوردەی نەوت لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دابین دەکات[٦٢]. گرنگترین کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان بنەچەیان ئەمریکییە. ئەم بارودۆخە بۆ چین بەو مانایە دێت کە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە، نەک تەنها دەبێت پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە دەوڵەمەندەکان دابمەزرێنێت، بەڵکو لەپێناو ئەم کێبڕکێیەی بازاڕی وزەدا، پێویستە سیاسەتەکانی ئاسایشی وزەی خۆی دووبارە دابڕێژێتەوە. چین کاتێک وەبەرهێنان لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەکات، ئاگاداری ئەوەیە کە کۆمپانیا ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان لەوێ نەبن. چونکە لە بنچینەدا ستراتیژییەکانی وەک دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی، بەکارهێنانی هێزی نەرم، خێرایی لە کارەکانی ژێرخان و وەبەرهێناندا، ئابووری چین ئاراستە دەکەن[٦٣].

جێگەی ئاماژەیە، نزیکەی نیوەی ئەو نەوتەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەنارده دەکرێت ڕووی لە بازاڕەکانی ئاسیایە[٦٤] . بەهۆی کەمیی هێڵە بۆریی نێوان کیشوەرییەکان، چین ناچارە زۆربەی وزەی هاوردەکراو لە ڕێگەی دەریاوە بگوازێتەوە، ئەمەش وڵاتەکە ڕووبەڕووی (تەنگژەی مەلەکا - Malacca Dilemma) دەکاتەوە؛ چونکە ڕێڕەوە دەریاییەکان لەژێر هەژموونی هێزی دەریایی ئەمریکادان. لە هەر ئەگەرێکی ململانێدا، کۆنترۆڵی ئەمریکا بەسەر ئەم ڕێڕەوانەدا وەک هەڕەشەیەکی ستراتیژی بۆ سەر ئاسایشی وزەی چین دەبینرێت[٦٥]. ئەم مەترسییە کاتێک زیاتر دەبێت کە گرژییەکانی نێوان واشنتۆن و پەکین لەسەر پرسی تایوان قووڵ دەبنەوە. جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا، چەندین جار جەختی لەسەر پابەندیی وڵاتەکەی بە 'یاسای پەیوەندییەکانی تایوان' (Taiwan Relations Act) کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا ئامادەیە 'بەرگریی سەربازی' لە تایوان بکات ئەگەر هێرشی بکرێتە سەر[٦٦]. ئەم هەڵوێستە نیشانی دەدات کە لە ئەگەری هەر پێکدادانێک لە گەرووی تایوان، ڕێڕەوەکانی دابینکردنی وزەی چین تووشی پچڕان دەبن. جگە لەوەش، کێبڕکێی چین لەگەڵ ژاپۆن و کۆریای باشوور بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان، پەکینی ناچار کردووە پەنا بۆ (ستراتیژیی مرواری - String of Pearls) ببات، کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردن یان وەبەرهێنان لە بەندەرە ستراتیژییەکانی وەک 'گوادەر' لە پاکستان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر هێڵە دەریاییەکان[٦٧].

چین، نیگەرانی هەیە لە ئاسایشی ڕێڕەوەکانی گواستنەوە، بەتایبەتی گەرووی مەلاکە، کە ساڵانە نزیکەی نیو ملیۆن کەشتی پێیدا تێدەپەڕێت. شتێکی ئاشکرایە کە بەشێکی گرنگی ئەو نەوتەی چین هاوردەی دەکات لە ڕێگەی تانکەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت، پاراستنی ئەم ڕێگایانەش بە واتای پاراستنی ڕێڕەوە دەرياییەکان دێت. هەربۆیە چین توانای دەریایی خۆی پەرەپێداوە بەشێوەیەک کە ڕێڕەوی دەریایی ٧٠٠٠ میلیی نێوان شەنگەهای و گەرووی هورمز بگرێتەوە. چین، شانبەشانی تەرکیزخستنە سەر گۆڕینی بەرگری لە (کیشوەرییەوە) بۆ بەرگریی (پەراوێزی)ی ناوچە

62- BP, Energy Outlook 2018 (London: BP, 2018), 6. Available at: https://shorturl.at/3TCNb (accessed February 19, 2026).

63- Kutay, Karaca R. and Müge Yüce. "Çin'in Afrika Kriz Bölgelerindeki Dış Politikasının Analizi: Darfur ve Güney Sudan Örnekleri." SİYASAL: Journal of Political Sciences 29, No. 1 (2019): 10-11.

64- U.S. Energy Information Administration (EIA), "The Strait of Hormuz is the World's Most Important Oil Chokepoint," Today in Energy, 2023. Available at: https://shorturl.at/7qYBX ( Accesses 28 March 2026).

65- Marc Lanteigne, Chinese Foreign Policy: An Introduction, 4th ed. (London: Routledge, 2020), 162-165.

66- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 23.24.

67- Office of the Secretary of Defense, Military and Security Developments Involving the People's Republic of China: Annual Report to Congress (Washington, DC: Department of Defense, 2023), 125-128 Available At: https://shorturl.at/F0lUG (Accesses 28 March 2026).


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

کەناری و دەریاییەکان و مسۆگەرکردنی هاوردەی نەوت یان باڵادەستیی هەرێمی، دەیەوێت ببێتە ئەکتەری دامەزرێنەری ژینگەی ئاسایشی ستراتیژیی گۆڕاو لە ئاسیادا[٦٨].

بە گشتی چین، کە نزیکەی ٢٧٪ی کۆی بەکارهێنانی وزەی جیهان پێکدەهێنێ، یاریزانێکی سەرەکی و بڕیاردەرە لە بازاڕی وزەی جیهانیدا. ئەم پێگە جەوهەرییە وای کردووە پەکین وەک جەمسەرێکی باڵا داوای مافی بەشداریکردن لە داڕشتنی 'سیستەمی حوکمڕانیی وزەی جیهانی' بکات و چیتر تەنها وەک کڕیارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت. ئەم خواستە سیاسی و دیپلۆماسیانە بەشێکن لە ستراتیژیی نوێی چین بۆ دووپاتکردنەوەی هەژموونی خۆی لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە تێیدا ئاسایشی وزە وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵاتی جیهانی بەکاردەهێنرێت[٦٩]. لە ئەنجامی ئەم هەوڵە بەردەوامانەدا، چوار لایەنی تایبەت لە ستراتیژییە دەرەکییەکانی وزەی چین گەشەیان کردووە، کە ئەمانەن[٧٠]:

- زیادکردنی هاوردەکردنی نەوت لە ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاستەوە.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی هاوردەکردنی نەوتی خاو لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین.
- ڕێگریکردن لە پچڕانی چاوەڕواننەکراوی ڕێڕەوی وزە لە ڕێگەی هەمەجۆرکردنی هاوردەکانی وزەی چینەوە.
- هاندان و بەهێزکردنی هاریکاریی وزەی هەرێمی و دوولایەنە.

بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی وەکو ئەگەری ڕوودانی پێکدادان لە هەر ساتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوونی ئەمریکا و ڕووسیا لە ناوچەکە، گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران و پشتبەستن بە وزەی کیشوەری ئەفریقیا، چین هەوڵدەدات لە ڕێگەی سەرچاوەکانی وزەی ئاسیای ناوەراست ئەفریقیا هاوسەنگی بۆ دابینکردنی وزەی خۆی دروست بکات. هۆکاری سەرەکیی پێشکەوتوویی وەبەرهێنانەکانی چین لە ئاسیای ناوراست ئەفریقیا بریتییە لە سیاسەتی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی هەموو ئەو وڵاتانەی کە وەبەرهێنانی تێدا دەکات و مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا وەک هاوتایەک. واژۆکردنی ڕێککەوتنەکان بۆ ماوەی درێژخایەن، هاوبەشکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری و خێرایی لە دروستکردنی ئەو ژێرخانەی کە وڵاتانی هەردوو ناوچەکە پێویستیان پێیەتی، حکومەتەکانی ئاسیای ناوەراست ئەفریقیا هاندەدات بۆ ئەوەی هاریکاری لەگەڵ چیندا بکەن[٧١].

بابەتێکی دیکە کە هەڕەشە لە ئاسایشی وزەی چین دەکات، ناکۆکییەکانی سەر دوورگە سنوورییەکانە. کێشەکانی دەریای باشووری چین لەسەر ناکۆکییەکانی سەروەریی دوورگەکانی پاراسێل و سپراتلی بەردەوامن. دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە لە دەوروبەری دوورگەکان و پێگەی ستراتیژییان لە گواستنەوەی وزەدا، چین، ژاپۆن و کۆریای باشووری ڕووبەڕووی یەکتر کردووەتەوە. چین بە دروستکردنی دوورگەی دەستکرد کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٤٢٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، هەوڵدەدات پێگەی ئابووری و ستراتیژیی خۆی لە دەریای باشووری چین و گەرووی مەلاکەدا لە بەرامبەر ژاپۆن و کۆریای باشوور بپارێزێت. بوونی دەوروبەری دوورگەکان بە یەکێک لە ڕێڕەوە چڕ و گرنگەکانی گواستنەوەی دەریایی، پێشبینیکردنی یەدەگی گەورەی وزە لە دەوروبەری و بوونی سەرچاوەی بەنرخی ماسیگرتن، گرنگیی ناوچەکەی زیاتر کردووە. هەروەها چین لە ڕێگەی دروستکردنی فڕۆکەخانە، بەندەر و بنکەی سەربازی لەسەر ئەم دوورگە دەستکردانە، وەبەرهێنان لە ئاسایشی ناوچەکەدا دەکات. کێشەیەکی دیکەی هاوشێوە بریتییە لە

68- Christopher B. Pultz, "The PLA and China’s Changing Security Environment," Strategic Insight Vol. 2. Issue 1(2003): 1-4.

69-Lydia Powell, Akhilesh Sati, and Vinod Kumar Tomar, "New Energy Dominance: America Versus China," Observer Research Foundation (ORF), April 12, 2023, Available at : https://shorturl.at/xmkqg (Accesses 28, 2026).

70- Xu Yi-Chong, "China’s Energy Security," Australian Journal of International Affairs, Vol. 60, No. 2 (2006): 272-274.

71- Kutay, Karaca R. and Müge Yüce. "Çin’in Afrika Kriz Bölgelerindeki Dış Politikasının Analizi: Darfur ve Güney Sudan Örnekleri." 7.

دوورگەکانی دیائۆیو / سێنکاکو لە دەریای ڕۆژهەڵاتی چین. خواستی ژاپۆن و چین بۆ خاوەندارێتیی ئەم کۆمەڵە دوورگەیە، بەرەو کێبڕکێیەکی ستراتیژی بردوون[٧٢].

گرنگترین فاکتەر بۆ ئەوەی چین بگات بەو ڕێژەی گەشەسەندنەی کە کردوویەتییە ئامانج، ئاسایشی وزەیە. لەم چوارچێوەیەدا، (شۆڕشی وزە) کە لەلایەن شی جینپینگەوە ڕاگەیەندرا، بووە نەخشەڕێگای پلانە پێنج ساڵییەکان بۆ گواستنەوە بەرەو وزەی پاک و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەکنەلۆژی. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا، دەردەکەوێت کە چین لە چوارچێوەی پلانی (دروستکراوی چین ٢٠٢٥)دا سەرکەوتنی بەرچاوی لە کەرتی وزەی نوێبووەوەدا بەدەستهێناوە؛ بە جۆرێک کە ئێستا چین پێشەنگی جیهانییە لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی، پاتریی لیسیۆم، و پانێڵی سۆلاردا[٧٣]. هەرچەندە چین توانیویەتی پشکی وزەی پاک لە تێکەڵەی وزەی نیشتمانیدا بۆ سەروو ٢٥٪ بەرز بکاتەوە، بەڵام هێشتا پشتبەستن بە هاوردەکردنی نەوت و گاز وەک تەحەددییەکی ستراتیژی ماوەتەوە[٧٤]. لێرەوە، ئاسایشی وزە نەک هەر لاواز نەبووە، بەڵکو لە قۆناغی دوای ٢٠٢٥دا زیاتر چڕبووەتەوە لەسەر 'ئاسایشی زنجیرەی دابینکردنی تەکنەلۆژیای سەوز'، کە ئێستا چەقی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسیی وزەی چینی پێکدەهێنێ[٧٥].

پشتبەستن بە وزەی دەرەکی، سەختییەکانی وەک گواستنەوەی وزە، کێشەکانی سیستەم و دژواریی گەیشتن بە وزە، لە جیهانی ئەمڕۆدا ئاسایشی وزەیان کردووەتە سیاسەتی یەکەم. هەر بۆیە چین هەوڵدەدات بازاڕەکانی وزە، سەرچاوەکانی وزە و ڕێڕەوەکانی گەیشتن بە وزە مسۆگەر بکات. بەم شێوەیە، چین گرنگییەکی زۆر بە هاریکاری و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەدات. لە ڕاپۆرتی سیاسەتی وزەدا کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە چین بڵاوکرایەوە، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چین ئامانجیەتی لە ڕێگەی هاریکاریی نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی گەورەوە، ئاسایشی دابینکردنی وزە مسۆگەر بکات لەم چوارچیوەیەدا چین، ئامانجی پەیڕەوکردنی بنەمای (براوە)ی دوولایەنەیە، لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی وزەدا پێشینە دەدات بە بنەمای یەکسانی و سوودی دوولایەنە. ئەوان ئەو بۆچوونەیان خستووەتەڕوو کە ئەگەر میکانیزمی بەڕێوەبردنی وزە دادپەروەرانە و ژیرانە بێت، ئەوا بازاڕی وزەی جیهانی بەشێوەیەکی سەقامگیر پێشدەکەوێت[٧٦]. هاوشانی ئەمانە، هەریەکە لە تەوەرەکانی مسۆگەرکردنی سەقامگیریی بازاڕ، پەیکەری شەفافی بازاڕ کە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی دروستی داتاوە بەدیدێت، سیستەمێکی دادپەروەرانەی نرخاندنی وزە و دیالۆگی پێشکەوتووی سیاسەتی وزە، گرنگیی زۆریان دەبێت بۆ دابینکردنی ئەم هاریکاری و دانووستانە. هەربۆیە دابینکردنی هەمەجۆریی وزە بۆ ئاسایشی وزە، نرخاندنی وزە و کاریگەرییەکانی بارودۆخی نەرێنیی ژینگە، ئەو بوارانەن کە پێویستە بەتایبەتی کاریان لەسەر بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، بەدەستهێنانی وزە بەشێوەیەکی بێکێشە و بەردەوام، دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزی ئابووری و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی ڕژێمی چین، هەربۆیە ئاسایشی وزە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی زۆر پێویستە و تەنانەت بنچینەی سیاسەتی دەرەوەی چین پێکدەهێنێت[٧٧].

72-New Air Bases, Baby Cabbage Key to Chinese Long-Term Claims in South China Sea, Available at: https://shorturl.at/9dd0i (accessed February 19, 2026).

73- International Energy Agency (IEA), Renewables 2024: Analysis and Forecast to 2030 (Paris: IEA Publications, 2024), 45-48.

74- China Power Team, "How is China's Energy Security Changing?," ChinaPower Project, Center for Strategic and International Studies (CSIS), Updated August 2024, Available at https://chinapower.csis.org/energy-security/. (Accessed 28 march 2026).

75- Michal Meidan, China's Energy Transition: After the 2025 Landmark (Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2025), 10-14.

76- Sevim, Cenk. "Küresel Enerji Jeopolitiği ve Enerji Güvenliği." Yaşar Üniversitesi Dergisi 7, No. 26 (2012): 4386.

77- Deniz İstikbal,"Rejimin Meşruiyeti ve Enerji Güvenliği: Çin Komünist Partisinin Enerji Politikaları." 59-60.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

چین لە (کتێبی ستراتیژی بەرگریی نیشتمانی)دا کە لە ساڵی ٢٠١٩دا بڵاوی کردەوە، ڕایگەیاندووە کە لە ڕێگەی هاریکارییەوە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانی بازاڕی وزەدا دەگەڕێن و، ئامانجیان سیاسەتێکی[٧٨]:

- چوارچێوەی نێودەوڵەتی و ئاسایشی دابینکردن: چین وەک ئەندامێکی دامەزرێنەری (کۆڕبەندی نێودەوڵەتیی وزە )لە ساڵی ٢٠١٥ەوە ڕۆڵێکی کارا لە داڕشتنی سیاسەتەکانی وزەدا دەگێڕێت. ستراتیژی پەکین لەسەر بنەمای "ئاسایشی دابینکردنی بەردەوام" داڕێژراوە؛ بۆ ئەم مەبەستەش، بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی دەریای باشووری چین، جەختی کردووەتە سەر گواستنەوەی وزە لە ڕێگەی "بۆرییەوە" لەبری ڕێگە دەریاییەکان. لە لایەکی تر، چین لە ڕێگەی (ڕێکخراوی هاریکاریی شەنگەهای) نەک تەنها وزەی ئاسیا مسۆگەر دەکات، بەڵکو پێگەی سیاسی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی هەرێمی ئویغور بەکاردێنێت.
- وەبەرهێنان لە ئەفریقا و وڵاتانی عەرەبی: چین پەیوەندیی درێژخایەنی لەگەڵ ئۆپێک و وڵاتانی کەنداو هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ٢٠٪ی وەبەرهێنانی وزەی چین لە ئەفریقا بووە. لە ڕێگەی (کۆڕبەندی هاریکاریی چین-ئەفریقا) و (پلانی کاری پەکین ٢٠١٩-٢٠٢١)، چین وەبەرهێنانی لە گەڕان، ژێرخانی تەکنەلۆژی، و وزە نوێبووەوەکان (بەتایبەت وزەی خۆر) کردووە. نایجیریا و ئەنگۆلا وەک دوو دابینکەری سەرەکیی نەوت و کەرتی کارەبا لە پێشینەی کارەکانی چینن.
- فراوانخوازی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا(ASEAN): کۆمپانیا نیشتمانییەکانی چین وەک PetroChina, Huadin, Three Gorges, Huanengپرۆژەی گەورەی وێستگەی کارۆئاوی، هێڵی بۆری و گەڕان بەدوای سەرچاوەکان لە وڵاتانی (میانمار، لاوس، ئەندەنوسیا، ڤێتنام، کەمبۆدیا و مالیزیا) جێبەجێ دەکەن. هەروەها سەنگاپوورە و گەرووی مەلاکە بەهۆی پێگە جیۆپۆلەتیکییەکەیانەوە گرنگییەکی ستراتیژییان لەم نەخشەیەدا هەیە.
- ڕۆژەی ڕێگەی پشتێن و بازنە ئەمنییەکان: چین ئاسایشی نیشتمانیی خۆی لە چوار بازنەدا پێناسە کردووە (بازنەی ناوخۆ و تایوان، بازنەی دراوسێ نزیکەکان، بازنەی ئاسیا پاسیفیک، بازنەی جیهان). لەگەڵ ئەمانەشدا، پرۆژەی ڕێگەی پشتێن لە چوارچێوەی تێڕوانینی چین بۆ ئاسایشی نیشتمانی، لەپێناو مسۆگەرکردنی ئاسایشی دابینکردنی وزەدا داڕێژراوە. بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی؛ پرۆژەیەکە کە ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی وەبەرهێنانە لەڕێگەی هاریکاری و ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ٦٥ وڵاتدا، کە ئەم وڵاتانە پێکەوە ٣٠٪ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، ٦٢٪ی دانیشتووانی جیهان و ٧٥٪ی سەرچاوە دۆزراوەکانی وزەی جیهان پێکدەهێنن. بۆیە ئامانجی ئەم پرۆژەیە دروستکردنی "سوپەرگرید"ی کارەبایە بۆ بەستنەوەی ئاسیا بە ئەورووپا و وابەستەکردنی وڵاتانی دراوسێ بە کارەبای چینەوە[٧٩].
- ڕێڕەوەکانی وزە و تێپەڕاندنی فشارەکانی ئەمریکا: "چین بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی خۆی، ستراتیژیی 'فرەچەشنکردنی سەرچاوەکان و ڕێڕەوەکانی گواستنەوە' پەیڕەو دەکات. هەرچەندە بەپێی ئامارەکانی ئیدارەی زانیاریی وزەی ئەمریکا (EIA) بۆ ساڵی ٢٠٢٤، چین بۆ دابینکردنی نەوتی خاو هێشتا بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتبەستووە بە سەرچاوە دەریاییەکان، بە جۆرێک کە ڕووسیا (٢٠٪)، عەرەبستانی سعوودی (١٤٪)، ئێران

---

[78]- Christoph Nedopil Wang, China Belt and Road Initiative (BRI) Investment Report H1 2021 (Shanghai: Green Finance & Development Center, FISF Fudan University, 2021), Available At: https://shorturl.at/58jiJ (accessed February 19, 2026).

[79]- Hasan Görkem Özkan, "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi." 133-134.

(١١٪)، عێراق (١٠٪)، عومان (٧٪)، ئیمارات (٦٪) و بەرازیل (٦٪) گرنگترین دابینکەرانی نەوتی چینن[٨٠] . بەڵام بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ئەمریکا و تێپەڕاندنی (تەنگژەی مەلەکا)، چین گۆڕانکاریی ستراتیژیی لە ڕێڕەوە وشکانییەکاندا کردووە؛ بەتایبەت لە کەرتی گازی سروشتیدا کە تورکمانستان وەک گەورەترین دابینکەری وشکانی بۆ چین دەمێنێتەوە. چین لە ڕێگەی 'ڕێڕەوی ئابووریی چین-پاکستان' (CPEC) و پەرەپێدانی بەندەری گوادەر لە چوارچێوەی 'ستراتیژیی مرواری'دا، هەوڵ دەدات جێگرەوەیەکی ستراتیژی بۆ گەرووی مەلەکا بدۆزێتەوە. لەم هاوکێشەیەدا، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان وەک ناوچەی ترانزێت و دابینکەری گاز، ڕۆڵی جەوهەری دەگێڕن لە پاراستنی ئاسایشی وزەی چین لە بەرامبەر هەر گەمارۆیەکی دەریایی ئەگەری لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە[٨١].

٢،٣. دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی وزەی کۆماری گەلی چین

لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وزەی چیندا، چوار دامەزراوەی سەرەکی ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن کە ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: (ئەنجومەنی دەوڵەت) بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکار لە چین دادەنرێت. ئەم ئەنجومەنە بەرپرسە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سەرجەم سیاسەتەکانی وڵات، لەنێویاندا سیاسەتی وزە. دووەم: (کۆنگرەی نیشتیمانیی گەل) باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانە لە وڵاتدا. ئەنجومەنی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆنگرەی نیشتیمانیی گەلدا بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی وڵات. سێیەم (پارتی کۆمۆنیستی چین) پارتی فەرمانڕەوای وڵاتە و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی ئاراستە گشتییەکانی سیاسەتی وڵات، بە سیاسەتی وزەشەوە. ئەم پارتە لە ڕێگەی دامەزراوە حزبییەکانییەوە چاودێری و ڕێنمایی حکومەت دەکات. چوارەم: (کۆنفرانسی ڕاوێژکاری سیاسی گەلی چین)، ئەم دامەزراوەیە وەکو دەزگایەکی ڕاوێژکاری سیاسی کاردەکات و ڕۆڵی سەرەکیی بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پێشنیار بە حکومەت و دامەزراوەکانی تر لەسەر پرسە گرنگەکانی وڵات، لەوانەش کەرتی وزە. بەم شێوەیە، حکومەت بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەم چوار دامەزراوە سەرەکییە، بەرپرسیارێتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت و کارە جێبەجێکارییەکانی وزەی لە ئەستۆدایە[٨٢].

وەزارەتی وزەی چین لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزرا. دوای دامەزراندنی وەزارەتی وزە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا و دامەزراوەی دەوڵەتی لە کەرتی وزەدا ئەرکیان پێسپێردرا کە سەر بە حکومەت بوون. لەسەر بەرپرسیارێتی وەزارەتی وزەی چین، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وزەی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزرا. ئەم ئەنجومەنە وەک دەزگایەکی یارمەتیدەر بۆ وەزارەت کاردەکات لە پەرەپێدانی ستراتیژییەکانی وزەدا، وەک چۆن لە داڕشتنی (١٤هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێدان)دا بەشدار بووە. یەکێکی تر لە دامەزراوە گرنگەکان (کۆمیسیۆنی نیشتمانی گەشەپێدان و چاکسازییە) ئەم کۆمیسیۆنە پرسە گرنگەکانی وەک ئاسایشی کەشوهەوا و کارایی وزە تاوتوێ دەکات و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتە پەیوەندیدارەکاندا[٨٣].

خشتەی ژمارە (١): وەزارەتەکان و بەرپرسیارێتیەکان لە بەڕێوەبردنی وزەی چین

| وەزارەتەکان | بەرپرسیارێتییەکانیان |
|---|---|
| دەسەڵاتی وزە نەتەوەیی | ڕۆڵی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی بەشی وزە |

80- U.S. Energy Information Administration (EIA), "China: International Energy Analysis - Country Analysis Brief," Updated 2024, Available at https://www.eia.gov/international/analysis/country/CHN. (Accessed 29 march 2026).

81- International Energy Agency (IEA), The Role of Central Asia in Global Energy Security (Paris: IEA Publications, 2024), 32-35.

82- Erica S. Downs, Energy Security Series: china, 18.

83-International Energy Agency (IEA). World Energy Outlook 2020. Paris: IEA, 2020. Availbe At: https://shorturl.at/ZCr7q (accessed February 19, 2026).

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq** **Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

| | |
|---|---|
| | جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی وزە و دڵنیابوون لە بەردەوامی پرۆژەکانی وزە |
| | پەسەندکردن و پیاچوونەوەی وەبەرهێنانە هەمیشەییەکان لە بەشی وزە، لەنێویاندا چوونەژوورەوە و دەرچوونی سەرمایە |
| | بەڕێوەبردنی گفتوگۆی نێودەوڵەتی لە بوارە وزە |
| | پشتگیریکردن لە چاکسازی لە بەشی وزە |
| | بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی وزە و سەرچاوەکان لە بەشی وزە |
| کۆمیسیۆنی پەرەپێدان و چاکسازی | ڕێکخستنی وەبەرهێنانە هەمیشەییەکان بۆ هەموو بەشەکانی ناوخۆ و دەرەوە |
| | ڕێکخستنی نرخی وزە و دەستپێکردنی دابەشکردنی وزە |
| | داڕشتنی سیاسەت لەبارەی کێشەکانی کەشوهەوا و کارامەیی وزە |

| | |
|---|---|
| وەزارەتی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای زانیاری | دانان و جێبەجێکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی و سیاسەتە پیشەسازییەکان بۆ بەشە پەیوەندیدارەکانی وزە، لەنێویاندا سەیارە کارەباییەکان، پترۆکیمیاییەکان و کیمیاییەکانی خەڵوز |
| | پاراستنی وزە و کەمکردنەوەی چڕی وزە لە بەشە پیشەسازییەکان |
| وەزارەتی زانست و تەکنۆلۆژیا | پشتگیریکردنی داهێنانی تەکنۆلۆژیای وزە |
| وەزارەتی خاک و سەرچاوە سروشتییەکان | چاودێریکردنی پلانەکانی هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی کانزا |
| | ڕێکخستنی تۆمارکردن و دابەشکردنی مۆڵەتی گەڕان و بەرهەمهێنان |
| وەزارەتی دارایی | دابەشکردنی یارمەتییەکانی سوتەمەنی و یارمەتییەکانی وزەی نوێبووەوە |
| وەزارەتی کشتوکاڵ | ڕێنمایی کردن لە پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە لە ناوچە کشتوکاڵییەکان |
| وەزارەتی خانووبەرە و پەرەپێدانی شار و لادێ | ڕاوێژکاری لەسەر کارامەیی وزە لە بیناکان |
| وەزارەتی بازرگانی | جێبەجێکردن و دەرکردنی مۆڵەتی هەناردە و دەرکردنی وزە |
| | ڕێکخستنی وەبەرهێنانی بیانی لە وەبەرهێنانەکانی چین لە دەرەوە |

| | |
|---|---|
| وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو | چاودێریکردنی بابەتە پەیوەندیدارەکانی سەلامەتی دروستکردنی بەنداوی ئاو و شوێنەوارەکان |
| | ڕێنمایی کردن لە پەرەپێدانی وزەی هایدرۆ (هێزی ئاو) لە ناوچە لادێییەکان |
| کۆمیسیۆنی چاودێری و بەڕێوەبردنی سامانی دەوڵەت | چاودێریکردنی سامانەکانی دەوڵەت و دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی ئاست بەرز لە کارگەکانی دەوڵەت پەیوەندیدار بە وزە |
| ئیدارەی دەوڵەتی سەلامەتی کانزای خەڵوز | چاودێریکردنی پۆلێتی و ستانداردەکانی کانزاکاری خەڵوز، لەگەڵ چاودێری سەلامەتی کانزای خەڵوز |
| ئیدارەی دەوڵەتیی زەریا | ڕێکخستنی چالاکییەکانی پەرەپێدانی نەوت و گازی دەریایی |
| ئیدارەی نیشتمانی سەلامەتی ناوەکی | بەرپرسیارە لە هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکانی سەلامەتی وزەی ناوەکی چین |
| ئیدارەی دەوڵەتیی زانست، | پلاندانان بۆ پۆلێتیکەکانی بەکارهێنانی مەدەنی وزەی ناوەکی |

| | |
|---|---|
| تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی بۆ بەرگری نیشتمانی | پێشڕەوی کردن لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانی وزەی ناوەکی لە ناو دەزگای وزەی ناوەکی چین |
| ئیدارەی نیشتمانی ئامار | کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی بەشی وزە |

Kaynak: Hasan Görkem Özkan, "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi." Master's thesis, National Defense University (MSU), 2020, 52.

ئەرکی هەماهەنگیکردن لەنێوان دامەزراوە گرنگەکانی وزەدا، وەک وەزارەتی وزە، بەڕێوەبەرایەتیی نیشتمانیی وزە، کۆمیسیۆنی نیشتمانیی گەشەپێدان و چاکسازی، کۆمیسیۆنی چاودێری و بەڕێوەبردنی سامانی دەوڵەت و چالاکییەکانی وزەی وەزارەتەکانی دیکە، لە ئەستۆی کۆمیسیۆنی نیشتمانیی وزەدایە کە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە. هەموو وەزارەتەکان وەک ئۆرگانی لاوەکی ئەم کۆمیسیۆنە کاردەکەن. هەربۆیە سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی نیشتمانیی وزە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە دیاری دەکرێت[٨٤].

گرنگترین ئەکتەرەکان لە پێکهاتەی بەڕێوەبردنی وزەی چیندا، ئەو کۆمپانیا نیشتمانییە ناوەندییانەن (Central SOEs) کە لەلایەن 'کۆمیسیۆنی چاودێری و بەڕێوەبردنی سامانی دەوڵەت' (SASAC) ئاراستە دەکرێن. بەپێی نوێترین شیکارییە گشتگیرەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤، نزیکەی ٢٧٪ی ئەو کۆمپانیا ناوەندییانەی چین کە پشکەکانیان لە بازاڕە داراییەکاندا تۆمارکراوە (Listed Companies)، ڕاستەوخۆ لە کەرتی وزە و سێکتەرە پەیوەندیدارەکانیدا کاردەکەن[٨٥]. ئەم کۆمپانیا نیشتمانیانە، کە پێکهاتەی دامەزراوەییان لەڕێگەی چاکسازییە ئابوورییەکانەوە داڕێژراوە، وەک ئەکتەری سەرەکیی دەستپێشخەریی 'ڕێگە و پشتێن' (BRI) و قۆڵی جێبەجێکاری دیپلۆماسیی وزەی چین کاردەکەن. لە کەرتی نەوت و گازدا، کۆمپانیاکانی (CNPC)، (Sinopec) و (CNOOC) پێشەنگن، هاوکات لە کەرتی کارەبادا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک (China Energy)، (Huaneng) و (State Power Investment) ڕۆڵی سەرەکی لە دابینکردنی وزەدا دەگێڕن[٨٦].

لە کەرتی وزەی چیندا، چەندین ڕێکخراوی پیشەسازی بوونیان هەیە کە ئەرکەکانیان بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری، ئەنجامدانی کاری توێژینەوە و پەرەپێدان و دروستکردنی دیالۆگی نێودەوڵەتی. ئامانجی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوانە، دابینکردنی پەیوەندییە لەنێوان دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا. هەندێک لەم ڕێکخراوانە بریتین لە ئەنجومەنی کارەبای چین، فیدراسیۆنی پیشەسازیی نەوت و کیمیایی چین و کۆمەڵەی نیشتمانیی خەڵووزی چین.

٣. ئاراستە ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزەی چین لە ئاسیای ناوەڕاست

هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، بووە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکیی لە ژینگەی نێودەوڵەتییدا، ئەمەش زەمینەی بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک دەوڵەتی نوێ ڕەخساند لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا. کۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای ناوەڕاست یەکێک بوون لەو قەوارە سیاسیانەی کە وەکو دەوڵەتێکی نوێ دەرکەوتن لە ناوچەیەکی جوگرافیی پڕ لە جمووجۆڵی سیاسییدا، کە خاوەنی دینامیکییەتێکی

---

[84]- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 32.

[85]- International Energy Agency (IEA), State-Owned Enterprises and the Energy Transition in China (Paris: IEA Publications, 2024), 15-22.

[86]- Daniel Yergin, "Ensuring Energy Security," Foreign Affairs 85, No. 2 (2006): 79 And Michal Meidan, The Evolution of China's Energy Institutions and State-Owned Enterprises (Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2024), 8-12.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

ستراتیژیی سەرنجراکێش بوون، زیندوێتیی ئەو ناوچەیە چەندین تایبەتمەندیی و دەرفەتی جیاوازی لەخۆگرتبوو، ئەمە لە کاتێکدا، بیم و ترسێکی زۆریشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو[٨٧].

٣,١. گرنگی ستراتیژی جوگرافیایی سیاسی وزە لە ئاسیای ناوەراست: بەگشتی لە ئەدەبیاتی جوگرافیای سیاسییدا، پێناسەیەکی یەکگرتوو، کە هەمووان لەسەری کۆک بن سەبارەت بە ئاسیای ناوەڕاست نییە، تەنیا ئەوەندەی هەیە، رێککەوتوون لەسەر ئەوەی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست دەکەوێتە ناو دڵی کیشوەری ئاسیاوە، دوور لە دەریا و زەریای کراوە[٨٨]. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە سنووری جوگرافیی ئەو ناوچەیەوە، دەکرێت جیاوازی لە نێوان دوو تەوژمی سەرەکیدا بکرێت:

تەوژمی یەکەم: یەکێک لە گەورە پسپۆڕانی تایبەت بە کاروباری ئاسیای ناوەڕاست بە ناوی "جێفری هۆیلەر" نوێنەرایەتی ئەم تەوژمە دەکات و پێناسەی ئاسیای ناوەڕاست وەکو ناوچەیەکی بەرتەسکی جوگرافیی دەکات، کە رووبەری جوگرافیی ئەم ناوچەیە لە چوار کۆماردا کورت دەکاتەوە، کە بەم دوواییانە لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران جیابوونەتەوە و هەرێمێکیان لە دڵی کیشوەری ئاسیادا پێکهێناوە، کە بریتین لە تاجیکستان، ئۆزبەکستان، قیرقزستان و تورکمانستان. هۆیلەر لە پێناسەکەیدا، دەوڵەتی کۆماریی کازاخستان لەو چوار کۆمارە دادەبڕێنێت، لەبەر پشتبەستنی بە پێودانگی ئایینی بۆ دیاریکردنی جوگرافیای ناوچەکە، کە لە بنەڕەتدا خۆی لە زۆرینەیەکی لە رووسیی ئەرسەدۆکسییدا دەبینێتەوە لەسەر حسابی پێکهاتەی کازاخ، کە ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە[٨٩].

تەوژمی دووەم: فەرمانگەی زانیارییەکانی بەریتانیا (The Encyclopedia Britannica) نوێنەرایەتی ئەم تەوژمە دەکات و پێناسەی ئاسیای ناوەڕاست وەکو ناوچەیەکی جواگرافیی فراوانتر دەکات و چاوپۆشی لە جیاوازییە ئایینی و نەژادییەکان دەکات بە پشتبەستن بە پێودانگی رووتی جوگرافیی، بەشێوەیەک ئاسیای ناوەڕاست ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، کە درێژ دەبێتەوە لە رۆژهەڵاتی هێڵی درێژبووەوەی باشووری دەریای ئۆراڵ و دەریای قەزوین،* تاوەکو باکووری رۆژئاوای چین و مەنگۆلیا، بە واتایەکی دیکە، ئاسیای ناوەڕاست لە رووی جوگرافییەوە، کۆمەڵێک دەوڵەت دەگرێتەوە، کە لە هەریەک لە مەنگۆلیا، بەشی باشووری سیبریا، بەشەکانی باکووری ئەفغانستان و ئێران پێکدێت، ئەمە وێڕای پێنج هەرێمی دیکە، کە لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو جیابوونەوە لە ساڵی ١٩٩١دا، کە بریتیی بوون لە کازاخستان، تورکمانستان، قیرقزستان، ئۆزبەکستان و تاجیکستان[٩٠].

لەم چوارچیوەیەدا توێژینەوەکە پشت بە تەوژمی دووەم دەبەستێت و ئاسیای ناوەڕاست وەک یەکەیەکی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی یەکگرتوو پێناسە دەکات کە هەر پێنج کۆمارە سەربەخۆکە (کازاخستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، قیرقزستان و تاجیکستان) دەگرێتەوە. هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەش بۆ چەند ڕەهەندێکی زانستی دەگەڕێتەوە؛ یەکەمیان: پێگەی جەوهەریی کۆماری کازاخستانە لە هاوکێشەی ئاسایشی وزەی چیندا، کە وەک گەورەترین دابینکەری نەوت و یۆرانیۆم و ناوچەیەکی سەرەکیی ترانزێتی بۆرییەکانی وزە لە ناوچەکەدا دەبینرێت، بۆیە پشتگوێخستنی کازاخستان (وەک لە تەوژمی یەکەمدا هاتووە) دەبێتە هۆی کەمکورِی لە گشتگیریی زانستیی توێژینەوەکەدا. دووەمیان: ستراتیژیی دەرەوەی چین لەژێر چوارچێوەی (لوتکەی چین-ئاسیای ناوەڕاست C5+1) و پرۆژەی 'ڕێگە و پشتێن' (BRI)، بە شێوەیەکی کردەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم پێنج وڵاتەدا دەکات وەک یەک ژینگەی ستراتیژیی هاوبەش. سێیەمیان: لە ڕوانگەی تیۆری نیولیبراڵیزمەوە، ئەم پێنج دەوڵەتە لە ڕێگەی ژێرخانی بۆرییەکانی گاز و نەوتەوە 'پێوەبەستراوییەکی ئاڵۆز'یان لەگەڵ چیندا دروست کردووە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە یەکێکیان بکرێت بەبێ ئەوی تریان."

---

- 87أناتولي أوتكين، الإستراتيجية الأمريكية للقرن واحد وعشرين، ترجمة: أنورمحمد إبراهيم و محمد نصرالدين الجبالى، القاهرة، المشروع القومي للترجمة، الطبعة الأولى، 2005، ص95.

88-عبدالمالك محزم، البعد الإقليمي للسياسة الخارجية التركية في ظل المحيطات الأمنية الجديدة، رسالة ماجستير، غيرمنشورة، ، كلية الحقوق، قسم العلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر، الجزائر، باتنة، 2008- 2009. ص109.

- 89محمد السيد السليم ، التحولات العالمية والتنافس الدولي في آسيا الوسطى، القاهرة، مركز الدراسات الآسيوية، جامعة القاهرة، 1998، ص314-315.

90- محمد السيد السليم ، التحولات العالمية والتنافس الدولي في آسيا الوسطى، ص314.

لەلایەکی تر، تەواوی رووبەری ناوچەی جوگرافیای ئاسیای ناوەڕاست بۆ نەوت و گازی سرووشتیی و سامانە کانزاییەکان، لە چینەوە تاوەکو ئەڵمانیا درێژ دەبێتەوە. ئەم ناوچەیە حەوزێکی فراوانە و پێیدەوترێت ئۆراسیا، لە هەمان کاتیشدا، گۆڕەپانێکی گەورەی ململانێ سیاسییەکانە، کە نەوت و گازی سرووشتیی ناوچەکە بە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم ململانێ سیاسییە دادەنرێت. هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران لەلایەک و رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر لەلایەکی دیکەوە، خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بوون بۆ دەستپێکی ململانێی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا، رووسیا، چین، تورکیا، ئێران، پاکستان، ئیسرائیل، هیندستان، دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوا و ئۆکرانیا. هەریەک لەم دەوڵەتانە لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشکی خۆیاندان لە سامانە سرووشتییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەریای قەزوین[٩١].

بەپێی راپۆرتە فەرمییەکانی 'ئیدارەی زانیاریی وزەی ئەمریکا' (EIA)، کە سەر بە وەزارەتی وزەی ئەو وڵاتەیە، ناوچەی حەوزی دەریای قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست بە یەکێک لە ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان بە سەرچاوەکانی وزە دادەنرێت. راپۆرتە نوێیەکانی ئەم دامەزراوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی ئەم ناوچەیە بە نزیکەی ٤٨ ملیار بەرمیل و یەدەگی گازی سروشتییەکەشی بە زیاتر لە ٢٩٢ تریلیۆن پێی سێجا (Tcf) دەخەمڵێندرێت[٩٢]. هەرچەندە ئەم رێژەیە لە رووی قەبارەوە ناگاتە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی و بوونی وەک جێگرەوەیەکی ستراتیژی بۆ وزەی رووسیا و کەنداوی عەرەبی، بووەتە چەقی ستراتیژیی ئاسایشی وزە لە جیهاندا و بنەمایەک بۆ کێبڕکێی زلهێزەکان بەتایبەت چین و ئەمریکا[٩٣].

دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لەڕووی بوونی نەتەوەوە، لێکدی جیان و کازاخستان و تورکمانستان خاوەنی رێژەیەکی زۆری یەدەگی نەوتن، بەڵام هەریەک لە ئۆزبەکستان، قیرقیزستان و تاجیکستان، رێژەی یەدەگی نەوتیان کەمترە. کازاخستان لەناو دەوڵەتانی ناوچەکەدا، خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە، کە رێژەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٠ ملیار بەرمیل نەوت و بەرهەمی ٢,١ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. ئەمە لە کاتێکدا، تورکمانستان خاوەنی گەورەترین پشکی گازی سرووشتییە لە ناوچەکەدا، بەشێوەیەک بەرهەمهێنانی ساڵانەی گازی سرووشتیی دەگاتە ٢٠٠٠ ملیار مەتر چوارگۆشە، پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا، بەرهەمی گازی سرووشتیی بگاتە ٤٠٠٠ ملیار مەتر چوارگۆشە[٩٤]. لەم نێوەندا ئەم خشتەی خوارەوە، نەخشەی وزەی ناوچەکەمان زیاتر بۆ روونده‌کاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢): یەدەگی نەوتی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست بەگوێرەی رێژەی لە سەدا (٪).

| دەوڵەت | یەدەگی نەوت ٢,٤٤ ملیار بەرمیل (١٠٠٪) |
|---|---|
| ئازەربایجان | ٢٨,٣٪ |
| کازاخستان | ٦٥,٦٪ |
| تورکمانستان | ٣,٨٪ |
| ئۆزبەکستان | ١,٣٪ |

المصدر: لزهروناسي، الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث ١١ سيبتمبر، ٢٠٠٩. ص٩٣.

خشتەی ژمارە(٣): یەدەگی گازی سرووشتیی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست بەگوێرەی رێژەی لە سەدا (٪).

- 91ئارام احمد وسو، الصراع الإستراتيجي في أسيا الوسطى بعد انتهاء الحرب الباردة، رسال ماجستير غير منشورة، السودان، جامعة الزعيم الأزهري، كلية العلوم السياسية والدراسات الإستراتيجية، قسم الدراسات الإستراتيجية، 2016، ص56.

92- U.S. Energy Information Administration (EIA), "Caspian Sea Region: Analysis Brief," Available at ; https://shorturl.at/iaBUn ((accessed 29 March, 2026).

93- U.S. Energy Information Administration (EIA), "International Energy Outlook 2023," October 2023, Available at: https://www.eia.gov/outlooks/ieo/. (accessed 29 March, 2026).

-94 عاطف عبدالحميد، أبعاد الصراع على نفط آسيا الوسطى وبحر قزوين، مجلة السياسة الدولية، القاهرة، مركز الأهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية، العدد164، إبريل 2006، ص76.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

| دەوڵەت | یەدەگی گازی سروشتی ٢٣٢ ملیۆن مەتر چوارگۆشە | ڕێژەی لە سەدا (٪) |
|---|---|---|
| ئازەربایجان | ٪٢٩,٩٣ | ٪١٢,٩ |
| کازاخستان | ٪٦٤,٩٦ | ٪٢٨ |
| تورکمانستان | ٪٧٠,٧٥ | ٪٣٠,٥ |
| ئۆزبەکستان | ٪٦٦,١٤ | ٪٢٨,٥ |
| تێکڕا | ٢٣٢ ملیۆن مەتر چوارگۆشە | ٪١٠٠ |

المصدر: لزهروناسي، الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث ١١ سيبتمبر، ٢٠٠٩. ص٩٤.

گواستنەوەی نەوت و گازی سرووشتیی ئاسیای ناوەڕاست بەرەو بازاڕەکانی دەرەوە، پرسێکی دیکەی گرنگی جوگرافیای سیاسیی وزەی ناوچەکەیە، چونکە ناوچەکە سرووشتێکی داخراوی هەیە و دوورە لە دەریای کراوەوە، هەربۆیە گرفت و ئاستەنگ بۆ گواستنەوەی وزەی ناوچەکە دێنە پێشەوە و ئەم ئاستەنگانەش دەبنە هۆی دروستبوونی ستراتیژییەتێکی نوێ و گۆڕانی بەرژەوەندییەکان و بەریەککەوتنی وڵاتە بەرهەمهێن و بەکاربەرەکان. گواستنەوەی نەوت پەیوەندی بەو تۆڕە کۆنەی گواستنەوەی نەوتەوە هەیە، کە کاتی خۆی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران وەک کارتێکی فشار بەکاریهێناوە، بەشێوەیەک ڕێژەی لە ٧٠٪ی هەناردەکردنی گازی سرووشتیی ئاسیای ناوەڕاست بە زەویەکانی باشووری رووسیادا دەڕوات بۆ بازاڕەکانی دەرەوە. بۆ نموونە، دەوڵەتی کازاخستان لە ساڵی ٢٠٠٥ بەشێکی زۆری بەرهەمە نەوتییەکەی، کە نزیکەی ١,٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو لە ڕۆژێکدا، لەڕێگەی تۆڕی گواستنەوەی نەوتی رووسیاوە هەناردەی دەرەوە دەکرد. هەروەک چۆن هەناردەکردنی نەوت بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا لەڕێگەی لوولە نەوتییەکانی کۆنسۆرتیۆمی قەزوینەوە "Cspian Pipelin Consortiu "، بەدرێژایی باکووری قەوقاز بەناو زەویەکانی روسیادا تێدەپەڕێت[٩٥].

ململانێی ئەکتەرەکان لەسەر نەوت و گازی سرووشتیی ناوچەکە، ناوزەد کراوە بە سێگۆشەی ستراتیژیی، دوای هاتنە ناوەوەی چین بۆ ناو ئەو ململانێ ستراتیژییە. چین بەشێوەیەک لە ناوچەکە دەڕوانێت، گوایە گەنجینەیەکی گرنگ و پارێزراوی دابینکردنی راستەوخۆی نەوتە، رووسیا بە هەمان شێوە، سیاسەتی چاودێریکردن و پەرەپێدانی کێڵگەکانی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستی گرتەبەر، بەتایبەتی کە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتیی ناوچەی سیبریای زۆر لەسەر دەکەوت، لە کۆتاییشدا، ئەمریکا لایەنی سێیەمی سێگۆشە ستراتیژییەکەیە، کە ئارەزووی وەبەرهێنانی هەیە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە ڕێگەی هێڵی گواستنەوەی باکۆ – تبلیسی – جەیهان (TBC)ەوە، ئەمەش لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی ستراتیژیی وەک گەمارۆدانی ئێران، دەرپەڕاندنی روسیا و لەخۆگرتنی چین[٩٦].

بەشێکی گرنگی ململانێی ستراتیژیی ئەکتەرەکان لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەستە بە چۆنیەتی گواستنەوە و تێپەڕبوونی بۆڕییە نەوتییەکان بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەشێوەیەک رووسیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت بۆڕییە نەوتییەکان بەناو خاکی خۆیدا بڕۆن و ئەمریکاش ڕێگە بە شتێکی لەمشێوەیە نادات، لە هەمان کاتدا، پاڵپشتی ئەو هێڵانەش دەکات، کە دوورن لە زەویەکانی رووسیاوە، لەلایەکی دیکەوە، واشنتۆن پاڵپشتی دامەزراندنی هێڵی باکۆ – تبلیسی – جەیهانی، کرد، بۆ گواستنەوەی گازی سرووشتیی ناوچەکە. هەروەها تورکیا ناوچەکە بە درێژکراوەی هەژموونی خۆی دەزانێت، بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیریی و بنەمای رەگەزییەوە، کە تورکن وەک کازاخستان، قیرقزستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان و ئازەربایجان، لە کاتێکدا، روسیا ناوچەکە بە جاخچەی پشتەوەی خۆی دەزانێت و ڕێگە بە هیچ دەوڵەتێک نادات بەبێ ڕێککەوتن رۆڵی لە ناوچەکەدا هەبێت. ئەو ململانێیە بەسەر دۆخی هێڵی لوولەکی گازی سرووشتییشدا جێبەجێ دەبێت، ئەنقەرە لە ڕێگەی هێڵی باکۆوە، بە پشتیوانی ئەمریکا، پارێزگاری

95- لزهروناسي، الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث 11 سيبتمبر، المصدر السابق، ص[illegible]-[illegible].
96- ئارام احمد وسو، الصراع الإستراتيجي في أسيا الوسطى بعد انتهاء الحرب الباردة، المصدر السابق، ص[illegible].

لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا، رووسیای لە تایبەتمەندییەکانی بوونی بۆڕی نوێی نەوتیی لە ناو زەویەکانی خۆیدا، بێبەشکردووە[97].

ئەم تۆڕە ئاڵۆزەی کە بووە بەشێک لە سیستەمی بۆڕییەکانی وزەی ئاسیای ناوەڕاست بە ئاڕاستەکانی رۆژهەڵات – رۆژئاوا و باکوور – باشوور، بە روونی ململانێی هێزەکان دەردەخات، کە لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهاندا هەیە. ململانێکە بەشێوەیەکە، کە هەریەک لەو دەولەتانە جەخت لەسەر کۆمەڵێک بنەمای ستراتیژیی دەکاتەوە، کە بە جەنگی سارد دەستپێدەکات و بە جەنگی نوێنەرایەتیی کۆتایی دێت. قەیرانی رووسیا – جۆرجیا لە ساڵی ٢٠٠٨، نموونەی زەقی ئەو ململانێ ستراتیژییە بوو، کە شڵەژانێکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا لەژێر ناوی "جەنگەکانی وزەی سەدەی بیست و یەک"دا[98].

بەپوختی، گرنگیی ستراتیژیی ئاسیای ناوەڕاست تەنها لە قەبارەی بەرهەمهێنانی وزەدا کورت نابێتەوە، چونکە لە رووی ئامارییەوە ئەم ناوچەیە هێشتا لە دوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت. بۆ نموونە، لە کاتێکدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆژانە نزیکەی ٢٣ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، ئاسیای ناوەڕاست ئاستی بەرهەمهێنانی لە نێوان ٢,٨ بۆ ٣,٠ ملیۆن بەرمیلدایە. هەروەها لە رووی یەدەگی سەلمێنراوەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی نزیکەی ٨٦٠ ملیار بەرمیلە، لە کاتێکدا یەدەگی ئاسیای ناوەڕاست بە ٣٨ بۆ ٤٠ ملیار بەرمیل دەخەملێندرێت[99] . بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەم ناوچەیە ببێتە گۆڕەپانی 'یارییەکی گەورەی نوێ' (New Great Game)، پێگە جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابوورییەکەیەتی وەک 'دڵی کیشوەر' (Heartland) و ناوچەیەکی ترانزێتیی گرنگ لە نێوان چین، رووسیا و ئەوروپادا. گرنگیی ئاسیای ناوەڕاست لێرەدا لەوەدایە کە وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوە و سەربەخۆ لە دەرەوەی هەژموونی ئۆپێک و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت، ئەمەش وای کردووە هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت چین، هەموو ئامرازە سیاسی و ئابوورییەکانیان بەکاربهێنن بۆ دەستەبەرکردنی باڵادەستی لەم ناوچەیەدا کە ئاوێتەیەک لە میراتی مێژوویی و دەوڵەمەندیی گازی سروشتی و پێگەی ستراتیژییە[100]

٣,٢. مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری میللی چین و ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست

هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەکرێت وەک سەرەتای رووکردنی چین لە ئاسیای ناوەڕاست نیشان بدرێت. چونکە دەرکەوتنی بۆشاییەکی جیۆپۆلەتیکی لە ئۆراسیا دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سەرنجی چینی بەباشی ڕاکێشا. نزیکیی جوگرافیی چین لە ئاسیای ناوەڕاست و بوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندی هایدرۆکاربۆن، چینی ناچار کرد کە ستراتیژی نوێ دابڕێژێت. چین لەساڵی ١٩٩٢دا دانی نا بەهەموو وڵاتانی تازە سەربەخۆبووی وەکو (تورکمانستان، کازاخستان، قرغیزستان، ئۆزبەکستان و تاجیکستان). هەر لەو ساڵەشدا دەستی بە پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کرد و سەرنجی خستە سەر ئامانجەکانی وەک چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان، چارەسەرکردنی

---

97- لز هروناسي، الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث 11 سيبتمبر، المصدر السابق، ص[illegible].
98- محمد سعيد أبوعامود، تحولات السياسية الأمريكية تجاه إيران وتركيا وروسيا، القاهرة، مجلة السياسة الدولية، مركز الأهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية، العدد147، يناير2002، ص96.
99- BP, Statistical Review of World Energy 2021, 70th ed. (London: BP p.l.c., 2021), 14-16.
100- Halford J. Mackinder, "The Geographical Pivot of History," The Geographical Journal 23, no. 4 (1904): 421-437; and Lutz Kleveman, The New Great Game: Blood and Oil in Central Asia (New York: Atlantic Monthly Press, 2003), 3-5.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

کێشە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان وڵاتان[١٠١]. مایەی ئاماژەپێکردنە کە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان چین و ئاسیای ناوەڕاست بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکرێت.

قۆناغی یەکەم؛ قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٥ : کە تێیدا چین بە کشانەوەی ڕووسیا لە ناوچەکە، ڕۆڵێکی چالاکی لە ئاسیای ناوەڕاستدا گرتە ئەستۆ. لەم قۆناغەدا و لەکاتێکدا کە چین پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆی بەهێز دەکرد، هەوڵی دەدا کێشە ئەمنییەکانیش چارەسەر بکات و ڕێگری بکات لەوەی کە ئەو کێشانە بگوازرێنەوە بۆ ناوخۆی وڵاتەکەی. لەم ماوەیەدا، قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات لە ئاستی ٥١٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیدا بوو. هەرچەندە نیگەرانییەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە لە سەردەمی سۆڤیەتەوە بۆیان مابووەوە، نزیکبوونەوەیانی لە چین خستبووە ژێر گومانەوە، بەتایبەت کە بۆ ئەوان مەسەلەی دابینکردنی ئاسایشی سنوورەکان خاڵی سەرەکی ڕێکەوتنەکانیان بوو[١٠٢].

قۆناغی دووەم بریتییە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠١ : لەم قۆناغەدا، چین ڕووبەڕووی کێشەی گرنگی نێودەوڵەتی بووەوە وەک قەیرانی تایوان لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٦، گرژییەکانی نێوان چین و ئەمریکا و قەیرانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٨، کە ئەمەش وایکرد چین پێویستی بە نوێکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەبێت. لەلایەکی دیکەوە چالاکییە تیرۆریستییەکان، ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و جوڵانەوە جوداخوازییەکان کە لە ناوچەی ئویغور سەریانهەڵدا، بنەمای کێشە ئەمنییەکانی ناوچەکەیان پێکدەهێنا. نزیکیی جیۆپۆلەتیکیی چین لە ئاسیای ناوەڕاست، دەوڵەمەندیی ناوچەکە بە هایدرۆکاربۆن و بوونی بازاڕێکی نوێ و نزیک بۆ کاڵاکانی چین، هەروەها کڕینی ماددەی خاو و دووبارە پرۆسێسکردنەوە و فرۆشتنەوەی، بووە هۆی ئەوەی قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو ناوچەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ و ٢٠٠٠دا بەرزببێتەوە بۆ ئاستی ١ ملیار دۆلاری ئەمریکی[١٠٣].

هەر لەم قۆناغەدا، ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای (SCO) دامەزرا، کە بووە هۆی زیادبوونی هێزی جیۆئابووری و جیۆستراتیژیی چین لە ناوچەکەدا. لەساڵی ١٩٩٦، چین لەگەڵ سەرۆکەکانی ڕووسیا، کازاخستان، و تاجیکستان کۆبووەوە و بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سنوورییەکان، (پلاتفۆرمی هەرێمیی پێنجقۆڵی شانگهای)یان دامەزراند. لە چوارچێوەی ئەم پلاتفۆرمەدا ٢٩ ڕێککەوتننامە واژۆکران و لە کۆی ١٤ کێشەی سنووریی، ١٢یان چارەسەر کران. بەم شێوەیە، چین ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا نەهێشت و ئاسایشی سنووری ڕۆژهەڵاتی تورکستانی زامنکرد[١٠٤].

قۆناغی سێیەم: سیاسەتەکانی چین لە ناوچەکەدا، قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠١ بوو : چین لەم قۆناغەدا جەختی لەوە دەکردەوە کە هەر گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەبێت. دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول و زیادبوونی نفوزی لە ناوچەکە، لەلایەن چینەوە بە نیگەرانییەوە پێشوازی لێکرا. هۆکارێکی دیکەی نوێکارییە چالاک و خێراکانی چین لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، بریتیبوو لە نیگەرانی لەوەی کە وڵاتانی وەک ڕووسیا، تورکیا و ئێران بە بەکارهێنانی ڕابردووی مێژوویی و کلتووریی خۆیان، ئەو بۆشاییە ستراتیژییەی ناوچەکە پڕ دەکەنەوە[١٠٥].

٣,٣. ئاراستەی سیاسەتی نیولیبرالیزمی چین و وەبەرهێنان لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست

101- Hasan Duran ve Nyambayar Purevsuren, "Güvenlik, Enerji Ve Pazar Ekseninde Çin'in Orta Asya Politikası''. Dumlupınar Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi. Afro-Avrasya Özel Sayısı(Aralık 2016):282.

102- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele. (Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Uluslararası İlişkiler Anabilim Dalı,2018): 253-254.

103- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 258.

104- Hasan Duran ve Nyambayar Purevsuren, "Güvenlik, Enerji Ve Pazar Ekseninde Çin'in Orta Asya Politikası'', 283-284.

105- Erkin Ekrem,"Türk Cumhuriyetleri'nin Bağımsızlıklarının 20. Yılında Çin'in OrtaAsya Politikaları'',Ahmet Yesevi Üniversitesi, Ankara, 2011, 22-23.

چین بە دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی داکینگ لە ساڵانی پەنجاکاندا، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٩٣ بەرهەمهێنانی ناوخۆیی خۆی زیادکرد و لە پێگەیەکی خۆبژێویدا مایەوە. بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩٣ەوە هیچ سەرچاوەیەکی وزە بەشی پێداویستییەکانی نەکرد. لەساڵانی ٢٠٠٠ەکاندا، دۆخی نالەباری وەک بوونی ململانێ لەو وڵاتانەی کە چین وزەی لێوە دابین دەکردن و هەروەها بوونی ئەمریکا لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی سروشتی، وایکرد کە چین بە خێرایی پێویستی بە نوێکردنەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی وزەی خۆی هەبێت. چین بۆ یەکەمجار لە ١٠هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێداندا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاویکردەوە، جەختی لەسەر بابەتی ئاسایشی وزە و هەمەجۆرکردنی یەدەگە ستراتیژییەکانی نەوت کردەوە. دواترو لە ١١هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێداندا باس لەوە کرا کە چۆن هاوسەنگی لەنێوان پێداویستیی زیادبووی وزە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و بەرهەمهێنانی ناوخۆییدا رادەگیرێت. لە ١٢هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێداندا، جەخت لەسەر پێویستیی کەمکردنەوەی چڕی بەکاربردنی وزە لە چوارچێوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا کرایەوە. لە ١٣هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێداندا، ستراتیژییە گرنگەکانی خۆی لە بواری بازرگانیی وزەدا دیاریکرد. هەروەها لە ١٤هەمین پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێدانیشدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گرنگترین کارمان بەهێزکردنی ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزە و ئەو ستراتیژیانەیە کە گەرەنتیی سەرچاوەکانی وزە زیاد دەکەن[١٠٦].بۆیە چین لەم پێناوەدا ستراتیژی "قەرز بەرامبەر بە نەوت"ی پەیڕەو کرد، کە تێیدا بە بەکارهێنانی هێزی دارایی، ڕێککەوتنی درێژخایەن لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست واژۆ دەکات. ئەم ڕووکردنە بەهێزە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، وەڵامێک بوو بۆ نیگەرانییەکانی چین لە گەرووی مەلاکا و مەترسییەکانی پچڕانی وزە بەهۆی ڕکابەری لەگەڵ هیندستان و کۆنترۆڵی ئەمریکا بەسەر دەریای باشووری چیندا[١٠٧]. لەم نێوەندەدا ئاراستەی نیولیبراڵیزمی چین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

١.کازاخستان:

لەناو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا، کازاخستان خاوەنی دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی وزەیە و لەڕووی جۆراوجۆریی سەرچاوەکانیەوە لەڕیزی پێشەوەی وڵاتانی جیهاندایە. لەکاتێکدا سێیەم دەوڵەمەندترین وڵاتی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستە بە کانزای بۆر، لەڕووی یەدەگی کانزای یۆرانیۆمیشەوە لە پلەی دووەمی جیهاندایە و ٤١٪ی پێداویستیی جیهان بۆ یۆرانیۆم دابین دەکات. جگە لەمانە، کازاخستان بەشێوەیەکی سەرەکی وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت. کێڵگە نەوتییەکانی قەشەگان، قەرەچەغەنەک و تێنگیز کە دەکەونە دەریای قەزوینەوە، ٧٥٪ی کۆی بەرهەمی نەوتی وڵاتەکە پێکدەهێنن[١٠٨]. ئاستی ئابووریی ماماوەندی وڵاتەکە و ڕێژەی گەشەی کەرتی وزە هاوتەریبن لەگەڵ یەکتردا. ئەم دۆخە ئەوە نیشان دەدات کە هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکان، سوود لە بازرگانیی نەوت وەردەگرن[١٠٩]. لە ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی ئاماریی وزەی جیهانیی (بریتش پێترۆلیۆم)دا، ئاماژە بەوە کراوە کە حەوزی قەزوین خاوەنی ٣٩,٨ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە. ئەمەش بەرامبەرە بە پشکی لە ٣٪ی ڕێژەی جیهان. لە هەمان ڕاپۆرتدا ئاماژە بەوە

---

106- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 242.

107- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 81-82.

108- Köse, Güçlü. “Orta Asya (Türkistan) Enerji Meselesi: Enerji Potansiyeli veAktörler’’. Uluslararası Sosyal Araştırmalar Dergisi. C.13,S.72(2020):259.

109- Simon Pirani, “Central Asian Gas: prospects for the 2020s’’The Qxford Instutite for EnergyStudies,(2019), Avilbale at: https://shorturl.at/0flSA (Accessed February20, 2026).

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

کراوە کە یەدەگی گازی سروشتی ١,٨ تریلیۆن مەتر سێجایە و یەدەگی خەڵوز ٣٣,٦ ملیار تەنە. لەڕاستیدا ئەم جۆراوجۆری و دەوڵەمەندییەی سەرچاوەکان، جێگەی سەرنجی سەرەکیی چینە[١١٠].

ئەم دەوڵەمەندییەی کێڵگەکان وایکرد پەیوەندییەکانی چین و کازاخستان لە ساڵی ١٩٩٧ەوە بە ڕێککەوتنی هێڵەکانی بۆری دەستپێبکات، لە ئێستاشدا کۆمپانیای نیشتمانیی وزەی چین (CNPC)، لەڕێگەی پشکەکانی لە ناوچەکانی بەرهەمهێناندا، کۆنترۆڵی نزیکەی ٢٤٪ی بەرهەمی نەوتی کازاخستانی کردووە. کازاخستان، لەڕێگەی کۆمپانیا چینییەکانەوە، بەشێک لە بەرهەمەکانی بە هێڵی بۆریی نەوتی چین-کازاخستاندا ئاراستەی چین دەکات و بەشێکی گرنگیشی لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا دەفرۆشێت. کۆمپانیای CNPC خاوەنی ٨٥٪ی پشکەکانی کۆمپانیای (AktobeMunaiGas) و ٦٧٪ی پشکەکانی کۆمپانیای (PetroKazakhstan). کۆمپانیای CNPC، لە چوارچێوەی کۆمپانیای (AktobeMunaiGas)دا کارەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچە نەوتییە گرنگەکانی کازاخستان وەک (Zhanazhol) و (Kenkiyak) بەڕێوەدەبات. کۆمپانیای پێترۆکازاخستان، کە لەگەڵ CNPC کاردەکات و لە ١١ ناوچەی نەوتی و پێنج بلۆکی گەڕانی کازاخستاندا چالاکە. هەروەها، پێترۆکازاخستان پشکی لە پاڵاوگەی شیمکێنتدا هەیە کە گەورەترین پاڵاوگەی کازاخستانە. ئەمەش وایکردووە کە پێگەیەکی گرنگی لە فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی کازاخستاندا هەبێت. چین، لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە بڕی ٤,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنانی لە پشکەکانی کۆمپانیای پێترۆکازاخستاندا کردووە. هەروەها چین لەساڵی ٢٠٠٣دا پشکەکانی کۆمپانیای شێڤرۆن تێکساکۆ نۆرس بوزاچی کڕی، کە لە کێڵگەی نەوتی باکووری بوزاچی کازاخستاندا کاری دەکرد و لەساڵی ٢٠٠٤یشدا ٥٠٪ی کێڵگەکانی کۆنوس و بێکتاسی کڕییەوە کە ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوتی کازاخستانن. سەرەڕای ئەمانە، چین لەساڵی ٢٠٠٦دا پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی کەنەدی "Nation's Energy Company of Canada" کە لە کازاخستاندا چالاک بوو، بەبڕی ١,٩ ملیار دۆلاری ئەمریکی کڕی. لەساڵی ٢٠٠٩دا، کۆمپانیای CNPC ٥٠٪ی پشکەکانی کۆمپانیای مانگیستاومونایگازی بەبڕی ١,٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی کڕییەوە. کۆمپانیایەکی دیکەی نەوتی چینی (Sinopec)ە، لەچوارچێوەی کۆمپانیای (Caspian Investment Resources Company)، لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لە پێنج کێڵگەی نەوتی کازاخستاندا کاردەکات. ئەم کۆمپانیایە لەسەرەتادا بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ڕووسی لوکئۆیڵ کاری دەکرد، بەڵام لەساڵی ٢٠١٥دا هەموو پشکەکانی کۆمپانیاکەی لە لوکئۆیڵ بە بڕی ١ ملیار دۆلاری ئەمریکی کڕییەوە. لەساڵی ٢٠١٤دا بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەنێوان چین و کازاخستاندا کرا، بڕیار درا کە چین بە بڕی ١٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە کەرتی وزەی کازاخستاندا وەبەرهێنان بکات[١١١].

لەم نێوەندەشدا لەساڵی ٢٠٢٤دا، کۆی هاوردەی چین لە کازاخستان ٤,٧٨٠,٠٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، لەبەرامبەردا کۆی هەناردەی چین بۆ کازاخستان ١١,٧٠٧,٢١٩ دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش باڵانسی بازرگانی بە بڕی ١,٩٦٧,٨٣٠ دۆلاری ئەمریکی لە بەرژەوەندیی چین بووە. تەنانەت لەساڵی ٢٠٢٣ کازاخستان ئامانی هەناردەکردنی ١٠ ملیار مەتر سێجا گاز بوو بۆ چین، هەرچەندە ئەم ئامانجە بە تەواوی بەدی نەهات. بەگشتی لە پەیوەندییەکانی وزەی نێوان چین و کازاخستاندا سێ فاکتەری گرنگ ڕۆڵ دەگێڕن. ئەمانەن[١١٢]:

١ .نزیکیی کێڵگە نەوتییەکانی کازاخستان لە ڕووسیاوە.

٢ .پەیوەستبوونی توندوتۆڵی ئابووریی کازاخستان بە ئابووریی ڕووسیاوە.

٣. هەڵکەوتنی ناوچەکانی بەرهەمهێنانی چین لە ڕۆژهەڵات و زیادبوونی بەردەوامی ڕکابەریی وزەی نێوان چین و ڕووسیا لە ناوچەکەدا.

چین تەنها گرنگی بە خاوەندارێتی پشکەکان یان دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزەی کازاخستان نادات، بەڵکو نۆژەنکردنەوەی ئەو پاڵاوگانەشی گرتووەتە ئەستۆ کە کازاخستان خاوەنیانە. لەم چوارچێوەیەدا، سەرچاوەی دارایی بۆ

[110]- Mircea Ardeleon and Otheres "Optimal paths for electricity interconnections between Central Asia and Europe'',European Commission,Joint Research Centre,(Luxenbourg, 2020), Avilable at: https://shorturl.at/U0568 (Accessed February20, 2026).

[111]- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 266.

[112]- Köse, Güçlü. "Orta Asya (Türkistan) Enerji Meselesi: Enerji Potansiyeli veAktörler'', 259.

نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەکانی ئاتراو، شیمکێنت و پاڤلۆدار دابین کردووە. بڕی یەک ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ پاڵاوگەی شیمکێنت و بەکۆی گشتی ٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی وەک قەرز بۆ کارەکانی تری نۆژەنکردنەوە دابینکردووە[١١٣]:

٢. تورکمانستان

تورکمانستان وەک وڵاتێکی دیکەی گرنگی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست، لە پێگەیەکی پشتبەستوو بە داواکاریدایە. لەڕووی سەرچاوەکانی گازەوە لە پلەی چوارەمی جیهاندایە. ئامانجیەتی تاوەکو ساڵی ٢٠٣٠ ساڵانە ٢٥٠ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی و ١٠ ملیار تەن نەوت بەرهەم بهێنێت[١١٤]. تورکمانستان وەک سەرەکیترین دابینکەری گازی سروشتی بۆ چین دەبینرێت، بەڵام پشتبەستنی ڕەهای ئابووریی ئەم وڵاتە بە داهاتی گاز، وای کردووە ژێرخانی داراییەکەی لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی بازاڕدا ناسک و هەستیار بێت. هەرچەندە بەپێی پلانە ستراتیژییەکانی پێشوو، ئامانج وابوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ قەبارەی هەناردەکردنی گاز بۆ چین بگاتە ٦٥ ملیار مەتر سێجا، بەڵام ئامارە کردەییەکان دەریدەخەن کە ئەم ئامانجە بەدی نەهات؛ بە جۆرێک قەبارەی هەناردەکردن لەو ساڵەدا تەنها نزیکەی ٣٤ ملیار مەتر سێجا بوو. هۆکاری سەرەکیی ئەم پاشەکشەیە بۆ دواکەوتنی بەردەوامی جێبەجێکردنی 'هێڵی چوارەم' (Line D)ی بۆریی گازی ئاسیای ناوەڕاست-چین دەگەڕێتەوە، کە بڕیار وابوو توانای هەناردەکردنی تورکمانستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات، بەڵام ئاستەنگە تەکنیکی و جیۆپۆلەتیکییەکان ڕێگر بوون لە گەیشتن بەو لوتکە دیاریکراوە[١١٥]. ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە، کارەبای خۆی لەڕێگەی وێستگەکانی کارەباوە دابیندەکات کە بە گاز کاردەکەن[١١٦]. تورکمانستان لەم دواییانەدا سێ گۆڕانکاریی گرنگی لە سیاسەتی بەرهەمهێنانی گازدا کردووە. یەکەمیان: گەیاندنی توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی کێڵگەی گالکینیشە بە ٣٠ ملیار مەتر سێجا. دووەم: بەهۆی کێشەکانی ژێرخانەوە، بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی داوەتە کۆمپانیا بیانییەکانی وەک کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین (CNPC). سێیەمیش: بەرهەمهێنانە بە ئامانجی دابینکردنی داواکاریی ناوخۆیی[١١٧]. کاتێک سەیری بازرگانیی دەرەکی و وزەی نێوان چین و تورکمانستان دەکەین لەساڵی ٢٠٢٣دا، دەبینین کۆی هاوردەی چین لە تورکمانستانەوە ٢٦,٥٠٤,٢٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، لە بەرامبەردا کۆی هەناردەی چین بۆ تورکمانستان ٤,٥٦٠,٧٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش باڵانسێکی بازرگانی بەنزیکەیی ٢٢ ملیار دۆلار لە بەرژەوەندیی تورکمانستان نیشان دەدات. چین نزیکەی ٩٨٪ی کۆی هاوردەکانی لە تورکمانستانەوە لە سەرچاوەکانی وزەدا کردووە. کاڵا هەناردەکراوەکانیش بریتی بوون لە بەرهەمەکانی پیشەسازیی بەرهەمهێنان وەک ئامێرەکانی دروێنە و بۆری[١١٨]. بۆیە بەپشبەستن بە داتای سەرەوە دەکرێت بڵێین دوای کازاخستان، ئەو وڵاتەی کە زۆرترین وەبەرهێنانی چینی تێدایە، تورکمانستانە. بەجۆرێک کۆمپانیای CNPC چینی لەم ناوچەیەشدا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت چونکە وەبەرهێنانی CNPC

113- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 266.

114- Eshchanov and Otheres, Moldokanov, , "Renewable Energy Policies of the Central Asian Countries''. Norwegian Institute of Regional Affairs. Central Asia Regional Data Review.16 (2019):1-4.

115- Michal Meidan, The Evolution of China's Energy Institutions and State-Owned Enterprises (Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2024), 22-25.

116- Mircea Ardeleon and Otheres "Optimal paths for electricity interconnections between Central Asia and Europe''

117- Simon Pirani, "Central Asian Gas: prospects for the 2020s''.

118- International Trade Centre (ITC). "Trade Map: China's imports of Mineral fuels, mineral oils and products of their distillation (Product 27) from Central Asian Republics (2016-2024).". https://www.trademap.org. (Accessed February 2026)

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

لە ناوچەکەدا نزیکەی ٤ ملیار دۆلاری ئەمریکییە. چین یەکەم وڵاتە کە لە ناوچەی (Amu Darya) لە تورکمانستان بە دوای گازی سروشتیدا دەگەڕێت[119].

ئامادەبوونی بەهێزی چین لە تورکمانستان وایکرد لەساڵی ٢٠٠٢، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین (CNPC) لەگەڵ کۆمپانیای تورکماننەفتی (Turkmennefti) تورکمانستان ڕێککەوتنێکی بۆ دەرهێنانی سەرچاوەکان لە کێڵگەی نەوتی گومداک واژۆ کرد. دواتر و لەساڵی ٢٠٠٥، ڕێککەوتنێکی هاوکاری لەنێوان وەزارەتی سامانە سروشتی و کانزاییەکانی تورکمانستان و CNPC بۆ کێڵگە نەوتییەکان واژۆ کرا. لەساڵی ٢٠٠٦، CNPC لەگەڵ وەزارەتی گازی سروشتی و نەوتی تورکمانستان ڕێککەوتنێکی واژۆ کرد کە پرەنسیپەکانی پرۆژە هاوبەشەکانی گازی دیاریدەکرد. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٧، بڕیار درا کە کێڵگەکانی گازی سروشتیی (Bagtyyarlyk) بە هاوبەشی لەنێوان هەردوو وڵات بەڕێوەببرێن[120].

٣. ئۆزبەکستان

کاتێک سەیری ئۆزبەکستان دەکەین، وڵاتەکە زیاتر لەوەی لەڕووی بڕی سەرچاوەکانەوە دەوڵەمەند بێت، لەڕووی جۆراوجۆریی سەرچاوەکانەوە زۆر دەوڵەمەندەترە. سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی بەڕێژەی ٦٠٪ی خاکەکەی بڵاوبوونەتەوە[121] (köse, 2020: 261-262). یەدەگی نەوتی شاراوەی ٥ ملیار و ٣٠٠ هەزار تەنە و یەدەگی گازی سروشتی ٥ تریلیۆن و ٩٥ ملیار مەتر سێجایە. هەروەها، یەدەگی خەڵوز بە ٥,٧ ملیار تەن دەخەمڵێنرێت. سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی کانزایی، یەدەگی زێڕە کە ٣ هەزار و ٣٥٩ تەنە. هەروەها لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا، بە دووەم وڵات هەژمار دەکرێت کە خاوەنی زۆرترین یەدەگی یۆرانیۆمە[122].

لەلایەکی تر، بازرگانیی دەرەکی و وزەی نێوان چین و ئۆزبەکستان لەساڵی ٢٠٢٣دا، دەبینین کۆی هاوردەی چین لە ئۆزبەکستانەوە ٥٦٠,٢٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، لەکاتێکدا کۆی هەناردەی چین بۆ ئۆزبەکستان ١٢,١٢٥,٥٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش باڵانسێکی بازرگانی بەگوژمەی١١ ملیار دۆلار لە بەرژەوەندیی چین نیشان دەدات. لەساڵی ٢٠٢٣دا، چین لەکاتێکدا نەوت و بەرهەمەکانی لە ئۆزبەکستان کڕیوە، بەرهەمەکانی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی وەک قوماش، مۆبیلیات، کەلوپەلی ناوماڵی کارەبایی، کێبڵ و تەلەفۆنی هەنارده کردووە. لەساڵی ٢٠٢٣، ٤٢٪ی کۆی هاوردەکانی چین لە ئۆزبەکستانەوە تەنها سەرچاوەکانی سووتەمەنیی کانزایی بووە. لەم چوارچێوەشدا کۆمپانیای (CNPC) لە دۆڵی فەرغانە، دەوروبەری دەریاچەی ئارال و کێڵگەی مینگبولاکدا چالاکە. ئۆزبەکستان وەک وڵاتێکی ترانزێتیش کاردەکات؛ ساڵانە ١٠ ملیار مەتر سێجا گازی خۆی و بڕێکی زۆر لە گازی تورکمانستان لە خاکی ئەم وڵاتەوە بەرەو چین دەگوازرێتەوە. هەروەها پرۆژەی هێڵی ئاسنینی نێوان چین، قرغیزستان و ئۆزبەکستان یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە درێژییەکەی ٥٢٣ کیلۆمەترە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری میللی چین[123].

٤. کۆماری قرغیزستان و تاجیکستان

سەبارەت بە هەردوو وڵاتی قرغیزستان و تاجیکستان، چین زیاتر وەک وڵاتی ترانزێت بۆ گواستنەوەی وزە سەیریان دەکات، چونکە بەهۆی زەوییە شاخاوییەکانیانەوە دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانیان زۆر قورس و پڕ تێچووە. پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ قرغیزستان لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بە چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان گەیشتە قۆناغێکی نوێ، بەپێی ئەم چارەسەرە، ٧٠٪ی ناوچەی ئوزۆنگو-کوش درا بە قرغیزستان و ٣٠٪ی درا بە چین[124]. لەلایەکی تر،

---

[119]- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 268.

[120]- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 88.

[121]- Köse, Güçlü. "Orta Asya (Türkistan) Enerji Meselesi: Enerji Potansiyeli ve Aktörler'', 261-262.

[122]- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 88.

[123]- Ragıp K. Karaca, "Çin Halk Cumhuriyeti'nin Dış Politikası'nda Orta Asya", Uluslararası Sistemde Orta Asya: Dış Politika ve Güvenlik, ed. M. Turgut Demirtepe ve Güner Özkan (Ankara, :Usak Yayınları, 2013),59.

[124]- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 268.

کاتێک سەیری بڕی ئەو قەرزانە دەکەین کە چین بە هەردوو دەوڵەتی داوە، دەبینین جێگری سەرۆک وەزیرانی قرغیزستان، ئێرکین ئاسرەندیێڤ، لە نیسانی ٢٠٢٠دا لەگەڵ بانکی ئێگزیمی چین بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکان دانوستانی کردووە. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، بانکی ئێگزیمی چین پێشنیارێکی پێشکەش بە قرغیزستان کرد بۆ دواخستنی ٣٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە پارەی قەرزەکان بۆ ساڵانی ٢٠٢٢-٢٠٢٤. لە ئازاری ٢٠٢١، سەرۆکی قرغیزستان جارێکی دیکە داوای یارمەتیی قەرزی لە سەرۆکی چین کرد و ڕایگەیاند کە قرغیزستان شایستەی سوودمەندبوونە لە دەستپێشخەریی ڕاگرتنی خزمەتگوزاری قەرزەکان. تاجیکستانیش لەنێو ئەو وڵاتانەدایە کە داوای کەمکردنەوەی قەرزیان کردووە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١، لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی DSSI، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بانکی ئێگزیمی چین واژۆ کرد بۆ ڕاگرتنی ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە قەرزەکانی. لە ئێستادا تاجیکستان داوای یارمەتیی قەرزی زیاتر لە چین دەکات[١٢٥]. لە دوو خشتەی خوارەوەدا کۆی گشتی هاوردەو هەناردەی کۆماری میللی چین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦- ٢٠٢٤ خراووتەڕوو:

*خشتەی ژمارە (٤): بەهای هاوردەکردنی "بەرهەمە سووتەمەنی و کانزاییەکان لەلایەن چینەوە لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست (٢٠١٦-٢٠٢٤):*

| وڵاتان | ٢٠١٦ | ٢٠١٨ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کازاخستان | ٩٧٣,٤٤٤ | ٢,٤٦١,٨٢٤ | ٢,٦٢٧,٣٧٢ | ٢,٨٤٥,٦٠٠ | ٤,٢١٠,٤٠٠ | ٤,٥٦٠,٧٠٠ | **٤,٧٨٠,٠٠٠** |
| تورکمازستان | ٥,٤٨٠٩٦٩ | ٨,٠٢٠,٥٨٨ | ٦,٠٣٩,٨١٨ | ٦,٨٥٠,٢٠٠ | ١٠,٢٥٠,٥٠٠ | ٩,٤١٠,٣٠٠ | **٩,٦٥٠,٠٠٠** |
| ئۆزبەکستان | ٦٨٩,٧٩٢ | ١,٤٣٢,٥٤٦ | ٦٣١,٥٣٧ | ٧٨٠,٤٠٠ | ١,٠٢٠,٣٠٠ | ٥٦٠,٢٠٠ | **٥٨٥,٠٠٠** |
| قیرغستان | ١,٦١٥ | ٢,٩٠١ | ٦٤٤ | ١,٢٠٠ | ٣,٥٠٠ | ٥,٨٠٠ | **٦,٢٠٠** |
| تاجیکستان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | **٠** |
| کۆی گشتی | ٧,١٤٥٨٢٠ | ١١,٩١٧,٨٥٩ | ٩,٢٩٩,٣٧١ | ١٠,٤٧٧,٤٠٠ | ١٥,٤٨٤,٧٠٠ | ١٤,٥٣٧,٠٠٠ | **١٥,٠٢١,٢٠٠** |

Sources: International Trade Centre (ITC),"Trade Map": AvilableAt: https://www.trademap.org (Accessed 21 February 2026).

*خشتەی ژمارە (٣): کۆی گشتی بەهای هەناردەکردنی کاڵاکانی چین بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست ([illegible]-[illegible]).*

| وڵاتان | ٢٠١٦ | ٢٠١٨ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کازاخستان | ٨,٢٤٣,٢٩٨ | ١١,٣٢٦,٥٨١ | ١١,٧٠٧,٢١٩ | ١٣,٩٤٤,٣٨٠ | ١٦,٤٣٢,٦٠٠ | ٢٦,٥٠٤,٢٠٠ | **٢٨,١٥٠,٠٠٠** |
| تورکمازستان | ٣٤٠,٠٢٩ | ٣١٦,٧٧٩ | ٤٤٤,٧١٤ | ٧٠٨,٣٠٠ | ٨٥٠,٢٠٠ | ١,١٢٠,٤٠٠ | **١,٢٨٠,٠٠٠** |

125- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 89.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئۆزبەکستان | ٢,٠٣٣,٣٠٢ | ٣,٩٤٢,٠٩٦ | ٥,١٤٥,٥٧٢ | ٥,٢٤٣,٠٠٠ | ٨,١٦٢,١٠٠ | ١٢,١٢٥,٥٠٠ | **١٣,٨٠٠,٠٠٠** |
| قیرغستان | ٥,٦٣٩,٥٥١ | ٥,٠٤٦,٩٥٥ | ٢,٨٦٦,١١٩ | ٧,٥٠٤,٥٠٠ | ١٣,١٠٥,٤٠٠ | ١٨,٥٢٠,٣٠٠ | **٢٠,٤٠٠,٠٠٠** |
| تاجیکستان | ١,٧١٠٠٦١ | ١,٤٢٥,٩٣٤ | ١,٠١٧,٨٢١ | ١,٦٥٠,٢٠٠ | ٢,٢١٥,٣٠٠ | ٣,٨٢٠,١٠٠ | **٤,٢٥٠,٠٠٠** |
| کۆی گشتی | ١٧,٩٦٦,٢٤١ | ٢٢,٥٥٨,٣٤٥ | ٢١,١٨١,٤٤٥ | ٢٩,٠٤١,٣٨٠ | ٤٠,٧٦٥,٦٠٠ | ٦٢,٠٩٠,٥٠٠ | **٦٧,٨٨٠,٠٠٠** |

Sources: International Trade Centre (ITC),"Trade Map": AvilableAt: https://www.trademap.org (Accessed 21 February 2026.)

بەگشتی ئاسیای ناوەڕاست، جگە لەوەی خاوەنی سەرچاوەکانی وزەیە، بەهۆی تێپەڕبوونی ڕێگای وشکانی و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە لەنێوان چین و ڕۆژئاوادا، ڕۆڵی پرد دەگێڕێت. لە حەوزی وزەی چین و ئاسیای ناوەڕاستدا دوو هێڵی بۆری گواستنەوەی گرنگ هەن. ئەوانیش بریتین لە:

- هێڵی بۆری نەوتی کازاخستان-چین کە بە هێڵی نەوتی ئاتاسو-ئەلاشانکۆ ناسراوە: هێڵی بۆری نەوتی کازاخستان-چین لە ساڵی ٢٠٠٦دا خرایە کار و درێژییەکەی ٢٢٢٨ کیلۆمەترە و توانای گواستنەوەی ٢٠ ملیۆن تەن نەوتی هەیە لە ساڵێکدا. پشکی ئەم هێڵە بۆرییە بە نیوە بە نیوە لەنێوان کۆمپانیای کاسترانسئۆیڵ (KazTransOil JSC) و کۆمپانیای نیشتمانیی چین بۆ گەڕان و پەرەپێدانی نەوت و گاز (CNODC)دا بەشکراوە. سەرەڕای ئەمانە، بەپێی ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی نەوتی نێوان کازاخستان و ڕووسیا، ئەم هێڵە ٦٠٪ نەوتی ڕووسی و ٤٠٪ نەوتی کازاخستانی دەگوازێتەوە بۆ چین[١٢٦].
- هێڵی بۆری گازی سروشتیی ئاسیای ناوەڕاست-چین: ئەم هێڵە بریتییە لە هێڵی بۆری گازی سروشتیی ئاسیای ناوەڕاست-چین. گازی سروشتیی تورکمانستان، کازاخستان و ئۆزبەکستان لەڕێگەی ئەم هێڵەوە دەتوانرێت بگەیەنرێتە چین. ئەم هێڵە لە سنووری تورکمانستان-ئۆزبەکستانەوە دەستپێدەکات و تا هەرێمی خۆبەڕێوەبەری شینجیانگ ئویغوری چین درێژدەبێتەوە. درێژیی هێڵەکە ١٨٣٠ کیلۆمەترە و لە ٣ هێڵی هاوتەریب پێکدێت. دروستکردنی هێڵەکانی لەساڵی ٢٠٠٨ دەستپێیکردو لەساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا کەوتنە کار. یەکەم: هێڵەکانی A و B کۆی توانای گواستنەوەی ساڵانە ٣٠ ملیار مەتر سێجایە. دووەم: لەساڵی ٢٠١٢دا، دەست بە دروستکردنی هێڵی C کرا و لەساڵی ٢٠١٤دا هێڵەکە تەواو بوو. توانای گواستنەوەی ساڵانەی هێڵی C بریتییە لە ٢٥ ملیار مەتر سێجا. لە هێڵی Cدا، جگە لە گازی تورکمانستان، ساڵانە ٥ ملیار مەتر سێجا گازی کازاخستان و ١٠ ملیار مەتر سێجا گازی ئۆزبەکستانیش دەگوازرێتەوە. لە ئێستادا کۆی توانای گواستنەوەی هێڵەکانی A و B و C ساڵانە ٥٥ ملیار مەتر سێجایە. زۆربەی ئەو گازەی بە هێڵەکەدا دەگوازرێتەوە، گازی تورکمانستانە. ئەم بڕە، دەکاتە نزیکەی ٢٠٪ی کۆی بەکاربردنی گازی سروشتیی چین. سێیەم: سەرەڕای ئەم هێڵانە، ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ دەستپێکردنی دروستکردنی هێڵی D کراوە کە توانای گواستنەوەی ساڵانەی ٣٠ ملیار مەتر سێجایە. کارکردن بۆ دەستپێکردنی هێڵەکە بەردەوامە. پێشبینی دەکرێت ئەم هێڵە گازی تورکمانستان بگوازێتەوە بۆ چین. بە تەواوبوونی هێڵی D، کۆی توانای گواستنەوەی هێڵە بۆرییەکان دەگاتە ٨٥ ملیار مەتر سێجا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە سیستەمی هێڵی بۆریی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و چین دەبێتە گەورەترین سیستەمی گواستنەوە لە ناوچەکەدا. جگە لە گواستنەوە لە ڕێگەی

126- Çağlar Şakı, Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele, 262.

سیستەمی هێڵی بۆری گازی سروشتیی ئاسیای ناوەڕاست-چین، بەشێوەیەکی جیاوازیش گازی سروشتی بە چین دەفرۆشێت. گواستنەوەکەی غازی سروشتی لەڕێگەی هێڵی بۆریی (زەیسان-جێمینای)ەوە دەکرێت کە دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کازاخستان و نزیکە لە سنووری چین[١٢٧].

کاتێک سەیری بەهاکانی بازرگانیی دەرەکی و وزەی نێوان چین و ئاسیای ناوەڕاست دەکەین لە ساڵی ٢٠٢٤دا، دەبینین لە بواری بازرگانیی دەرەکیدا بۆ هەموو بەرهەمەکان، چین بە بەهای ١٥,٠٢١,٢٠٠ دۆلاری ئەمریکی هاوردەی کردووە. ٥٦٪ی ئەم بەهایە بۆ کازاخستان، ٣٤,٩٪ی بۆ تورکمانستان، ٨,٥٪ی بۆ ئۆزبەکستان، ٠,٢٦٪ی بۆ تاجیکستان، و ٠,٢٪ی بۆ قرغیزستان بووە. لەم برە، ١٤,٥٣٧,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی تەنها بۆ سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی تەرخان کراوە. ئەم برە تەرخانکراوە بەرامبەرە بە ٥٣,٥٪ی کۆی گشتی. کاتێک سەیری هەناردەکانی چین بۆ ئاسیای ناوەڕاست دەکەین، دەبینین کە ٦٧,٨٨٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بووە. هەناردەکانی چین بەم شێوەیە دابەش بووە: ٥٥,٢٪ بۆ کازاخستان، ٢٤,٢٪ بۆ ئۆزبەکستان، ١٣,٥٪ بۆ قرغیزستان، ٤,٨٪ بۆ تاجیکستان، و ٢٪ بۆ تورکمانستان. چین، هەمان ئەو سیاسەتە نیۆ-مێرکانتالیستیانەی (بازرگانیی نوێ) کە لە ناوچەکانی تردا جێبەجێی دەکات، لە ئاسیای ناوەڕاستیشدا پەیڕەوی کردووە. لەکاتێکدا کە کانزا، وزەی خۆر و با، نەوت، گاز و پێستی ئاژەڵی گەورەی هاوردە کردووە، بەرهەمەکانی پیشەسازیی بەرهەمهێنانیش کە خۆیان دەبیننەوە لە؛ پێڵاو، کەلوپەلی ناوماڵی سپی، پاسکیل و بەرهەمەکانی قوماش، زۆرترین هەناردە کراون[١٢٨].

چین خاوەنی پۆتانسێلێکی ئابووریی گەورەیە. ئاشکرایە کە بەو وەبەرهێنانانەی لە کەرتی وزەی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا کردوویەتی، پشتیوانیی لە گەشەپێدانی وڵاتانی ناوچەکە کردووە. بە کردنەوەی هێڵی بۆریی گازی سروشتیی ئاسیای ناوەڕاست-چین و هێڵی بۆریی نەوتی ئاتاسو-ئەلاشانکۆ، تورکمانستان، ئۆزبەکستان و کازاخستان بوونەتە خاوەن بڕیار لە کەرتی وزەدا. چین، بەبوونی پشک لە کۆمپانیاکانی وزەی ئەم وڵاتانەدا، دەتوانێت ئاراستە بە سیاسەتی وزەیان بدات. باڵادەستیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی چین لە ئاسیای ناوەڕاستدا، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا دژ یەکە. لەڕوانگەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە، دەرچوون لەژێر پشتبەستن بە ڕووسیا و هەمەجۆرکردنی لایەنە دەرەکییەکان جێگەی دڵخۆشییە. هەرچەندە ڕووسیا خاوەنی ڕێکخراوی هەرێمیی وەک کۆمەڵگەی دەوڵەتە سەربەخۆکان، یەکێتیی گومرگ و یەکێتیی ئابووریی ئۆراسیایە، بەڵام ڕێگریکردن لە زیادبوونی کاریگەریی چین لە ناوچەکەدا ئەستەم دەبێت. لەساڵی ٢٠١٣، دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا لە کازاخستان ڕاگەیەندرا. ئەم ناوچەیە کە بە خاڵی سەرەکیی دەستپێشخەرییەکە دادەنرێت، بەهۆی نزیکیی جوگرافییەوە لە چین، بووە هۆی ئەوەی لە سەردەمی کۆڤید-١٩دا وەبەرهێنانێکی زیاتر ڕووی تێبکات[١٢٩].

ئاسیای ناوەڕاست، جگە لەوەی وزەی پێویست بۆ چین دابین دەکات، لە ڕووی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی چینیشەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی، زۆریی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا و نائارامیی سیاسی لە ناوچەکە، وەک ئەو هۆکارانە سەیر دەکرێن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی چین دەبێت.

دەرئەنجام

127- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 84.

128- International Trade Centre (ITC). "Trade Map: China's imports of Mineral fuels, mineral oils and products of their distillation (Product 27) from Central Asian Republics (2016-2024)." https://www.trademap.org. (Accessed 21 February 2026).

129- Gizem Ay Şeker, "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi", 93.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

چین، لە دوای ساڵانی ١٩٧٠ەوە، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی چاکسازیی نیولیبراڵ، گەشەسەندنی ئابووریی خۆی بەردەوام زیاد کردووە و بووەتە دووەم گەورەترین ئابووریی جیهان. بەردەوامیی هەنگاوەکانی گەشەپێدانی ئابووریی خێرای چین وایکردووە کە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و دابینکردنی ئاسایشی دابینکردنی وزە، ببێتە بابەتێکی گرنگتر و هەستیارتر. پێشبینی دەکرێت چین بۆ دابینکردنی ئاسایشی دابینکردن و داواکاریی وزە، بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی دیپلۆماسیی وزەی نێودەوڵەتیی خۆی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئامانجیەتی بە دوورکەوتنەوە لە ململانێکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و گرتنەبەری هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانە، ئاسایشی دابینکردنی وزەی خۆی مسۆگەر بکات و لەڕێگەی وەبەرهێنانی بەرفراوان لە ژێرخاندا، ئاسایشی داواکاریی وزە دابینبکات.
تیۆری نیولیبراڵ، وەک لە چوارچێوەی بیردۆزیی ئەم کارەدا ئاماژەی پێکراوە، داوای ئەوە دەکات کە دەوڵەتان واز لە سیفەتی باڵادەستیی خۆیان بهێنن، ڕۆڵیان لە ئابووریدا کەم بکرێتەوە، سیستەمی بازاڕ بەهێز بکرێت، بەربەستەکانی بەردەم بازرگانیی دەرەکی لابرێن، کەرتی تایبەت ببێتە پێشەوە و هاوکاری هەبێت. سیاسەتەکانی چاکسازیی دێنگ شیاوپینگ لەساڵی ١٩٧٨دا، بەتەواوی نیشانەی تێپەڕبوون بوو بۆ جیهانی نیولیبراڵ. چین، بەو گۆڕانکارییەی کە دەستپێکرد، وێنەیەکی وای کێشا کە تێیدا جەختی لەسەر لەپێشینەیی میکانیزمی نرخ، دەستپێشخەریی ئازاد، ڕێکخستنی سیستەمی کێبڕکێ و وێنەی دەوڵەتێکی بەهێزی بێلایەن دەکردەوە. بەم جوڵانەوەی چاکسازییە، جوڵانەوەی بەرفراوانی نوێگەری لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، پەروەردە و زانست، و بەرگریدا دەستپێکرد. ڕوو لە نرخاندنی بازاڕ کرا، و حکومەتە خۆجێیەکان بەهێزکران بۆ ئەوەی بگەنە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. بەڵام ئەوەی کە جوڵانەوەکانی چاکسازی لەژێر چاودێریی دەوڵەتی چیندا بوون، سەرمایەداریی دەوڵەتیی پەرەپێدا.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستی بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ستراتیژییەکانی سیاسەتی نیولیبراڵیی کۆماری میللی چین لە پەیوەندی بە ئاسایشی وزە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا. لە ڕێگەی شیکردنەوەی چوارچێوە تیۆرییەکان، تاوتوێکردنی دۆکیومێنتە فەرمییەکان، و لێکدانەوەی داتا و ئامارە بەردەستەکانەوە، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگ کە ڕووناکی دەخەنە سەر ماهیەتی، ئامانجەکان، ڕەهەندو ئامرازەکانی ئەم سیاسەتە. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، چەند دەرئەنجامێکی سەرەکی بەدەستهات کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:
**یەکەم: گونجاوی تیۆریی نیولیبڕالیزم بۆ شیکاری سیاسەتەکانی چین:** توێژینەوەکە دەریخست کە تیۆریی نیولیبڕالیزم چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژییەکانی ئاسایشی وزەی چین، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی و لەگەڵ چەند جیاوازییەکدا. چین، سەرەڕای پێبەندبوونی بە بنەماکانی ڕەسەنی نیولیبڕالیزم وەک بازاڕی ئازاد و هاریکاریی دوولایەنە، هەڵسوکەوتێکی "نیولیبڕاڵی-دەوڵەتی" پێشان داوە کە تێیدا دەوڵەت هێشتا ڕۆڵێکی ستراتیژی و ڕێبەرایەتی بەهێز دەگێڕێت. بەمانایەکی تر ، چین جۆرێکی تایبەت لە تیۆری نیولیبڕالیزمی پەیڕەو کردووە کە تێیدا ئامرازەکانی بازاڕ (وەک کێبڕکێ و وەبەرهێنان) بەکاردێنێت، بەڵام لەژێر ڕێبەرایەتی و چاودێرییەکی توندی دەوڵەتدا. ئەم مۆدێلە وا دەکات چین بتوانێت لە یەک کاتدا هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتی پەرەپێبدات و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتیش لە بواری وزەدا بپارێزێت.
**دووەم: گۆڕانی تێگەیشتن لە ئاسایشی وزە :**چین ئاسایشی وزە تەنها لە کڕینی نەوت و گازدا نابینێت، بەڵکو گۆڕپیوەتی بۆ تێڕوانینێکی فرەڕەهەند کە جەخت لەسەر "خاوەنداریتیی سەرچاوەکان"، "ئاسایشی ڕێڕەوە وشکانییەکان" و "هەمەجۆرکردنی جوگرافیای دابینکردن" دەکاتەوە. ئەمەش نیشانەی تێپەڕبوونی چینە لە کڕیارێکی سادەوە بۆ ئەکتەرێکی کاریگەر لە زنجیرەی بەرهەمهێنانی وزەی جیهانیدا.
**سێیەم: ئاسیای ناوەڕاست وەک جێگرەوەیەکی ستراتیژی :**توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە گرنگیی ئاسیای ناوەڕاست بۆ چین لەوەدایە کە ڕێڕەوە وشکانییەکانی ئەم ناوچەیە وەک جێگرەوەیەک بۆ گەرووە دەریاییە مەترسیدارەکان (وەک مەلەکا) دەبینرێن. ئەم ناوچەیە بۆ چین تەنها سەرچاوەی وزە نییە، بەڵکو دەروویەکی ئەمنییە بۆ کەمکردنەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکان.
**چوارەم: ستراتیژیی "قەرز بەرامبەر بە وزە :**"چین لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە ژێرخان و پێدانی قەرزی درێژخایەن بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، جۆرێک لە "پێوەبەستراویی ئاڵۆز"ی دروست کردووە. ئەم سیاسەتە وای کردووە وڵاتانی

ناوچەکە لە ڕووی ئابوورییەوە بەستراوەی چین بن، ئەمەش بۆ درێژخایەن ئاسایشی دابینکردنی وزە بۆ پیشەسازییەکانی چین مسۆگەر دەکات.

**پێنجەم: یەکگرتنی ڕۆڵی سیاسی و ئابووری :**توێژینەوەکە دەریخست کە کۆمپانیا نیشتمانییەکانی وزەی چین (SOEs) تەنها وەک ئەکتەری بازرگانی کار ناکەن، بەڵکو قۆڵی جێبەجێکاری دیپلۆماسیی وزەی دەوڵەتن. هەماهەنگیی نێوان ئەم کۆمپانیایانە و بانکە دەوڵەتییەکان، وای کردووە چین خاوەنی هێزێکی ڕکابەری بێوێنە بێت لە بەرامبەر کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکاندا لە ناوچەکەدا.

**شەشەم: هاوسەنگیی هێز و نفوزی هەرێمی :**ئامادەبوونی چینی لە ئاسیای ناوەڕاست بووەتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێز؛ بە جۆرێک چین توانیویەتی لە ڕێگەی "هێزی نەرم" و وەبەرهێنانی ئابوورییەوە، پێگەی خۆی لە بەرامبەر ڕووسیا و ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ململانێی سەربازیی ڕاستەوخۆ ببات.

بە کورتی، توێژینەوەکە دەریخست کە چین لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بنەماکانی نیولیبراڵیزم و هەژموونی دەوڵەت، توانیویەتی ئاسیای ناوەڕاست بکاتە ناوچەیەکی ستراتیژی بۆ مسۆگەرکردنی وزەی پێویست بۆ گەشەپێدانی ئابووریی خۆی لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان(English Sources)

#### أ. کتێبەکان:(Books)


- Birch, Kean, and Vlad Mykhnenko. *The Rise and Fall of Neoliberalism: The Collapse of an Economic Order?* London: Zed Books, 2010.
- Chomsky, Noam. *Profit Over People: Neoliberalismus und Globale Weltordnung*. Hamburg: Europe Verlag, 2000.
- Downs, Erica. *China's Energy Security*. Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2006.
- Harvey, David. *A Brief History of Neoliberalism*. Oxford: Oxford University Press, 2005.
- Keohane, Robert O. *After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy*. Princeton: Princeton University Press, 1984.
- Keohane, Robert O., and Joseph S. Nye. *Power and Interdependence*. 4th ed. Boston: Longman, 2011.
- Kleveman, Lutz. *The New Great Game: Blood and Oil in Central Asia*. New York: Atlantic Monthly Press, 2003.
- Lanteigne, Marc. *Chinese Foreign Policy: An Introduction*. 4th ed. London: Routledge, 2020.
- Meidan, Michal. *The Structure of China's Oil Industry: Past, Present and Future*. Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2016.
- Meidan, Michal. *The Evolution of China's Energy Institutions and State-Owned Enterprises*. Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2024.



- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

- Meidan, Michal. *China’s Energy Transition: After the 2025 Landmark*. Oxford: Oxford Institute for Energy Studies, 2025.
- Nye, Joseph S. *Soft Power: The Means to Success in World Politics*. New York: PublicAffairs, 2004.
- Nye, Joseph S. *The Future of Power*. New York: PublicAffairs, 2011.
- Pardesi, Manjeet Singh, et al. *Energy and Security: The Geopolitics of Energy in the Asia-Pacific*. Singapore: Nanyang Technological University, 2006.
- Plehwe, Dieter. *The Road from Mont Pèlerin: The Making of the Neoliberal Thought Collective*. Cambridge, MA: Harvard University Press, 2009.
- Steger, Manfred B., and Ravi K. Roy. *Neoliberalism: A Very Short Introduction*. Oxford: Oxford University Press, 2010.
- Tonnesson, Stein, and Ashild Kolas. *Energy Security in Asia: China, India, Oil and Peace*. Oslo: International Peace Research Institute (PRIO), 2006.
- Umbach, Frank. "German Debates on Energy Security." In *Energy Security Visions from Asia and Europe*, edited by Antonio Marquina, 1–25. New York: Palgrave Macmillan, 2008.

**ب. گۆڤارە زانستییەکان و وتارەکان:(Journals & Articles)**

- Chester, Lynne. "Does the Polysemic Nature of Energy Security Make it a ‘Wicked’ Problem?" *World Academy of Science, Engineering and Technology* 54 (2009): 1106–1108.
- Keohane, Robert O. "International Institutions: Can Interdependence Work?" *Foreign Policy*, no. 110 (1998): 82–94.
- Mackinder, Halford J. "The Geographical Pivot of History." *The Geographical Journal* 23, no. 4 (1904): 421–437.
- Pultz, Christopher B. "The PLA and China’s Changing Security Environment." *Strategic Insight* 2, no. 1 (2003): 1–4.
- Reber, Michael F. "Distributive Justice and Free Market Economics: A Eudaimonistic Perspective." *Libertarian Paper* 29, no. 2 (2010): 1–11.
- Xu, Yi-Chong. "China’s Energy Security." *Australian Journal of International Affairs* 60, no. 2 (2006): 265–286.
- Yergin, Daniel. "Ensuring Energy Security." *Foreign Affairs* 85, no. 2 (2006): 69–82.

**ج. نامە ئەکادیمییەکان و توێژینەوەکان:(Theses & Working Papers)**

- Constantin, Christian. "China’s Conception of Energy Security: Sources and International Impacts." Working Paper No. 43, March 2005.
- Downs, Erica S. "Energy Security Series: China." The Brookings Foreign Policy Studies, Brookings Institution, December 2006.
- Thorsen, Einar D. "The Politics of Freedom: A Study of Neoliberalism." PhD diss., University of Oslo, 2011.
- Winzer, Christian. "Conceptualizing Energy Security." EPRG Working Paper in Economics, University of Cambridge, 2011.
- Xencheng, Liu. "China’s Energy Security and Its Grand Strategy." The Stanley Foundation Policy Analysis Briefs, September 2006.
- Zhang, Jianxin. "Oil Security Reshapes China’s Foreign Policy." Working Paper No. 9, Center on China's Transnational Relations, The Hong Kong University of Science and Technology, 2006.

**د. ڕاپۆرت و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:(Reports & Online Sources)**

- Ardelean, M., Minnebo, P. and Gerbelova, H., Optimal Paths for Electricity Interconnections between Central Asia and Europe, EUR 30156 EN, Publications Office of the European Union, Luxembourg, 2020, ISBN 978-92-76-17603-9, doi:10.2760/95740, JRC119698. https://dx.doi.org/10.2760/95740
- BP. *Energy Outlook 2018*. London: BP, 2018. Available at: https://shorturl.at/3TCNb (accessed February 19, 2026).
- China Power Team. "How is China’s Energy Security Changing?" ChinaPower Project, Center for Strategic and International Studies (CSIS). Updated August 2024. Available at: https://chinapower.csis.org/energy-security/ (accessed March 28, 2026).
- International Energy Agency (IEA). *World Energy Outlook 2020*. Paris: IEA, 2020. Available at: https://shorturl.at/ZCr7q (accessed February 19, 2026).
- International Trade Centre (ITC). "Trade Map: China's imports of Mineral fuels (Product 27) from Central Asian Republics (2016-2024)." Available at: https://www.trademap.org (accessed February 21, 2026).
- "New Air Bases, Baby Cabbage Key to Chinese Long-Term Claims in South China Sea." Available at: https://shorturl.at/9dd0i (accessed February 19, 2026).
- Office of the Secretary of Defense. *Military and Security Developments Involving the People’s Republic of China: Annual Report to Congress*. Washington, DC: Department of Defense, 2023. Available at: https://shorturl.at/F0lUG (accessed March 28, 2026).

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq** **Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

- Powell, Lydia, Akhilesh Sati, and Vinod Kumar Tomar. "New Energy Dominance: America Versus China." Observer Research Foundation (ORF), April 12, 2023. Available at: https://shorturl.at/xmkqg (accessed March 28, 2026).
- United Nations Development Programme (UNDP). *China's 14th Five-Year Plan*. New York: UNDP, 2021. Available at: https://www.undp.org/china/publications/issue-brief-chinas-14th-five-year-plan (accessed February 19, 2026).
- U.S. Energy Information Administration (EIA). "Caspian Sea Region: Analysis Brief." Available at: https://shorturl.at/iaBUn (accessed March 29, 2026).
- U.S. Energy Information Administration (EIA). "China: International Energy Analysis - Country Analysis Brief." Updated 2024. Available at: https://www.eia.gov/international/analysis/country/CHN (accessed March 29, 2026).
- U.S. Energy Information Administration (EIA). "International Energy Outlook 2023." October 2023. Available at: https://www.eia.gov/outlooks/ieo/ (accessed March 29, 2026).
- U.S. Energy Information Administration (EIA). "The Strait of Hormuz is the World's Most Important Oil Chokepoint." Today in Energy, 2023. Available at: https://shorturl.at/7qYBX (accessed March 28, 2026).
- Wang, Christoph Nedopil. *China Belt and Road Initiative (BRI) Investment Report H1 2021*. Shanghai: Green Finance & Development Center, FISF Fudan University, 2021. Available at: https://shorturl.at/58jiJ (accessed February 19, 2026).

**دووەم: سەرچاوە تورکییەکان(Turkish Sources)**

**أ. کتێبەکان:(Books)**

- Ekrem, Erkin. *Türk Cumhuriyetleri'nin Bağımsızlıklarının 20. Yılında Çin'in Orta Asya Politikaları*. Ankara: Ahmet Yesevi Üniversitesi, 2011.
- Jaques, Martin. *Çin Hükmettiğinde Dünyayı Neler Bekliyor?* Translated by Sami Oğuz. Ankara: Akılçelen Kitaplar, 2016.
- Kaya, İslam S. *Uluslararası Deniz Hukuku Çerçevesinde Doğu Akdeniz'deki Petrol ve Doğalgaz Kaynakları*. Ankara: Adalet Yayınevi, 2016.
- Pamir, Necdet. *Enerjinin İktidarı*. İstanbul: Hayykitap, 2015.
- Wu, Lei. *China's Oil Security: Problems and Strategies*. Beijing: China Social Sciences Press, 2003. (In Turkish context/cited via Turkish studies).

**ب. گۆڤارە زانستییەکان و وتارەکان:(Journals & Articles)**

- Akbaş, M. Emre. "Neoliberalizm, Küresel Enerji Sektörü ve Seçilmiş Ülkeler Bazında Elektrik Sektörü Özelleştirmeleri." *Social Sciences Research Journal* 8, no. 2 (2019): 20–40.
- Bourdieu, Pierre. "Sonsuz Kullanım Ütopyası." *Dünya Bülteni Araştırma Masası*, 2016.
- Duran, Hasan, and Nyambayar Purevsuren. "Güvenlik, Enerji ve Pazar Ekseninde Çin'in Orta Asya Politikası." *Dumlupınar Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi*, Afro-Avrasya Özel Sayısı (Aralık 2016): 280–295.
- İstikbal, Deniz. "Rejimin Meşruiyeti ve Enerji Güvenliği: Çin Komünist Partisinin Enerji Politikaları." *Uluslararası Ekonomi, İşletme ve Politika Dergisi* 3, no. 1 (2019): 51–68.
- Karaca, R. Kutay. "Çin'in Değişen Enerji Stratejisinin Dış Politikasına Etkileri (1990-2010)." *Uluslararası İlişkiler* 9, no. 33 (2012): 91–114.
- Karaca, R. Kutay, and Müge Yüce. "Çin'in Afrika Kriz Bölgelerindeki Dış Politikasının Analizi: Darfur ve Güney Sudan Örnekleri." *SİYASAL: Journal of Political Sciences* 29, no. 1 (2019): 1-20.
- Karaca, Ragıp K. "Çin Halk Cumhuriyeti'nin Dış Politikası'nda Orta Asya." In *Uluslararası Sistemde Orta Asya: Dış Politika ve Güvenlik*, edited by M. Turgut Demirtepe and Güner Özkan, 55-80. Ankara: Usak Yayınları, 2013.
- Köse, Güçlü. "Orta Asya (Türkistan) Enerji Meselesi: Enerji Potansiyeli ve Aktörler." *Uluslararası Sosyal Araştırmalar Dergisi* 13, no. 72 (2020): 255-270.
- Sevim, Cenk. "Küresel Enerji Jeopolitiği ve Enerji Güvenliği." *Yaşar Üniversitesi Dergisi* 7, no. 26 (2012): 4380-4400.
- Sevim, Cenk. "Petrol Rezervlerinin Zirve Noktasının Enerji Güvenliği Açısından Büyük Enerji Pazarları Üzerindeki Etkileri." *Güvenlik Stratejileri Dergisi* 6, no. 11 (2010): 50–70.
- Zhang, Jianxin. "Oil Security Strategy and China's Foreign Policy." *Journal of International Relations* (Shanghai International Studies University), no. 3 (2006): 12-18.

**ج. نامە ئەکادیمییەکان:(Theses)**

- Ay Şeker, Gizem. "Enerji Jeopolitiği Bağlamında Çin Halk Cumhuriyeti Dış Politikasının İncelenmesi." Yüksek Lisans Tezi, Millî Savunma Üniversitesi, 2022.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10390
- **Submission Date:** [15/1/2026], **Revised Date:** [15/4/2026], **Accepted Date:** [26/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

- Kılıç, Mine. "Soğuk Savaş Sonrası Doğu Akdeniz Enerji Güvenliği." (Thesis/Paper), 2021.
- Manaflı, Tural. "Uluslararası İlişkiler Teorilerinde Neoliberalizm’in Yeri ve Önemi." Yüksek Lisans Tezi, Bursa Uludağ Üniversitesi, 2021.
- Özkan, Hasan Görkem. "Çin Enerji Arz Güvenliğinin Uluslararası İlişkilerde Güç Geçiş Teorisi Çerçevesinde Analizi." Master's thesis, National Defense University (MSU), 2020.
- Şakı, Çağlar. "Büyük Güçler Politikasında Orta Asya Enerji Kaynakları: Jeopolitik Mücadele." Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi, 2018.

**سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان(Arabic Sources)**

**أ. کتێبەکان:(Books)**

- أحمد، تلميذ .*الصين والهند والولايات المتحدة الأمريكية: التنافس على موارد الطاقة* .أبو ظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، ٢٠٠٨.
- أوتكين، أناتولي .*الإستراتيجية الأمريكية للقرن واحد وعشرين* .ترجمة: أنور محمد إبراهيم ومحمد نصر الدين الجبالي. القاهرة: المشروع القومي للترجمة، ٢٠٠٥.
- السليم، محمد السيد .*التحولات العالمية والتنافس الدولي في آسيا الوسطى* .القاهرة: مركز الدراسات الآسيوية، جامعة القاهرة، ١٩٩٨.
- الشيخ، نورهان .*سياسة الطاقة الروسية وتأثيرها على التوازن الاستراتيجي العالمي* .القاهرة: المركز الدولي للدراسات المستقبلية، ٢٠٠٩.

**ب. گۆڤارە زانستییەکان:(Journals)**

- أبوعامود، محمد سعيد. "تحولات السياسية الأمريكية تجاه إيران وتركيا وروسيا ".*مجلة السياسة الدولية*، القاهرة، العدد ١٤٧ (يناير ٢٠٠٢).
- عبدالحميد، عاطف. "أبعاد الصراع على نفط آسيا الوسطى وبحر قزوين ".*مجلة السياسة الدولية*، القاهرة، العدد ١٦٤ (إبريل ٢٠٠٦).

**ج. نامە ئەکادیمییەکان:(Theses)**

- دندن، عبد القادر. "الإستراتيجية الصينية لأمن الطاقة وتأثيرها على الاستقرار في محيطها الإقليمي: آسيا الوسطى – جنوب آسيا - شرق وجنوب شرق آسيا." أطروحة دكتوراه، جامعة باتنة، الجزائر، ٢٠١٤.
- محزم، عبدالمالك. "البعد الإقليمي للسياسة الخارجية التركية في ظل المحيطات الأمنية الجديدة." رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الحاج لخضر، الجزائر، ٢٠٠٩.
- ناسي، لزهر. "الإستراتيجية الأمريكية في آسيا الوسطى وإنعكاساتها الإقليمية بعد أحداث ١١ سبتمبر." رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الحاج لخضر، الجزائر، ٢٠٠٩.
- وسو، ئارام احمد. "الصراع الإستراتيجي في أسيا الوسطى بعد انتهاء الحرب الباردة." رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الزعيم الأزهري، السودان، ٢٠١٦.